گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# گۆڤاری ئەلیکترۆنی
# سەکۆی هزر

## ژمارەی هەشتەم


خاوەن ئیمتیاز: دێرین کەمال چاوشین

سەرنووسەر: ئەحمەد ستار عەبدوڵا

بەرپرسی لێژنەی ئەدەبی: ئەحمەد زرار

بەرپرسی لێژنەی کۆمەڵناسی و دەروونزانی:

ڕێکان عەبدولڕەحمان

بەرپرسی لێژنەی بابەتە هەمەڕەنگەکان: دێرین کەمال چاوشین

هەڵەچن: ئەحمەد زرار

پێداچوونەوە:

ئەحمەد زرار، دێرین کەمال چاوشین، ئەحمەد ستار

بەشی هونەری و دیزاین: هەژار جەمال


ئەحمەد ستار
گۆران عوسمان
چرا یاسین
ئیدریس لاهووتی
ئیمان موحەممەد
ئەلەند موحەممەد
گوڵشەن دلێر
خەدیجە ئەسکەندەر
ئەحمەد موحەممەد
ئیبراهیم لێڤای
د. جەعفەر عومەر
سیڤەر موحەممەد
ڕێکان عەبدولڕەحمان





خەرمانان ٢٠٢٥

گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# پێرست

## بەرکوڵ

### ئەدەب-زمان

-دەروونشیکاریی کارەکتەر لە ڕۆمانی (خەونەکانی کەژاڵ)ی (جەلال قادر)دا.
-خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەزموونی شیعری تاهیر بەگی جاف.
-زمانی کوردی و ئاڵێنگاریەکانی لە داهاتوودا.

### دەروونزانی-کۆمەڵناسی

-بۆچی مرۆڤەکان پەنا دەبەنە بەر  مەرگی خۆیان و ئازیزانیان.
-نەخۆشییە دەروونییەکان لە منداڵاندا.
-کاتێ منداڵین چاوەکانمان پڕن لە خەون و ئاوات.
-خەم و ناڕەحەتی درێژخایەن.

### بابەتە هەمەڕەنگەکان

-گرینگی ناسین و گەڕانەوە بۆ هزری بیرمەندانی پێشوو.
-سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی(دۆناڵد ترامپ)دا.
-دژبەریی ڕاستیی هەڵوەشاوە نییە.
-بەربەستە کۆمەڵایەتیەکانی بەردەم ناسیۆناڵیزمی ڕزگاریخواز لەباشوری کوردستان.
-جەوهەری (بوون) لە هزری سیاسی هاوچەرخدا؛ مارتن هایدگەر وەك نمونە.
-نەخۆشی تای خوێنبەربوون.

# بەرکوڵ

ژمارەی هەشتەم

خەرمانان ٢٠٢٥

# بەرکوڵ

ڕاگەیاندن گرنگییەکی گەورەی هەیە وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هۆیەکی گرنگی پەیوەندییە مرۆییەکان، پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی، بەردەوام لە گەشەسەندنێکی خێرای وا بووە کە توانیوویەتی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژیانی مرۆییدا ڕوویداوە و ببێتە ئامرازێکی گرنگ و پێویستییەکی ڕۆژانەی ژیان.
ڕۆژنامەگەریی کوردی بەشێکە لە ڕۆژنامەگەریی جیهان و لێی جیا نابێتەوە، مێژووی پێشکەوتن و گەشەسەندنی لە ئەنجامی پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری لە کوردستاندا بووە. بە ڕاشکاویی دەتوانین بڵێین: ڕاگەیاندن یەکێک لە گرینگترین کەرەستەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا کە ئەگەر بێتوو بە شێوەیەکی جوان و دیموکراسییانە بەکار ببردرێ، ئەوە ڕۆژنامەگەری دەبێتە هۆی هاتنەکایەی وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن کۆمەڵگایەکی جوان.
ئەوە ناشارینەوە کە ئەرکی ڕۆژنامە ئاڕاستەکردنە، بۆیە کارێکی مەترسیدارە و پێویستی بە مرۆی ئازا و کۆڵنەدەر هەیە.
دەتوانم بڵێم: ئێستا ئەوانەی ڕۆژنامەش دەخوێننەوە سێ توێژن:
١- ئەوانەی بڕوایان بە هەموو ئەو شتانە هەیە کە ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە.
٢- ئەوانەی بڕوایان بەهیچ شتێک نییە ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە.
٣- ئەوانەی ورد دەبنەوە لە هەر دەق و نووسینێک کە دەیخوێننەوە.
توێژی یەکەم زۆرینەی توێژی ناو کۆمەڵگایە و لە زۆرینەی خەڵکی پێکدێت، بە مانایەکی تر زۆرینەی نەخوێندەوارن و لەسەر ئەوە ڕاهاتوون بیرکردنەوە بۆ کەسانی دیکە بەجێبهێڵن، گریمانەی ئەوە دەکەن کە هەر کەسێک هزری خۆی بخاتە گەڕ و بابەتێک بنووسێ و ڕاوبۆچوونی خۆی بۆ خەڵک بخاتە ڕوو ناشێت ئەو ڕاوبۆچوونانەی دەربڕێت تەنیا لە درک پێکردن و ئاگاداربوونی تەواوی پرسەکانەوە نەبێت. لێرەشدا ئەم توێژە خۆی لەسەر بیرکردنەوە ڕانەهێناوە و نێچیرێکی ئاسانی ئەو میدیا و ڕۆژنامەگەرییەیە، لەمڕۆشدا ئەو چینە خێرا دەکەوێتە ناو داوی ئەوانەی پرەنسیپە نانەتەوەییەکان بڵاو دەکەنەوە.
دووەمین توێژیش چەند کەسانێکی دۆگما و چەقبەستووی تێدایە کە دەکرێ بڵێین: پێشتر لە توێژی یەکەم بوونە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات وای لێ هاتووە بڕوای بە یەک پیت و وشە نییە. لەو قسانەی بە گوێدا دەدرێن و بەو شێوەیە سەیری میدیا و ڕۆژنامەکان دەکات وەک کاغەزگەل و میکانیزمێک بن تەنیا بۆ فریودانی خەڵکی و یاریکردن بە هەست و سۆزیان. ئەم توێژەش چاوەڕێی هیچ کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی لێ ناکرێت. هەرچی توێژی سێیەمە ئەوە لە ژمارەیەکی سنوورداری خوێنەر و هاوڵاتیان پێکدێت، کە بەهرەکانیان ڕێیان پێدەدات بە شێوەیەکی دروست بیربکەنەوە و لەو شتانە ورد بنەوە کە دەیانخوێننەوە. دەتوانم بڵێم: ئەم دابەشکارییە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕێنادات ئەم توێژە ڕۆشنبیرە پلە و پایە و کاریگەری لە دەزگا و پێکهاتەکانی حکومەتدا هەبێت لەچاو ئەوەی زۆرینەی نەزان و نەخوێندەوار هەیەتی کە لەژێر ڕکێفی ئاڕاستەی میدیا و ڕۆژنامەگەری و ئەو کاریگەریانە دایە کە زۆرجار لە هەستی نەتەوەییەوە دوورن.

**ئەحمەد ستار**



# ئەدەب - زمان

خەرمانان ٢٠٢٥

ژمارەی هەشتەم




# دەروونشیکاریی کارەکتەر لە ڕۆمانی (خەونەکانی کەژاڵ)ی (جەلالً قادر)دا

## پوختە

ڕەخنەی ئەدەبی وەك دەروازەیەكی ئەدەبیاتناسی و زانستێکی مرۆڤایەتی بۆ لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی لەسەر کۆمەڵێك میتۆدی تایبەت بەخۆی کارەکانی ڕایی دەکات . لەناو زانستی ڕەخنەی ئەدەبییشدا، ڕەخنەی دەروونی وەکو میتۆدێکی سەربەخۆ لەدوای لێکۆڵینەوەکانی (فرۆید)ەوە هاتە کایەوەو بنەماکانی خۆی لە شێوازی کاری ڕەخنەیی، لەبیرو بۆچوون و لێکدانەوەکانی ئەوەوە وەرگرت، کە هەوڵی داوە بەگوێرەی بنەماکانی شیکاری دەروونی تەوزیفی دیاردەی داهێنانی ئەدەبی بکات، بەپشت بەستن بە هزری پەیوەندی نێوان دەق و داهێنەر یان ئەدیب .

سەرباری ئەم کارە بناغەداڕێژەی (فرۆید) بۆ ئەم میتۆدە، مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەم میتۆدە سەرەتا و کۆتایی بە یەك ئاراستە کاریکردووە و گۆڕانکاری لە چۆنیەتی شێوازی کارە ڕەخنەییەکەیدا نەکراوە، بەڵکو دەکرێ جەخت لەوە بکەینەوە ، لێکۆڵینەوەکانی (فرۆید) لەبارەی دەقی ئەدەبیەوە تاڕادەیەك سنووردار بووە، بەڵام لەدوای خۆی قوتابییەکانی هەوڵیانداوە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك میتۆدەکەی ئەو جێبەجێ بکەن لەڕێگەی شیکردنەوەی نەستەوە.

لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی خستنەڕووی گرنگترین وێستگەکانی سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە نووسراوە، هەروەها وەڵامدانەوەی چەندین پرس، ئایا ئەم میتۆدە کێ هێنایە کایەوە؟ چۆن هاتەکایەوە؟ بنەما و ئاراستەکانی ناو ڕەخنەی دەروونشیکاریی چین؟ دواتریش لە بەشی پڕاکتیکی ئەم توێژینەوەیەشدا لە ڕێی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی (خەونەکانی کەژاڵ)ی (جەلال قادر)ەوە گرنگترین ڕوانگە دەروونییەکانی (فرۆید) و بەشێک لە بنەماکانی ئەم میتۆدەی لەسەر جێبەجێ دەکەین.

## پێشەکی

ئەدەب ئەو دنیایەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە دەروونی مرۆڤەوە، هۆکاری ئەم پەیوەندیدارییەش سیفەتی (جوانی)یە بە پلەی یەکەم، ئەم جوانیەش (چێژ) لەلای مرۆڤەکان دێنێتەکایەوە. (جوانی) نێو ئەدەب لە ڕاستی و ناڕاستی یان سوود و قازانج ناکۆڵێتەوە، بەڵکو کاریگەری دەبەخشێت و شۆڕدەبێتەوە بۆ ناخی مرۆڤ. ئەم کاریگەرییەی ئەدەب (ئەفلاتوون)ی هێنەیە گۆ و لە ناو فەلسەفەدا لێیکۆڵیەوە، (ئەرستۆ) تیۆری و ڕێککاری بۆ دانا. ڕۆمانسیزمەکانیش پەیوەستیانکرد و کردیانە کردەیەکەی دەروونی و تاکەکەسی. (فرۆید) میتۆدی لەسەر دامەزراند و بوو بە وێستگەیەك و لێکدانەوە لە سەرچاوەی ئەدەب بکرێت.

ڕەخنەی ئەدەبی لەناو دنیای ئەدەبدا، ڕاستە دوای لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی دێتە کایەوە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کارێکی داهێنەرانە نەبێت، بەڵکو بەسوودە و هۆکارە بۆ خولقاندنی دەقگەلێکی تر کە زۆرجار لە چاو دەقی لێکۆڵراو زۆر ئیستاتیکی تربووە.

ڕەخنەی ئەدەبی چەندین میتۆدی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبی، یەکێك لەوانە میتۆدی ڕەخنەی دەروونییە. ئەم میتۆدە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی دەروونیی داهێنەر دەکات، دواتر لەو کاریگەرییە دەروونییانە دەکۆڵێتەوە کە داهێنانەکە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەو سەرچاوە دەروونییانەی چین لە هاتنەکایەی ئەو داهێنانە دەکۆڵێتەوە، تەنانەت لەو کاردانەوانەی خوێنەریش دەکۆڵێتەوە لەکاتی خوێندنەوەدا.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دەروونشیکاریی کارەکتەر لە ڕۆمانی (خەونەکانی کەژاڵ)ی (جەلال قادر)دا) ڕاڤەکردن و خستنەڕووی لایەنی دەروونییە لە بەشێك لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە. میتۆدی لێکۆڵینەوەکە، میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکارییە لە ڕوانگەی (فرۆید)ەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم پێکهاتووە لە چەند ناونیشانێك وەکو: (ڕەخنەی دەروونشیکاریی و پەیوەندی بە ئەدەبەوە، ئاستەکانی دەروون لای فرۆید، کەسایەتی لە دیدی فرۆید و هەندێ بنەمای ڕەخنەی دەروونشیکاری لای فرۆید).

بەشی دووەم بەشێوەیەکی گشتی باسکردنی ڕەهەند و لایەنی دەروونییە لەلایەن بەشێك لە کارەکتەرەکانەوە. لە کۆتایشدا بێجگە لە لیستی سەرچاوەکان، چەند ئەنجامێکمان خستۆتەڕوو.



# بەشی یەکەم
# ڕەخنەی دەروونشیکاریی و پەیوەندی بە ئەدەبەوە

میتۆدی دەروونی یان ڕەخنەی دەروونشیکاری بەشێوەیەکی زانستی لەلایەن فرۆیدەوە دامەزرا و هەر خۆی ((ئەم زاراوەیەی لە ساڵی ١٨٩٦ داهێنا، ئەویش بە تێکهەڵکێشکردنی هەردوو وشەی (شیکردنەوە (شیکاری) و (دەروون)، بۆیە دەروونشیکاری بە مانا دەقاودەقەکەی واتە: شیکردنەوە و شیتەڵکردنی دەروون)) (ئاسۆن، ٢٠٢١، ٩١).
زانستی دەروون ئەو زانستەیە کار لە بواری ناخی مرۆڤ و لێکەوتەکانی ناوەوە لەگەڵ ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکات، بەڵام لەبەر هەمەلایەنی ئەم زانستە لەگەڵ بابەتەکانی تر وایکردووە هەر زانستێك لە زانستە مرۆڤایەتییەکان پەیوەندی بە دەروونەوە هەبێ، لەنێویاندا ئەگەر ئەدەب وەرگرین دەبینین ئەوا دەروونناسی زیاتر لێیانەوە نزیك دەبێتەوە و بەشێکی زۆری دەرخەری ناخی داهێنەرەکەیە و لەناو داهێنانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.
وەنەبێ (فرۆید) دامەزرێنەری میتۆدی دەروونی ئاگای لەم نزیکییەی ئەدەب نەبووبێ لەگەڵ دەروون‌دا، بەڵکو ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی ئاگایانە فرۆید و فرۆیدییەکان ((لە دوو جەمسەرەوە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانیان ئەنجام دەدەن، یەکەمیان دەق وەکو مانیفێستێکی دەروونی بەکاردەهێنن بۆ لێکۆڵینەوەی کەسێتی شاعیر. دووەمیان ڕوو لە کەسێتی شاعیر و لایەنە دەروونییەکەی دەکەن وەکو ئامرازێك بۆ لێکدانەوەی شیعرەکانی))(سعدون، ٢٠١٣ ، ل٣٥) یاخود فرۆید ((هەر لە سەرەتاوە بۆ دۆزینەوەی سایکۆلۆژییەکانی، پشتی بە ئەدەب بەستووە، لە ساڵی ١٨٩٧ەوە خوێندنەوەکانی بۆ "ئۆدیبی پاشا"ی سۆفۆکلیس و "هاملێت"ی شکسپیر گرێداوە.)) (ئەسوەد، ٢٠١١: ١١٥).
میتۆدی دەروونی، دەقی ئەدەبی بە حاڵەتێکی تایبەت دەبینێ و لەوێوە هەوڵی پەرەپێدانی زانستەکەی دەدات لە ڕێگای پەیوەندی نێوان دەق و خاوەنەکەی و ئەمە دەکاتە دەرچەیەك تا ڕاستەوخۆ بڕیار لەسەر دەروون و ڕەفتارەکانی نووسەرەکە بدات یاخود لەڕێی کارەکتەرەکانی (ڕۆمان یان چیرۆك) هەوڵی ناساندن و شرۆڤەکردنی دیاردە دەروونییەکان بدات.
هەرچەندە تیۆرەکەی فرۆید دەرکەوتە دەروونییەکان بۆ حاڵەتی خەونبینین دەگێڕێتەوە، بەڵام تاکە بوارێك گرێ بدات پێیانەوە بریتییە لە تێکستی ئەدەبی، ئەمەش دەکاتە بیانوویەك بۆ لێکدانەوەی دەروونی نووسەر یان ئەو کارەکتەرانەی نووسەر دروستی کردوون، ((لای فرۆید ئەو ململانێ نائیرادەییانەی پەرێشانی (نەخۆش) زیاتر دەکەن دەبنە بەردی بناغەی بابەتی ئەدەبی .. بەرهەمی ئەدەب دەربڕینی دەرەکی و دیاری زەینی ناخودئاگای داهێنەرەکەیتی)) (ئاسۆن، ٢٠٢١، ل ١٧٦) بە واتای تێکستی ئەدەبی لە دەروونێکی نەخۆشی پڕ پاڵەپەستۆ و پەشۆکاوی و نائارامییەوە هەڵدەقوڵێت، ئەمەش بەوشێوەیەی ئەدیب لە دۆخێکی ئاسایی دەردەچێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی نەستییەوە.
وەنەبێ لە ڕەخنەی دەروونیدا دەروونی نووسەر تەنیا بە دەروونێکی نەخۆش وەسفکرابێت، بەڵکو دواتر ((فرۆید بنەمای گشتی بۆ خوێندنەوەی دەروونیی ئەدەب دانا، لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنچینەیەدا تەقەڵای کرد، کە ڕاڤەیەکی دیاردەی داهێنانی هونەری بکات، لە ڕێگای بیرۆکەی باڵابوونی دەروونی لەلای داهێنەر)) (مەعروف، ٢٠١٢، لا ٤٤) کەواتە فرۆید تێگەیشت دەروونی نووسەر نەخۆش نییە، بەڵکو دەروونێکی باڵایە، ئەم باڵاییەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەدەب بێجگە لە کایەکەی خۆی نهێنی زۆر ورد لە زانستی دەروونیدا بەدیاردەخات، و تەنانەت دەگاتە ئەو ڕایەی کە شاعیران و نووسەران زیاتر لە فرۆید دەروونیان ناسیوە و توانیویانە بەشێوەیەکی لێزانانە دەروون لە خزمەت ئەدەبدا بەکاربهێنن.
هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، لە چەند ڕوویەکەوە پرۆسەی ئەدەب نزیك دەکەنەوە لە دەروون، ئەویش لە ژانری شیعردا (سۆز) و لە ژانری ڕۆمان یان چیرۆکدا (خەیاڵ)، لە هەردووکیانیشدا ئەدەب بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ئەو ئارەزووە چەپێندراوانەی نووسەر کە لەژیاندا هەیبووە، لایەنە شاراوەکانی لەڕووی دەروونناسییەوە زانای دەروونناسی لێکدانەوەی بۆ دەکات. تەنانەت تیۆرەکەی فرۆید زیاتر لەسەر دەقە ئەدەبییەکان بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە دیت و ((فرۆید ڕێگاخۆشکەربوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەدەب و دەروون لەسەر بنەمایەکی زانستی دارێژراو، کە وایکرد بۆ سەلماندنی بەشێکی زۆر لە بۆچوونەکانی سوود لە هەندێ ئەفسانە و بەرهەمی ئەدەبی بەناوبانگ لە نێو ئەدەبی جیهانیدا وەربگرێت و لە باوەشی ئەدەبدا قوتابخانەی دەروونشیکاری سەریهەڵدا بە چەمکەکانی وەکو نەرجیسی و سادیەکان و ماسۆشیەتەکان و گرێی ئۆدیب ، هەروەها بۆ گرێی ئەلکترا سوودی لە ئەفسانەی یۆنانی و بۆ باسی لایەنەکانی نەستی تاکەکەسی و شەرم و ترس و وزەی لیبدۆ و سێگۆشەی (ئەو id و من ego و منی باڵا super ego )ش سوودی لە ڕۆمانەکانی دۆستۆفسکی بینیوە.)) )حەسەن و حەمەغەریب،٢٠١٩، ٤٨)، کەواتە لێرەدا ئەوەی وای لە فرۆید کرد زیاتر ڕۆبچێتە نێو زانستی دەروونناسی ئەوا ئەدەب بوو، ئەدەب بەگوێرەی ئەو دنیایەی هەیەتی دەکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ زۆر بواری تری زانستە مرۆڤایەتییەکان و تەنانەت زانستەکانی تریش، یەکیش لەوانە بواری دەروونیی و دەروونناسییە.

# ئاستەکانی دەروون لای فرۆید
# فرۆید دەروونی مرۆڤ بۆ سێ ئاست دابەش دەکات:

فرۆید دەروونی مرۆڤ بۆ سێ ئاست دابەش دەکات:

١. ئاستی ئاگایی: ئەو ئاستەیە دەروونی مرۆڤ لە حاڵەتی ئاگایی دایە لە هەموو کاروبارەکانی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانە و ساتی تۆمارکردنی ڕووداوەکانە بۆ ئاستی پێش ئاگایی و دنیای نەست . لەم ئاستەدا ((مرۆڤ بەوپەڕی ئاگاییەوە کارو کردەوەکانی جێبەجێ دەکات و ڕاستەوخۆ بڕیاردەدات و پێویستی بە سەرخستنەوەی یادگارە کۆنەکان نییە)) (سلێوە ، ٢٠١٢: ١٥ )، واتە لەم ئاستەدا مرۆڤ کاروکردەوەکانی بەهۆی پاڵنەری دەروونی کەمتر پێویستە بۆ ڕاپەڕاندنی.

٢. ئاستی پێش ئاگایی: لەم ئاستەدا دەروون ئەو بەشەیە دەتوانێ پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر یان کەم هەموو ئەو ڕووداو و بیرەوەری و ئەزموون و زانیارییانە بێنێتەوە یادی خۆی کە لە ناو بیریدا پارێزراون هەموویان ڕەهەندێکی گەورەی دەروونییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. لەم ئاستەدا ((مرۆڤ لە ڕێی ئەم تۆمارکردنەوانە دەتوانێت باس لە ڕابردووی خۆی بکات و پەیوەستی بکاتەوە بە داهاتووی خۆی و لێکدانەوە بۆ ژیان بکات و زنجیرەی ڕووداو بەسەرهاتەکانی پێکەوە پەیوەست بکات)) (سلێوە، ٢٠١٢: ١٥).

٣. ئاستی نائاگایی: نائاگایی یان نەست، ئەو ئاستەیە کە مرۆڤ ناتوانێ پێی بگات جا هەرچەند بیربکاتەوە، بەڵکو ئەوەی ئەم ئاستە دێنێتە زەینی مرۆڤەوە ئەوا تەنیا لە ڕێگای خەون و تێکستە ئەدەبی و ئەدگارە هونەرییەکانەوە لەلایەن هونەرمەندەوە پێی دەگەن. نزیکی ئەدەب و دەروونناسی پەیوەستە بەم ئاستەوە. ئاستی ناگایی یاخود نەست ((بە سیستەمێك لە کۆئەندامی دەروونی دەوترێت کە لە کۆمەڵێك ناوەڕۆکی چەپێنراو پێکهاتووە و ڕۆڵی دیاری لە دینامیزمی چەپاندنی دیاردە دەروونی – سێکسییەکاندا هەیە)). (ئاسۆن، ٢٠٢١، لا: ١٠٢). کەواتە کارپێکەری ئەم ئاستە تەنیا حەزە خەفەکراوەکانی کەسەکەیە. نائاگایی مرۆڤ ڕاستەخۆ پەیوەندیدارە بە کەسایەتییەکانی هەر مرۆڤێکەوە (ئەو ، من و منی باڵا).

# کەسایەتی لە دیدی (فرۆید)ەوە

فرۆید دەروونی مرۆڤ بۆ سێ ئاست دابەش دەکات:

١. ئاستی ئاگایی: ئەو ئاستەیە دەروونی مرۆڤ لە حاڵەتی ئاگایی دایە لە هەموو کاروبارەکانی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانە و ساتی تۆمارکردنی ڕووداوەکانە بۆ ئاستی پێش ئاگایی و دنیای نەست . لەم ئاستەدا ((مرۆڤ بەوپەڕی ئاگاییەوە کارو کردەوەکانی جێبەجێ دەکات و ڕاستەوخۆ بڕیاردەدات و پێویستی بە سەرخستنەوەی یادگارە کۆنەکان نییە)) (سلێوە ، ٢٠١٢: ١٥ )، واتە لەم ئاستەدا مرۆڤ کاروکردەوەکانی بەهۆی پاڵنەری دەروونی کەمتر پێویستە بۆ ڕاپەڕاندنی.

٢. ئاستی پێش ئاگایی: لەم ئاستەدا دەروون ئەو بەشەیە دەتوانێ پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر یان کەم هەموو ئەو ڕووداو و بیرەوەری و ئەزموون و زانیارییانە بێنێتەوە یادی خۆی کە لە ناو بیریدا پارێزراون هەموویان ڕەهەندێکی گەورەی دەروونییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. لەم ئاستەدا ((مرۆڤ لە ڕێی ئەم تۆمارکردنەوانە دەتوانێت باس لە ڕابردووی خۆی بکات و پەیوەستی بکاتەوە بە داهاتووی خۆی و لێکدانەوە بۆ ژیان بکات و زنجیرەی ڕووداو بەسەرهاتەکانی پێکەوە پەیوەست بکات)) (سلێوە، ٢٠١٢: ١٥).

٣. ئاستی نائاگایی: نائاگایی یان نەست، ئەو ئاستەیە کە مرۆڤ ناتوانێ پێی بگات جا هەرچەند بیربکاتەوە، بەڵکو ئەوەی ئەم ئاستە دێنێتە زەینی مرۆڤەوە ئەوا تەنیا لە ڕێگای خەون و تێکستە ئەدەبی و ئەدگارە هونەرییەکانەوە لەلایەن هونەرمەندەوە پێی دەگەن. نزیکی ئەدەب و دەروونناسی پەیوەستە بەم ئاستەوە. ئاستی ناگایی یاخود نەست ((بە سیستەمێك لە کۆئەندامی دەروونی دەوترێت کە لە کۆمەڵێك ناوەڕۆکی چەپێنراو پێکهاتووە و ڕۆڵی دیاری لە دینامیزمی چەپاندنی دیاردە دەروونی – سێکسییەکاندا هەیە)). (ئاسۆن، ٢٠٢١، لا: ١٠٢). کەواتە کارپێکەری ئەم ئاستە تەنیا حەزە خەفەکراوەکانی کەسەکەیە. نائاگایی مرۆڤ ڕاستەخۆ پەیوەندیدارە بە کەسایەتییەکانی هەر مرۆڤێکەوە (ئەو ، من و منی باڵا).

## بنەماکانی ڕەخنەی دەروونی

١. خەون: یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەروونشیکاریی فرۆید ، کە هێندە گرنگە دەکرێت بڵێین بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤ هەر لەو کاتەی فام دەکاتەوە ژیانی لەسەر دادەمەزرێ، خەون ((بریتییە لە ئارەزووە بەدینەهاتووەکانی مرۆڤ، ئەو ئارەزووانەی کە قورسە وەك خۆیان بێنەدی... بە مانای فۆرماسیۆنێکی دەروونی دێت کە بەهۆی چالاکییەکانی نەستەوە دێتەبوون)) (سەرچاوەی پێشوو: ٩٤). کەواتە کاتێك کەسێك ئارەزوویەکی نایەتەدی بەوشێوەیەی کە خەیاڵی بۆ دەکات ئەوا تینوێتی و تاسەی نەهاتنەدی ئەو ئارەزووە دەچێتە نەستییەوە و لە ڕێگای خەونەوە خۆی دەنوێنێ، بە جۆرێك خەون ((دیوی دووەمی ئەم بوونەوەرەیە کە ناچارە وزە دەروونی و سێکسییەکەی خۆی لە دەرەوەی بێدارییەوە خەرجبکات)) (سەرچاوەی پێشوو: ٩٧)، کەواتە خەون دەرچەیەکی پێویستە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزووە بەدینەهاتووەکانی هەرکەسێك.
٢. داهێنانی ئەدەبی: لای فرۆید داهێنانی ئەدەبی یان هونەری گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی ناو ناخی داهێنەر یان نووسەرە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو حەزە خەفەکراوە سێکسیانەوە هەیە پەنگیان خواردۆتەوە لە ناو نەستی تاکی نووسەر یان هونەرمەندا.
داهێنانە ئەدەبییەکان بەرهەمی ئەو هەڵچوونە دەروونییانەی ئەدیبن، کە بە هۆی ئەو ڕووداوانەوە هەوێنی خۆیان گرتووە، لە قۆناغێکی دیاریکراوی وێستگەکانی ژیانیدا ڕوویداوە، ئەم ڕووداوەش بە درێژایی یان زۆربەی کاتەکانی داهاتووی نووسە کاریگەری خۆی لە هزرییدا جێدەهێڵێت. لەلایەکی ترەوە شتە ڕێپێنەدراوەکانی دەوروبەری نووسەر سەرچاوەی بارودۆخە دەروونییەکانین.
داهێنەر لە بواری هونەر و ئەدەب، بە کەسێك دەوترێت خاوەن توانایەکی وەهابێت بتوانێت بەرهەمێك بنووسێتەوە کە هەڵکێشراو بێت لە جوانی، کەواتە ((هونەرمەند کەسێکی ئەوەندە لە ڕادەبەدەر بەهەست و وردبینە، کە لە توانایدایە درك بە لایەنی شاراوەی هەموو ئەو توخمانە بکات، کە بنیاتی ئەو شتەی لێ پێکدێت لە بەرهەمێکی هونەریدا بیخوڵقێنێت)) (الجسمانی، ٢٠٠٠: ٤٥) لێرەدا بەگوێرەی ئەم بۆچوونە چ هونەرمەند یان ئەدیب ، کاتێك بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی دەخوڵقێنن یان کاتێك ڕەخنەگرێکی ئەدەبی دێت ئەوەندە بە جوانی لەنێو دەقێکی ئەدەبی شۆڕدەبێتەوە و درك بە هەموو ئەو پەیوەندیانە دەکات کە دەقەکەیان پێکهێناوەو یەك یەك شییان دەکاتەوە، ئەوا لێرەدا بێجگە لە ڕەخنەگر کەس ئەو لێهاتووییەی لێ بەدی ناکرێت ئەو وەسف و لێکدانەوە ناوازانە بکات.
لەلایەکی ترەوە کاری ڕەخنە لەلای فرۆید کاتێك لە دەقێك دەکۆڵێتەوە دوو ڕێگا دەگرێتەبەر:
أ/ دەق لە ڕەخنەی دەروونی کاتێك لێی دەکۆڵدرێتەوە، وەکو بەڵگەنامەیەکی زانیاری ڕووت لێی دەڕوانرێت و دەبێتە هۆی بڕیاردان لە بارەی دەروونی نووسەرەوە، ئەمەش بۆ ئەوە ((توێژینەوە لە دەقی ئەدەبی دەکات، بە ئامانجی ئاشکراکردنی ساتی داهێنان و سەرچاوەی داهێنان))(مەنتک، ٢٠١٨: ٨٤).
ب/ شێوازی نوێی ڕەخنە لەلای فرۆید، بریتی نییە لەوەی دەق بکاتە ئامرازێك بۆ شیکردنەوەی بارەکانی دەروونی نووسەر و هەموو لایەنە جوانییەکانی دەق پشتگوێ بخات ، بەڵکو واز لە نووسەر دەهێنێت و لەناو دەقە ئەدەبییەکان بەتایبەت (چیرۆك و ڕۆمان) لە ڕێی کارەکتەرە هونەرییەکانی ناو دەقەکە((ڕەخنەگرانی دەروونشیکار، ڕوویان کردە ڕاڤەکردنی ناوەوەی دەق ، پێیان وابوو دەق خاوەنی نائاگاییەکی تایبەت و جیاوازە لە ئاگایی نووسەرەکەی، هەروەها دەق لە بارەی خۆی دەدوێ.)) حەسەن و حەمەغەریب،٢٠١٩، ٥٦)، دەروونناس هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی بارە دەروونییەکانی کارەکتەر و جێبەجێکردنی زانستی دەروونی لەسەریان، لێرەشدا سەرباری دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەی مەسەلە دەروونییەکان ئەوا بەهاداری وگەورەیی بۆ دەقی ئەدەبی دەگێڕێتەوە، کە ئەدەب ئەوەندە مەزنە توانیویەتی زانستی دەروونناسی پەلکێشی دونیای خۆی بکات.

بەشی دووەم

دەروونشیکاریی کارەکتەر لە ڕۆمانی (خەونەکانی کەژاڵ)دا

ڕۆمانی (خەونەکانی کەژاڵ)، بەسەرهاتی کارەکتەری سەرەکی (کەژاڵ) ، لەلایەن کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (مامۆستا بەختیار)ەوە باس دەکرێت. هەڵبەت بەهۆی هەبوونی هەستێکی خەفەکراوی خۆشەویستی تێکەڵ بە سێکس لەلایەن (مامۆستا)وە بۆ (کەژاڵ) وای لە ڕۆمانەکە کردووە، هەموو ڕووداوەکان لەوبارەیەوە بچنە پێشەوە. ئێمە هەوڵدەدەین لەم بەشەدا ڕەهەندی دەروونیی کارەکتەرەکان بەپێی میتۆدی دەروونشیکاری فرۆید بدۆزینەوە.

## ١/ (مامۆستا بەختیار):

١ئەو بارە دەروونییانەی کەسایەتی (مامۆستا) لە چەند ڕەهەندێکەوە دەردەکەوێ لەوانە (ڕەشبینی، چەپاندنی سێکسی، تەنیایی، پەشێویی دەروونی و ..) لە خوارەوە یەك یەك تیشکیان دەخەینەسەر:

١- ڕەشبینی: ئەو دیاردە دەروونییە نالەبارە ((جۆرێکە لە جیهانبینی کە لەسەر بنەمای جوان نەکردنی ڕووی ڕاستەقینەی دونیا ئیشدەکات.)) (عەلی، ٢٠٢١ : ١١٦)، کە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەسەکە لە ئێستادا تیایەتی و ترسی بەردەوامی بەوشێوازە بۆ داهاتوو، کە دەکرێ بڵێین دژی خواستەکانی دەروونی کەسەکە و هەوڵدانەکانی ڕابردووی هاتۆتە کایەوە، ئەمەش وا لە کەسەکە دەکات بەشێوەیەکی نائومێدانە لە ژیان بڕوانێت و لە هەموو شتێکدا لایەنە نەرێنییەکان ببینێت و تارمایی بێئومێدی باڵی بەسەر تەواو یان زۆربەی تێڕوانینەکانیدا گرتووە.

لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا مامۆستا بەمجۆرە بۆ ژیان دەڕوانێت : ((تاوێك لە دیمەنی بەفری سەر لقی دارەکانی ڕوانی و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر وەرزی بەهاریش بێت، چیتر ناتوانێت لەسەر چیمەنی باخچەکان پشوویەك بدات")) (قادر، ٢٠٢٠: ٥). بێگومان وەرزی بەهار وەرزێکە ژیان سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە، هەموو مرۆڤێکی گەشبین یان ئاسایی دەتوانێ چەندین جوانی ببینێت، بەڵام ئەم تێڕوانینەی مامۆستا دەمانباتەوە بۆ جیهانێك کە چیتر هیچ شتێك جوان نییە، هیچ شتێك ئارامی بە دڵی مرۆڤ نادات.

دواتر هەر درێژە بەم هەستەی دەدات : ((لەو ڕۆژەوەی بەهۆش هاتەوە، یەك دووجار بە چاوی پڕ لە فرمێسکاوییەوە لە ئاوێنەدا ڕوخساری شێواوی بینیوە. ئێستا خەمی قاچەکانی نییە، بەڵام شوختی سەر ڕومەتی و دەم خوارییەکەی دڵتەنگی کردبوو. هیچ کەس لە دۆستانی وەك جاران سەردانی ناکەن، بەتایبەت چناری کچی و شیلانی هاوسەری.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٥). لێرەدا بەشێك لە هۆکاری ئەو شتانەمان بۆ دیاردەکات کە توشی ڕەشبینی کردووە لەوانە (نارێکی دەمووچاوی، کەمئەندامی و جیابوونەوە).

دواتر لەو گفتوگۆیەی مامۆستا و پەرستارەکە زۆر تێڕوانینی ڕەشبینانەمان لە قسەکانی مامۆستاوە بۆ دەردەکەوێت:

((پەرستارەکە کە هێشتا دڵتەڕ و ڕوخسارێکی گەشی هەبوو، هەردوو حەبەکەی دایە دەستی و پێیگوت:

-" لەمەودا دەبێت لەبەرچاومدا حەبەکانت بخۆیت. ماوەیەکە چاودێریت دەکەم و ئاگام لێیە حەبەکان ناخۆیت و بێئومێد بوویتە لە ژیان".

-"بۆ دەبێت بژیم، لە کاتێکدا جەستەم دارزابێت و نەتوانم ببمەوە ئەو ئینسانەی جاران؟"

-" تۆ هەر ئەو مرۆڤەی جارانیت، یەوەی ڕێی لێگرتووی پێیەکانتە، پزیشکەکان دەیانەوێت جارێکیتر قاچت بشکێننەوە و پلاتینی تێبکەن. ".

- "دڵم بەچی خۆشبێت، کەسم نەماوە ئەو کەسەی خۆشمویست کۆچی دوایی کرد، هاوسەرەکەم لێم دابڕا، ژیانم پڕ لە کێشە و دەردەسەرییە، من لەگەڵ هاوسەرەکەم ڕاستگۆ نەبووم، جوانییەکانم ناشیرین کرد".)) (سەرچاوەی پێشوو: ٦).

٢- حەزی سێکسی: سەرچاوەکەی چەپاندنە، کە چەپاندنیش ((بە واتا دەقاودەقەکەی، یەکێکە لە دەرەنجامە سەرەکییەکانی پاڵنەرەکان کە چارەنووسێکی ئاوایان گرتووەتە خۆیان، کە بە چارەنووسی سەرەکی پاڵنەری بزانین.))(ئاسۆن، ٢٠٢١: ٨٢) کەواتە هەموو ئەو حەز و خولیا خەفەکراوانەی کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای ڕوودانی کرداری خەفەکردن و، دواتر هەموو خەفەکردن و سەرکوتکردنی ئەو حەزە سێکسیانەی لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤ ڕوودەدەن، ئەوا دەچنە ناو نەست و نائاگایی مرۆڤەوە و لەوێوە لەڕێگای خەونەوە یان ئەو خەیاڵ و بیرۆکانەی بە بیری مرۆڤدا دێن دەردەکەون.

لێرەدا مامۆستا بەدرێژایی ڕۆمانەکە لەنێوان ئەو فەزایەدا دەژێت و بە حەزێکی زۆر و بەپەرۆشەوە هەستی خۆی بۆ (کەژاڵ) دەردەبڕێ. هەر لە سەرەتای ناسینی کەژاڵەوە بەمجۆرە وەسفی هەستی خۆی دەکات، کاتێك بۆ یەکەمجار چاوی بە کەژاڵ کەوتووە بە جلی بووکێنییەوە، کە لەو کاتەدا کەژاڵ هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕێیەکی مامۆستادا کردووە :

((ڕووم لە بووکەخان کرد و دەستەکانیم گووشی، لەگەڵ دەست بەرکەوتنی من و بووکێ تەزوویەکی کارەبایی چریکاندی بە جەستەماندا، کەژاڵ ختووکەیەك گرتی و چاوەکانی لێبڕیم، تەزووە کارەباییەکە ئەگەر بە ڕێککەوتیش بووبێت خۆشییەکی بە جەستەم بەخشی. هەردووکمان ڕاچڵەکین.

بوکێ پێڵووی چاوەکانی تروکاند و گوتی: "تۆ ساحری."
پیرۆزە ژیانی هاوسەرگیریتان، نەمزانی بوو کەرکووك کچی وەها جوانی تێدابێت")) (قادر، ٢٠٢٠: ٩)).
ئەو سیحرە نادیارەی مامۆستای کردووەتە ناو واقیعێکەوە هەمیشە حەز بە بینینی کەژاڵ و نزیکێتی لێیەوەو دەست خستنەناو دەست و باوەش و بەجوان بینینی دەکات ڕوون نییە بەتەواوی کام ڕووداوی ژیانی هەستێکی ئاوای سەرکوتی دنیای نادیاری دەروونی کردووە. ئەم هەستە سەرتاپا ژیانی مامۆستای داگیرکردووە، لەوانەیە پەیوەندی بەو ڕووداوەوە هەبێت لە تەمەنی گەنجیدا بەهۆی کچێکی گەڕەکەکەیانەوە بووبێت : ((کچێکی جوان هەبوو لە گەڕەکەکەمان گەنجەکانی شێت کردبوو. ناوی نەشمیل بوو. منیش یەکێ بووم لەو کوڕانە..)) سەرچاوەی پێشوو: ٤٧). یان ئەوەتا کەژاڵیش درکی بەو نهێنییە کردووە و ڕوو دەکاتە مامۆستا و دەڵێت : (( "مامۆستا شەرم مەکە، من دەزانم لە تەمەنی لاوێتیدا عاشق بوویتە.")) (سەرچاوەی پێشوو: ٤٥).
مامۆستا هەر لەو کاتەی بۆ یەکەمجار چاوی بە کەژاڵ کەوتووە لە نێو دنیای خەیاڵدا دەژێت، لە زۆر کات و شوێنی جیاواز جیاوازدا ئەو هەستە خەفەکراوەی تێدا زیندووبووەوە، ئەوە: ((کەژاڵ دەستی خستەوە ناو دەستم بۆ ئەوەی دووبارە هەست بە موچڕکەی خۆشی بکاتەوە. یاریم بە پەنجەکانی کرد و گوتم: من و تۆ دوو برادەری جوانین... "بەڵێ، منیش لەگەڵ تۆدا هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی دەکەم.."،)) (سەرچاوەی پێشوو: ٤٣)، یاریکردن بە دەستی کەژاڵ هەنگاوێکە بۆ دەرخستنی کەسایەتی (ئەو) لە دەروونی مامۆستادا، کە دونیای تاریکی حەزە سەرکوتکراوەکانی قۆناغێکی ژیانی مامۆستایە. لە هەموو ئەو جێیانەی خوارەوەدا لەنێو ڕۆمانەکە وەکو:
-((لە پاش سێ مانگ کەژاڵ زەنگی بۆ ماڵ لێدا و گوتی: "سبەینێ دەگەڕێمەوە، دەتوانن لە فڕۆکەخانەی مۆنتریال چاوەڕوانم بن". بەم هەواڵە من خۆشحاڵبووم)) سەرچاوەی پێشوو: ٤٩).
-((هەرچەندە کەژاڵ تەمەنی نزیك بە سی ساڵێك دەبوو، بەڵام هەر کە ئێمەی بینی وەك کچە هەرزەکارێك هەڵبەز هەڵبەز بەرەو ڕوومان هات و باوەشی گەرمی پێمان کرد. کاتێ باوەشی بەمندا کرد لە جیاتی ماچ، توند لە ئامێزم کرد و سێ چوار جار بۆنم کرد)) (سەرچاوەی پێشوو: ٥٠).
-((لەڕێگە بێدەنگی و ئارامییەك لە نێوان من و کەژاڵ هەبوو. لە دڵەوە ئارەزووم دەکرد دەستخەمە ناودەستی و وەسفی عەشقی بۆ بکەم، یان هیچ نەبوایە وەسفی هەڵەکانی ژیانم و گەمژەیی ڕابووردووم بگێڕمەوە. کەچی نازانم بۆ نەدەکرا کەسێك هەبێت گوێم بۆ ڕاگرێ و لەگەڵ تەواوبوونی گوتەکانم لە ئامێزم بگرێت و بلێ هەر تۆ بە تەنیا نیت. ژیان پڕە لە گورگ و دەبێت ئاگاداری خۆمان بین.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٥٧).
-((کەژاڵ چاوی لە چاوم بڕی، هەردووکمان بە بزەوە پێکەنین. درکمان بەوە کردبوو کە چیرۆکێکی یاداشت نەکراو و شاراوە هەیە و نەگێڕدراوەتەوە)) (سەرچاوەی پێشوو: ٩٧).
-(لە دڵەوە ئارەزووم دەکرد دەستێکم بە سووکانەکەوە بێت و دەستێکی ترم لە ناو دەستی ئەودابێت.)) (سەرچاوەی پێشوو: ١٠٢ - ١٠٣).

ئەگەر بە وردی لە هەموو ئەو پەرەگرافانەی سەرەوە وردبینەوە مامۆستا حەزێکی خۆشەویستی تێکەڵ بە سێکسی لەگەڵ کەژاڵدا هەیە. هەر تەنیا ئەوەندەش نا، بەڵکو عەشقی کەژاڵ بووەتە هۆی ئەوەی دونیا بەجۆرێکی تر ببینێ: ((هەرچەندە بیرم لە ژیانی ڕابردووم دەکردەوە کە بە خەونێکی ناخۆش دەچوو، بەڵام ماوەیەك دەبێت لەو خەونە بێداربوومەتەوە.. کاتێ من و کەژاڵ یەکتر دەبینین، کاتەکان خۆشتر و خێراتر تێدەپەڕێت)) (سەرچاوەی پێشوو: ٤٢ و ٧٧).

هەروەها لە پاڵ کەژاڵدا هەموو هەست و تێڕوانینەکانی بەرامبەر دونیا و دیاردەکان کامڵتر و تەواوتر دەبێت وەکو ئەوەتا ئامۆژگاری کەژاڵ دەکات لەو کاتەی بێزاری پێوەدیارە:
((بەپێچەوانەوە ئێستا تۆ ژیانێکی گەشت لەبەردەمدایە. لە گوڵفرۆشییەکە بەردەوامبە و کاتەکانی تر دابەش بکە بۆ خۆشییەکانی تر... داهاتووت پڕە لە گوڵ و گوڵزار، ئەی تۆ نەتگوت: دەمەوێت لەگەڵ گوڵەکانم بژیم. تۆ نەبوویت گوتت: دەبێت بزانم بۆچی لێرەم و دەبێت چیبکەم لە ژیان؟ .. بۆ تۆ ئەستێرەکان لە خزمەتتدان، هێز بەتۆ دەدەن، دەرگەی ژیانت بۆ دەکەنەوە. تۆ دەبێت فێربیت هەڵەکانت دووبارە نەکەیتەوە.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٨٨).

خۆشەویستی لە ناخی مامۆستادا وەها ڕۆچووبوو بەرامبەر کەژاڵ تەنانەت لە کاتی تووڕەبوونی کەژاڵیشدا بەجوانی وەسفی دەکات و تەنیا جوانی لێ بەدی دەکات: ((کەژاڵ قامکی کرد بە شانە و پرچی هەڵدایە دواوە، ڕووخساری گەش و ناوچەوانێکی ساف و بێگەردی وەك کاغەزێکی سپی دەرەوشایەوە، لێوە تەنکەکانی بزواند و کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی...هەرچەندە تووڕە و مۆن دیاربوو، وەلێ بۆ من شاجوانێك بوو لە تەنیشتمەوە دانیشت بوو.. کەژاڵ چاوڕەش و قەترانییەکەی لە چاوم بڕی، منیش لە شەرما زوو ڕووم وەرگێڕا.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٩٨ و ١٠٨).

لە زانستی دەروونی‌دا (پەیوەست بوون) یان (هۆگربوون) بە کەسێکەوە یەکێکە لە نەخۆشییە کوشندەکان، کاتێك مرۆڤ هەموو جوانییەکانی دەوروبەرو ژیان و ساتەکانی بەهۆی کەسێکەوە جوان دەبینێت. لەگەڵ ئەو کەسەدا دەبێتە مرۆڤێکی کامڵ و بەوپەڕی باشییەوە دەتوانێت هەستەکانی خۆی و جیهانبینییەکانی خۆی بگەیەنێت، وا دەکات ئەگەر ئەو کەسە لە ژیانیدا نەما یاخود پەیوەندی لەگەڵ پچڕا بکەوێتە دۆخێکی دەروونی وەها سەختەوە هەموو شتەکان پێچەوانە ببنەوە، لە گەشبینی بگۆڕێت بۆ ڕەشبینی و پەشێوی دەروون، کە هاوسەنگی ژیانی تێکبچێت.

٣. تەنیایی: بارێکی دەروونی و هەم کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامی کێشە و گرفتەکانی ژیانەوە تووشی مرۆڤ دەبێت، فەزایەکی نائومێدی و ئەندێشە خەماوی ئامێزە. مامۆستا پاش ئەوەی خێزانەکەی لەماڵ دەری دەکات بەهۆی ئەوەی هەر لەلای کەژاڵ ماوەتەوە ، یەکەم شەوی تەنیاییمان بۆ وەسف دەکات، ((شەوی یەکەم سەخت و دژوار بوو تا خەوم لێکەوت. هەروەك عاشقێکی گڕگرتوو. ئاگر لە دڵم بەربووبوو، ئەگەر فرمێسکەکانم نەبوایە ئاگری دڵم بەچی بکوژاندایەوە)) (سەرچاوەی پێشوو: ١١٨). ئەم هەستە وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە نامۆیی و هەستێکی ناخۆش بکات.
٤. پەشێویی دەروونی: ئەم هەستە سەرچاوەی مۆتەکەیە و بارێکی دەروونییە، مۆتەکەش: ((بریتییە لە خەونی ترسناك یان بێزارکەر، ئەو شتانەی لە خەوەکەدا دەبینرێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، بەڵام شتە باوەکان بریتیین لە ڕاونران یان کەوتن یان هەستکردن بە ونبوون یان ڕفاندن، هەروەها مۆتەکە دەبێتە هۆی هەستکردن بە چەند هەستێکی جیاوازی وەك: (تورەیی ، بێتاقەتی، تاوان، ترس و دڵەڕاوکێ))(سایتی زانیاری، ٢٠٢٤/٥/١٩). مامۆستا کاتێك دەگاتە ناو پاسێك بەهۆی بارە دەروونییە ئاڵۆزەکەیەوە تووشی مۆتەکەیەك دەبێت، ((پاسی ژمارە ٩٥ لەسەر کات گەیشتە وێستگەکە. لەگەڵ موسافرەکان یەك بەدوای یەکتر خێرا لە ترسی دڵۆپە باران خۆمان خزاندە ناو پاسەکەوە.. منی ماندوو، خەیاڵ بردمییەوە. چاوم نووقاند تا کەروێشکە خەوێکی بۆ بکەم، نازانم بۆ چەند چرکە یان خولەکێك چاوم لێکنابوو. لە پڕ پیرەمێردەك دەستی ڕاکێشام و بێداری کردمەوە، ئەوە چییە خەون دەبینیت؟ نیگەران و سەرلێشێواو بووم. گوتم: "بەڵێ خەونم دەبینی." ، "ببورە کە لە خەوتم کرد، بەڵام بە ڕاست و چەپ دەستت ڕادەوەشاند. تۆ باشیت پێویستیت بە یارمەتی هەیە؟" " نازانم خەونێکی ناخۆشم بینی. لە خەونما ئاگر لە ماڵم بەربوو، سەیر لەوەدابوو تەنیا کتێبەکانم دەسوتان")) (سەرچاوەی پێشوو: ٦٤).
٢/ کەژاڵ:
کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، سیفەتی دەروونیی ئەم کارەکتەرە بریتییە لە (نارسیزم، یان نێرگسییەت)، بەڵگەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو هەڵوێستانەی لە ژیانیدا، کە لەلایەکەوە بەرامبەر (مامۆستا) هەستی خۆشەویستی و دەروازەکانی هەستێکی فریودەری بۆ ڕەخساندبوو، لەلایەکی تریشەوە ئەو پەلەپەلییەی بوو بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، کە بەو تەمەنە کەمەی هەیبوو سێ جار شوویکردبوو دواتر شکستی لەو پرۆسەیە هێنابوو.
بێگومان گرفت و کێشەکانی کەژاڵ هەموو سەرەداوی ئەو خێرایی و پەلەپەلییەتی، هەموو ئەمانەش وابەستەی ڕەهەندی دەروونی (نێرگسیەت)ن، بێجگە لەمانەش دۆخە دەروونییەکانی تر وەکو (خۆشەویستی، نامۆیی ، ڕەشبینی، بەزەیی هاتنەوە بەخۆ..) لە کەسایەتی کەژاڵدا دەبینرێن.
١. نەرگسییەت: سەرچاوەی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی (نارسیس). چەند زاراوەیەکی وەکو (خودئەڤینی و خۆویستی ..) بۆ دانراوە، هە رچەندە نەرگسییەت (چەمکێکی زانستییە لای فرۆید و لە چەمکگەلی وەك خۆپەرستی و خودویستی ئاڵۆزترە. لەم چەمکەی فرۆیددا، مرۆڤ لەڕێی ئۆبێکتێکی دەرەکیشەوە دەتوانێت نارسیسزم بنوێنێت.)(ئاسۆن، ٢٠٢١: ١٤٧ و ١٤٨).
یەکەم مەسەلەی نێرگسییەتی کەژاڵ لەوکاتەوە دەرکەوت، کە کێشەی لەگەڵ کامەرانی هاوسەری یەکەمی هەبوو، بێگومان ئەو کامەرانەی لە دەرەوەی وڵات هاتبووەوەو لە شاری کەرکوك کەژاڵی خواستبوو. کەژاڵیش ئامانجی هەرەپێشینەی مەسەلەی ناسنامەی ئەوروپی بووە، بەڵام ئەوەی زیاتر ڕێگری دەکرد لە مەسەلەی بە فەرمی جیاوەبوون لە کامەران، دیپۆرتکردنی کەژاڵ بوو بۆ کەرکوك. پاش ئەوەی ئەم کێشەیەی بۆ مامۆستا گێڕایەوە، مامۆستا شۆخییەکی لەگەڵ کردبوو: ((کەژاڵ پەشۆکاوبوو ، تاڵی بسکی شۆڕبووەوە ناوچەوانی، بە لێوە تەنکەکەی فوویەکی لە پرچی کرد و گوتی:"مامۆستا ، واز لە شۆخیکردن بهێنە، هەر بە جدی، ئایە کامەران دەتوانێت دیپۆرتم بکات؟")) (سەرچاوەی پێشوو: ١٢).
٢. خۆشەویستی: حاڵەتێکی دەروونییە و ((چەمکێکی چەپێنراوە و هەڵگری دەسەڵاتێکی نەستەکی و ناخودئاگایە))(ئاسۆن، ٢٠٢١ ، ١٠٢)، کەواتە خۆشەویستی سەر بە کۆمەڵەی حەز و ویستە کپکراوەکانی دنیای نەست و کەسایەتی (ئەو)ە.

ئەو خۆشەویستییەی ئێمە باسی دەکەین، بریتییە لەو لایەنە نادیارەی (کەژاڵ) هەیەتی بۆ (مامۆستا) ، چونکە بەتەواوی ڕوون نییە ئەو خۆشەویستییە چ مانایەك دەگەیەنێت، کە لەلایەك لەکاتی خوازبێنی و شووکردن و لەلایەکی ترەوە لەکاتی تەڵاق و جیابوونەوە هەمیشە لەلایەن کەژاڵەوە دنیایەکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ مامۆستا ئاوەڵایە. بۆنمونە مامۆستا دەڵێت: ((کاتێ گەیشتینە بەردەم دەرگەی ژووری شیلانی هاوسەرم. دووبارە (کەژاڵ) لە باوەشی کردم .. کەژاڵ بەرەو ژوورەکەی خۆی لە ڕێڕەوەکە ڕۆیشت. لە دڵی خۆم گوتم: "ئەگەر ئاوڕم لێبداتەوە واتە هەستیم ورووژاندووە."..... پێش ئەوەی دەرگەکەی بکاتەوە، بە نیگایەك جەستەی وروژاندم.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٤٢)، ئایا ئەم هەست وروژاندنەی کەژاڵ چ مانایەك دەدات بەدەستەوە؟ ئایا لە دەروونێکی نەرگسییەتەوە خەریکە بە خۆشەویستی مامۆستاوە؟ یان هەر بەڕاستی مامۆستای خۆشدەوێت؟ ئەگەر مامۆستای خۆشبوێت شووکردنی دووەم و سێیەمی لە پای چی بوو؟

کەژاڵ لە هەموو بارودۆخێکدا خەریکە بە دووپاتکردنەوەی خۆشەویستی بۆ مامۆستا وەکو: ((لەگەڵ گڵۆپی ماشێنەکە، لە شوێنی خۆی جوڵا و بە ئاستەم پەنجەرەکەی تەنیشتی خۆی کردەوە، کزە باییێکی فێنك و سارد هاتە ژوور. ئینجا دەستی خستە بان شانم وەك ئافەرینێك. گوتی: "مامۆستا بەختیار."

"بەڵێ."

"من چیتر لە وەرزی زستان ناترسم".)) (سەرچاوەی پێشوو: ٥٨ و ٥٩) یاخود مامۆستا لە جێگایەکدا دەبێژێ: ((چەترەکەی بەدەستەوەبوو. ڕووانیە دەوروپشتی. لە پڕ منی بینی و گەشایەوە.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٦٩)، گەشانەوە تەنیا کەسی دڵدار لەکاتی دیتنی دلبەرەکەی ڕوودەدات.

خۆشەویستی مامۆستا بۆ کەژاڵ بەشێوەیەکی وەها ئاشکرا بوو کەژاڵ لەسەرێکەوە خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕی، لەسەرێکیشەوە مامۆستای وریا دەکردەوە کە خۆشەویستییەکی ناکامە و پێی دەگوت: ((مامۆستا توخودا دەست لەمن بەردە، من نامەوێت کەس بەو شێوەیەی تۆ خۆشیبوێم.")) (سەرچاوەی پێشوو: ٨٤). دەشکرێ بڵێین دنیای مامۆستا ئەوەندە پڕ چێژ بووە بۆ کەژاڵ کە ناچاربوو پێی بڵێ: ((مامۆستا، هەرکات لەگەڵ تۆ دەبم کامەرانی جەستەم دەپۆشێت.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٩١).

دنیای خۆشەویستی مامۆستا ئەوەندە مەزن بوو بۆ کەژاڵ، کەژاڵ زانیبێتی خۆشەویستی پیاوێکی بە ژن و منداڵ تاوانە یان نە، درکی بەوە کردبێ خێزانێك تێکدەدات یان نە، ئەو ناچاربووە لە کاتی خەم و مەینەتی بە باوەشی مامۆستا ئارام بێتەوە: ((لە دەرگەی ماڵی کەژاڵم دا.. کەژاڵ هێشتا نیگەرانی لە ڕووخساریدا دەبینرا. باوەشی پێمدا کرد.. )) (قادر، ٢٠٢٠: ٩٣)، و تێڕوانینی دەربارەی مامۆستا جیاوازە لە هەموو پیاوانی دونیا ((دەزانیت من حەزناکەم خزمەتی پیاوبکەم، بەڵام تۆ ڕێزت هەیە..)) (سەرچاوەی پێشوو: ٩٣).

٣. نامۆیی: حاڵەتێکی دەروونییە و مرۆڤ لەوکاتەدا کە ((تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت ، ئارامی ژیانی لێ تێکدەدات و لەناخەوە هەست بە جۆرە ئازارێکی دەروونی دەکات)) (سعید، ٢٠١٥: ٩١)، مرۆڤ لە کاتی نامۆییدا هەستەکانی دەکەونە حاڵەتی کاریگەرییەکی بێ پایان. کەژاڵ بە پاڵپشتی و پشتبەستن بە کامەران ڕوویکردە هەندەران و وڵاتی خۆی بەجێهێشت، بەڵام لە دەرەوەی وڵات کاتێك کامەران پشتی تێکرد و دواتریش ئەو بارودۆخانەی لە شووکردنی دووەم و سێیەم هاتنە پێشی، هەستی غەریبی و نامۆیی بەڕێژەیەکی زۆر لە ژیانی کەژاڵ ڕەنگی دایەوە وەکو :

(("مامۆستا دەزانی ئەم غەریبییە چی ناخۆشە؟

"دەمزانی دەیەوێت نهێنییەکانی دڵی بۆم هەڵڕێژێ."

"ئەم غەریبییە، ئەوەی ناخۆشە لە کەس و کاڕت دەبیت، چیتر برادەرەکانت وەك جاران نابینی. لەگەڵیان پێناکەنی و تێکەڵ بە خەمەکانیان نابی، چیتر نازانیت ئاخۆ ئەوان چۆنچۆنی بیر دەکەنەوە . دەترسم ڕۆژێك بگەڕێمەوە و برادەرەکانم نەناسمەوە.")) (سەرچاوەی پێشوو: ٨٧) ئەم نامۆییە بووەتە هۆی ئەوەی کەژاڵ بێئومێدبێت لە ژیان و وا بزانێ هیچ کەس ئەو ناناسێتەوە و کەس ئەوی ناوێت و هەموان پشتیان تێکردووە، ئەمەش وایلێدەکات کار بگاتە ئەو ڕادەیەی وابزانێت کە تەنیا گوڵەکان دڵنەوایی دەکەن: ((مامۆستا بەختیار لەم ژیانە تەنیا نەمام و گوڵەکان دڵنەواییم دەدەنەوە.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٨٨) سەرباری ئەمانەش هەست دەکات سەرتاپا ژیانی تێکچووە: ((مامۆستا هەستدەکەم مرۆڤێکی سەرلێشواوم. لەگەڵ هەڵبڕینی هەر هەنگاوێك هەڵەیەك دەکەم.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٨٨).

٤. ڕەشبینی: ئەو پێشهاتانەی هاتنە ناو ڕووداوەکانی ژیانی کەژاڵەوە، بێ بەشی نەکرد لە هەستی ڕەشبینی و نائومێدی و لەوێشەوە هاڕینی ڕۆژگار و کاریگەری لەسەر دڵ و دەروون و تەنانەت جەستەشی وەکو مامۆستا دەیگوت: ((کەژاڵ هەڵسایە سەرپێ و بەرەو دەستشۆرەکە ڕۆیشت، سەیرێکی لەشولاری و ڕێکردنەکەیم کرد، هەستمکرد لەبەر خەم و خەفەت چیتر ئەو کچە گورجوگۆڵ و ناسکەی جاران نەماوە. بەڵکو ببو بە خانمێکی ماندوو، بەمن بوایە هەر ئێستا لەگەڵ دەنگی مۆسیقایەك سەمام لەگەڵی بکردایە. چونکە دڵنیام مرۆڤ جگە لە خەم، نەبوونی سێکس و خۆشەویستی دەیچەمێنێتەوە.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٨٥).

ڕەشبینی کە حاڵەتە مرۆڤی ڕەشبین: ((هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵگادا ناگونجێ و  و درککردنی ئاستەنگ دەبێت و ناتوانێ ڕاستی و خەیاڵ لێك جودابکاتەوە))(سلێوە، ۲۰۱۲ : ۵۷)، کەژاڵ دەربارەی کێشەی لەگەڵ هاوسەری سێیەمی، لەگەڵ مامۆستا کەوتووەتە ئاخاوتن، سەرەتا مامۆستا دەڵێت:

((کەژاڵ هاتە ژوور و لەسەر مێزەکەم دانیشت. ئەم ئێوارەیە پەشۆکاو و خەمبار دیاربوو. پێمگوت: "چی بووە کچی باش؟"

"مامۆستا خەمی عەباس، وێرانی کردووم. هەڕەشەی لە باوکم کردووە."

"قەت باوەڕم نەدەکرد تۆ ئەوەندە گەمژە بیت، حەز بە کوڕێکی وابکەیت."

"ئێستا بۆم دەرکەتووە، ئیلهامی خوشکم هەموو نهێنییەکانی ژیانمی بۆ عەباس درکاندبوو")) (قادر، ۲۰۲۰: ۸۰)

وێرانبوونی کەژاڵ، تەسلیم بوونە بە هەموو پێشهاتەکانی ژیان و ڕەشبینترین حاڵەتی دەروونی مرۆڤە کە دەگاتە ئەوەی هەموو شتێك بداتە دەست قەدەر و دەست بە گریان بکات: ((کەژاڵ بە کلێنکسێك فرمێسکەکانی سڕی.)) (سەرچاوەی پێشوو: ۸۱) ، هەروەها بینینی داهاتوو بە ڕەشی ((بۆ من ئایندە کاتێکی کورت و خێرایە دەبێت ڕاوی بکەم بەخۆشی بەڕێی کەم. زۆربەی ڕەفیقەکانم ماڵئاواییان لە ژیان کردووە. کاتێ بیریان دەکەم و ڕوخساریان دێتە بەرچاوم. ژیانم لەبەرچاو دەکەوێت و لە خۆم پرسیار دەکەم، ئایا من بۆ ئەوە بەجێماوم خەمیان بۆ بخۆم.)) (سەرچاوەی پێشوو: ۸۸).

ئەگەر لە حاڵەتی ڕەشبینی مرۆڤ وردبینەوە پەیوەستە بە خەم و خەفەتی ڕۆژگار و نەبوونی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، مامۆستا دەڵێت: ((لە دوورەوە گوێم لە هەناسە و تەپەی پێ و ئازاری دڵی کەژاڵ بوو، هاواری دەکرد: ئەم دڵتەنگیە چییە. ئەم هەناسە کێشانە  بۆ وا سەختە. بۆ کەس گوێ لە کەس ناگرێ ؟)) (سەرچاوەی پێشوو: ۹۱) . درێژەی ئەم هەستە ڕەشبینییە هەموو هەستە نەرێنییەکانی تریش بەدوای خۆیدا دەهێنێت وەکو (تورەبوون ، بەزەیی هاتنەوە بەخۆ و نامۆیی و ..هتد) وەکو ((تەلەفۆنەکە داخرا، کەژاڵ لەو تورەییە سوور هەڵگەرابوو. دڵۆپە فرمێسك کەوتە سەر ڕوومەتی. دەستیم گوشی و دڵنەواییم دایەوە، بە قورگی پڕ لە گریان گوتی: "من بۆ زێڕەکان ناگریم، بۆ دایك و باوکم دەگریم، ئاخ ڕۆژگار دووری خستمەوە")) (سەرچاوەی پێشوو: ۹۰)

۳/ شیلان (هاوسەری مامۆستا)

لەبەرئەو بارودۆخەی مامۆستا و کەژاڵ، کەسایەتی شیلان لە ڕۆمانەکەدا تەنیا لە بازنەی (غیرە و تورەبوون) دەخولێتەوە.

۱. غیرە: هەستێکی ناخۆشە و لە ئەنجامی ئەوەوە سەرهەڵدەدات، کە ئەو کەسەی خۆشمان دەوێت، کەسێکی دیکە خەریك بێت داگیری بکات لە ڕێی خۆشەویستییەوە. لەو ڕۆژەوەی مامۆستای هاوسەری شیلان کەژاڵی بینی و عاشقی بوو، ئیتر غیرەی شیلان دەستیپێکرد، ئەوەتا لە یەکەم ڕۆژی ناسین و سوعبەتکردنی مامۆستا  لەگەڵ کەژاڵدا: ((شیلانی هاوسەرم بە ڕوو گرژییەوە گوتی: " نازانیت قسە بکەیت، ئەم جوانی جوانییەت لە چییە؟ با بۆ یادگاری وێنەیەك بگرین.")) (سەرچاوەی پێشوو: ۹).

۲. تورەبوون: حاڵەتێکی دەروونییە و مرۆڤ دەکەوێتە فەزایەکی نائارام و هەڵچوونی مرۆڤ دەگاتە لوتکە، هەڵچونیش ((حاڵەتێکی جەستەیی و دەروونی هەڵچووە، ئادەمیزاد لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە پێی تێکدەچێت و بارودۆخی دەشێوێت و شوێنەواری لەسەر دەردەکەوێت، هەڵچوون دەرناکەوێت تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە غەریزەیەك لە غەریزەکان لە حاڵەتی چالاکیدا بێت وەك ترس و تۆقاندن و تورەیی و شادی و دڵتەنگی و قێزەونکردنەوە و سەرسوڕمان و هەوەس))(الماضی، ۲۰۱۰: ۱۶۳). شیلان هەڵچوونەکانی لە غیرەوە سەرچاوەی گرتبوو: ((شیلان چەپکە گوڵەکەی (کەژاڵ بۆی ناردبوو) لەدەستم ڕاپچکاند و پەنجەرەی خواردنگەکەی کردەوە و فڕێیدایە دەرەوە.... "ئەو کچە سەرەخۆرەیە و شەرمیش ناکات بەم تەمەنە بچووکییەی سێ شووی کردووە، دوورنییە خۆی بە تۆش دا بدات".)) (سەرچاوەی پێشوو: ۷٤) .

حاڵەتەکانی دیارکەوتنی کەسایەتی شیلان هاوکاتە لەگەڵ تورەبوونەکانیدا، جارێك تریش پاش ئەوەی مامۆستا گەڕایەوە ماڵ کە زۆر لەلای کەژاڵ مابووەوە، مامۆستا لە ماڵ دەردەکات: ((بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی شیلانی هاوسەرم کرد و گوتم: "خێر؟" ... بە دەنگە ناخۆش و زیکە ژنانیەکەی هاواریکرد: " وس س س . هیچ قسە نەکەی. بارگەکەت کۆکەرەوە و لە کوێ بوویت بۆ ئەوێ بچۆ!" ... "من شێتم گەمژەم، تۆ لە جیاتی بچیت بۆ سەرکار، لەگەڵ کەژاڵ خان دەچیت بۆ سەیران"... بە دڵنیاییەوە بڕوام پێت نەماوە.)) (سەرچاوەی پێشوو: ۱۱٤).

/ پەرستارەکە (چاودێری مامۆستا لە نەخۆشخانە)

تاکە حاڵەتێك لەسەر پەرستارەکە بریتییە لە کردەی (چەپاندنی سێکسی) لە میانی گفتوگۆکانی لەبارەی حەزی شاراوەی سێکسی تێکەڵ بە خۆشەویستی لەگەڵ مامۆستاکەدا ڕووداوێکی ژیانی خۆی بۆ مامۆستا دەگێڕێتەوە و لە ڕێی گێڕانەوەکەیەوە هەمان ئەو هەڵچوونە دەروونییەی فرۆید ناوی ناوە (چەپاندن) لە کاردانەوەی پەرستارەکەدا دەردەکەوێت. لە کاتەکانی پێشتری تەمەنی پەرستارەکە کوڕێك بەناوی (سیمۆن) خۆشدەوێت دوای چەندین ساڵ بینینەوەی: ((سیمۆن باوکی سێ منداڵ بوو، منیش دایکی دوو منداڵ . هەردووکمان بڕیارماندا کە بۆ تەنیا شەوێکیش بێت ، دەبێت پێکەوە بنووین، لەگەڵ سیمۆن نووستم، هیچیش پەشیمان نیم". )) (قادر، ۲۰۲۰: ۷و۸)، هەم خۆشی دانی پیادەنێت کە چەندین ساڵە لە دەروونیدا دێت و دەچێ: ((مرۆڤ دەیان نهێنی شاراوەی هەیە و ناتوانێت بیاندرکێنێ. ئەگەر هاوسەرداریش بیت، لە کۆتاییدا لە ناخەوە لەسەر ئەم هەسارەیە بە تەنیا دەژین، بۆیە تۆ دەبێت لاپتۆپەکەت بگریتە دەست و بە گژ ئەم ژیانەدا بچیتەوە، ئەو نهێنیانە بنووسیتەوە کە مرۆڤ لێی دەترسێ بیاندرکێنێت")) (قادر: ۲۰۲۰: ۸).

## ئەنجامەکان

لە ڕۆمانی (خەونەکانی کەژاڵ)دا بەهۆی هەبوونی هەستی خەفەکراوی خۆشەویستی تێکەڵ بە سێکس لەلایەن کارەکتەری سەرەکی (مامۆستا بەختیار)ەوە بۆ (کەژاڵ) وای لە ڕۆمانەکە کردووە، داینەمۆی هەموو ڕووداوەکان بۆ ئەو هەستە بگەڕێتەوە، کە ئەم هەستەش یەکێکە لە بنەماکانی دەروونشیکاری، کە فرۆید لە کەسایەتییەکاندا تیشکدەخاتەسەری بەناوی کەسایەتی (ئەو).

کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە زۆربەیان هەڵگری بارێکی دەروونیین و (فرۆید) لە تیۆرەکەی ئاماژەی پێکردووە بێجگە لە (مامۆستا)، کارەکتەرە سەرەکییەکەی تر (کەژاڵ) خاوەنی چەند سیفەتێکی دەروونییە وەکو (نەرگسییەت، خۆشەویستی، نامۆیی و ڕەشبینی). هەروەها (شیلان) هاوسەری (مامۆستا)یش بارە دەروونییەکەی (غیرەکردن و تووڕەبوون)ە.

کارکردن لەسەر دەروونی کارەکتەرەکانی (ڕۆمان یان چیرۆک)، شکۆدانە بە بابەتی ئەدەبی، بەوەی زانستێکی وەکو دەروونناسی لەناو ئەدەبدا کارەکانی ڕایی دەکات، کە بەتەواوی هەردوو زانستەکە دەکەونە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا.

## سەرچاوەکان


کتێب:

١. قادر، جەلال (٢٠٢٠). خەونەکانی کەژاڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، هەولێر.

٢. ئاسۆن، پۆل لۆران ، و: وەلید عومەر (٢٠٢١). فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەلوەن، سلێمانی.

٣. مەعروف، کەمال (٢٠١٢) . تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٤. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١). فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٥. عەلی، بەختیار (٢٠٢١). وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەڵوەن، سلێمانی.

٦. الماضی، شکری عزیز ، و. سەردار ئەحمەد گەردی (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، چاپخانەی ماردین، چاپی یەکەم، هەولێر.

٧. مەنتک، حەمە (٢٠١٨). میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، تەفسیر، هەولێر.

٨. سەعدون، سامان عیزەدین (٢٠١٥)، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، چاپی یەکەم، غەزەلنووس، سلێمانی.

٩. الجسمانی، عبدالعلي (٢٠٠٠)، سیکولوجیة الابداع في الحیاة، طبعة٢، الدار العربیة للعلوم، بیروت.

نامەی ئەکادیمی:

١. هاوژین سلێوە. (٢٠١٢). ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، تێزی دکتۆرا.

گۆڤاری زانستی

١. حەسەن، مەولود ئیبراهیم ، حەمەغەریب، سازان جەوهەر. (٢٠١٩). شیکاری دەروونی دەقی ئەدەبی. قەڵای زانست، ژ ٢.

٢. سعید، نوزاد وقاص (٢٠١٥). ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی (بێکەس)دا . زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی ، ژ٥.

ئەنتەرنێت:

١. ناجی، سروشت (٢٠٢١). مۆتەکە. سایتی زانیاری، ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٤/٥/١٩
https://zaniary.com/blog/٦١٧f١٥١b٩٢e٢٠/%D٩%٨٥%DB%٨٦%D٨%AA%٩٥%A٩%DA%DB%٩٥



**گۆران عوسمان ئەحمەد**

# ئـــەی پـــەرتەوی ڕەنــگــت وەکوو ڕەنگی هەمەڕەنگە


تاهیر بەگی جاف

## خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەزموونی شیعری تاهیر بەگی جاف

## پوختە

مێژووی ئەدەب یەکێکە لە دەروازەکانی ئەدەبیاتناسی، کە لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە ئەو بەرهەم و دەقانە دەخاتەڕوو کە ڕۆڵیان هەبووە لە وەرچەرخانی باری ئەدەبی ئەو نەتەوەیە، لەگەڵ پێدانی زانیاری و خستنەڕووی باری ژینگە و زانیارییەکان دەربارەی ئەو شاعیرە یان ئەو ئەدیبە.

مێژووی ئەدەب بریتییە لەو زانستەی لە دنیای ئەدەبدا لە سەردەمی ڕۆمانسییەکان هاتەکایەوە، ، ئەو سەردەمەی مێژوو لە هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان تەکانێکی گەورەی دا لە کایەی مەعریفی مرۆڤایەتی ئەوکات، ئەویش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهێنانە گەورەی بیردۆزی داروین، کە سەردەمی شانازیکردنی مرۆڤ بە ڕابردووی خۆیەوەیە.

لە دوای ڕۆمانسییەکان و دوای ئەوەی مێژووی ئەدەب وەکو دەروازەیەکی گرنگی ئەدەب ناسێنرا، لەوە بەدواوە بەدرێژایی کاتەکان هەتا ئەمڕۆ ڕوانین لەوەی مێژووی ئەدەب چییە و چی ئەرکێکی هەیە لە گۆڕاندایە و پرسە گرنگەکانی وەکو ئایا مێژووی ئەدەب مێژووی ئەدیبانە یان مێژووی دەقە، مێژووی دەقیش بێت ئایا چ جۆرە دەقێك و خەسڵەتەکانی چ دەقێك دەچنە ناو خانەی مێژووی ئەدەبەوە؟ ئەم پرسە گرنگانە هیچیان گرنگ نەبوون تاکو دەگەینە سەردەمی بزوتنەوەی نوێخوازی و پاشنوێخوازی.

لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ باسکردنی ئەزموونی شیعری (تاهیربەگی جاف) هەوڵدەدەین، مێژووی ئەدەب لە ئەدەبی کوردی و چۆنییەتی ناساندن و تێگەیشتن لەبارەی مێژووی ئەدەب لە ڕوانینەکانی ئەدیبان و نووسەرانی کوردبخەینە بەرباس. کە ئایا مێژووی ئەدەب چییە؟ ئایا شاعیرانی کورد وەکو ئەوەی لە سەرچاوە لێکۆڵینەوەکان بەناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی یان مێژووی ئەدیبان یان مێژووی وێژەی کورد..) کراون زانستین و لێکۆڵینەکان هاوشێوەی لێکۆڵینەوە بیانییەکانە؟ ئەم پرسە و چەندان پرسی تری گرنگ لە بواری مێژووی ئەدەبی دەخەینەڕوو.

## پوختە

ئەدەب جیهانێکە لە ڕێگای وشەوە گوزارشت لە پرسەکانی ژیان و مرۆڤایەتی دەکات. بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ هەبووە و هەردەمێنێت، ئاوێنەی ڕوداوەکانی سەردەمی خۆیەتی، ئەرکی گواستنەوەی بیر و تێڕوانین و ئایدیا و هەڵویستەکانە دەربارەی کێشە و دیاردەکانی ڕۆژگار لەبواری (کلتووری و سیاسی و فەرهەنگی و ...) بە زمانێکی لێوانلێو لە ئیستاتیکا. ئەدەب وەکو بوارە جۆربەجۆرەکانی دیکەی ژیان، زانستێکی مرۆڤایەتییە و هەڵکێشراوی جوانییە و جوانی دەبەخشێتەوە. ڕوانینەکان بۆ بابەتی ئەدەب و هەوڵدان بۆ ناساندنی ئەوەی (ئەدەب چییە؟) ، (لە چی پێکهاتووە) و (چی شتێك ئەدەبە و چی شتێك ئەدەب نییە؟) بەدرێژایی سەردەمەکان لە ڕێگای ڕێبازە جۆربەجۆرەکان لێی دواون.

ئەدەب کایەیەکی ئەوەندە گرنگە وای لە ئەفلاتون کردووە، لە کۆمارەکەیدا بە بابەتێکی گرنگ لێی بڕوانێ و پرسی ئەدەب تێکەڵی بابەتە فەلسەفییەکان بکات و لەڕێیەوە گرنگترین بیرۆبۆچوونەکانی دەرببڕێ.
لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکە بۆ زیاتر قوڵبوونەوە لە ژیان و بەرهەمی شاعیری مەزن (تاهیربەگی جاف).
پەیکەری توێژینەوەکەمان لە چەند بەشێك پێکدێت بەم جۆرە: (پوختە ، پێشەکی ، پێشینەی توێژینەوە، ژیانی شاعیر، ئەزموونی شیعری شاعیر لە ڕوانگەیەکی نوێوە، ئەنجام و لیستی سەرچاوە).
ئامانجیش لەم توێژینەوەیەمان لەڕێی پێداچوونەوە بەو چەند کارەی کراوە، سەرەتایەك دەربارەی ئەم شاعیرە بناسێنین و خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ بکەین.

## پێشینەی توێژینەوە

مەبەست لە پێشینەی توێژینەوە، خستنەڕووی هەموو ئەو بڵاوکراوەو توێژینەوەو نوسراوانەیە کە بە درێژایی ئەم چەند ساڵانەی ڕابردوو، کە چی لەبارەی (تاهیر بەگی جاف)ەوە نووسراوە، ئایا ئەوانەی نووسراون دەربارەی ئەم شاعیرە خزمەتی بە بوارەکانی بەرەو پێشچوونی بارە زانستی و کلتووری و ئەدەبییەکەی شاعیر کردووە؟ ئایا توانراوە ئەم شاعیرە بناسرێ لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا؟ توانراوە تواناکانی لە بواری داهێنانی ئەدەبی بخرێتەڕوو؟ ئایا ئەو توێژینەوانە بە نەفەسێکی زانستی و ڕوانینێکی نوێ و تازە نووسراون؟ ئایا ئەوانەی نووسراون بە پێی بنەماکانی میتۆلۆژی جیهانییە؟ ئێمە هەستاوین بە بەیانکردنی ئەو سەرچاوانەی لەبارەی ئەم شاعیرەوە نووسراون، ئەوا لە خوارەوە یەک یەک تیشکییان دەخەینەسەر.
یەکەم: سەجادی، عەلائەدین (١٩٥٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، تاهیربەگ، چاپخانەی ئەلمەعاریف، چاپی یەکەم، بەغدا: ٤٧١.
نووسەر لەم کتێبەدا لە (١٥) لاپەڕەدا بە زمانێکی پەخشانئامێزی سەروادار بە وەسفەکانی دەربارەی تاهیر بەگ دەستپێدەکات، دواتر باسی ژیانی شاعیر دەکات لەم لایەنانەوە (ناو و نازناوی شیعری ، ساڵی لە دایکبوون، و مردن و کۆمەڵێك زانیاری ورد و درشت ) ، ئەمجا چەند نموونەیەکی شیعری بەیت و غەزەل وەردەگرێت و شیعری هەم ئایینی و هەمیش دڵداری دەخاتەڕوو، ئەمە بێجگە لە باسکردنی کۆمەڵێک شت کە پەیوەندییەکەی زۆر دووری لەگەڵ دۆزی ژیان و شیعرەکانی شاعیر هەیە وەکو (قووڵبوونەوە لە پیاهەڵدان بەسەر مەسەلەی عەشیرەت و عەشیرەتگەری و باسکردن و وەسفکردنی زۆر جێگا و شوێن).
باشی ئەم سەرچاوەیە لەوەدایە کە توانیویەتی وەکو یەکەمین سەرچاوەی کوردی سەردەمی خۆی ببێتە کاریگەرترین کەرەستە لەبارەی ژیانی شاعیران و کەمێکیش شیعرەکانیان، کە زۆر تا کەم تاکو ئێستاش بە سەرچاوەیەکی باش دادەنرێت، لە توێژینەوەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە بەشێوەیەکی دوور لە بابەتیانە و پەیڕەوی پرەنسیپەکانی نووسینی توێژینەوەی زانستی، زانیارییەکانی دەخاتەڕوو تەنیا بە ئامانجی پاراستنی وشە و زاراوەی زمانی کوردی و نووسینی پەخشانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و کلتوور و ئەدەبی کوردی ئەم کارەی ئەنجام داوە.
دووەم: خەزنەدار، مارف (٢٠٠٥) ، مێژووی ئەدەبی کوردی، تاهیر، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر: ٥٦٥.
ئەم سەرچاوەیەدا لە کۆی (١٥) لاپەڕەدا لە بەشی (٢٢) تیشکخراوەتەسەر ژیانی شاعیر و باسکردنی شیعرەکانی لە هەردوو لایەنی (ڕوخسار و ناوەڕۆك)ەوە، کە نووسەر هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زانستیانە و بە زمانێکی پاراو و زمانی توێژینەوەی زانستی لەبارەی شاعیر و ئەزموونی شیعرییەوە بدوێ. لە سەرەتادا بە زانیاری لەبارەی (ناو و تەمەن و بەسەرهات ژیان)ی شاعیرەوە دواوە. دواتر دێتە سەر شیعرەکانی، کە لە ڕووی فۆرمەوە کێش و سەرواوە سەرواى عەرووزی و بڕگەییشی بەکارهێناوە، لەرووی ناوەرۆکیشەوە شیعری (ئایینی، گازاندە لە چارەنووسی ئادەمیزاد و دڵداری) لەخۆگرتووە. ئەوەی جێگای تێبینییە بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی لێی دواوە وردەکاری ساڵی لە دایکبوون و مردنی جیاوازە لە مێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سەجادی. دەبێ ئەوەش بڵێین هەرچەندە خەزنەدار ویستوویەتی زمانێکی زانستی توێژینەوەیی بەکاربهێنێ بەڵام لە هەندێک جێگا زمانی پەخشانی بە نووسینەکانییەوە هەر دیارە.
سێیەم: بۆرەکەیی، سەدیق (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، تایەر بەگی جاف، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر: ٧٢٢
لەم سەرچاوەیەدا بە (٨) لاپەرە باسی ژیان و شیعری تاهیر بەگی جاف کراوە لەسەرەتادا تیشکێك خراوەتە سەر ژیانی شاعیر و ئەوجا پەرەگراف بە پەرەگراف چەند شیعرێکی خراونەتەڕوو. خستنەڕووی ئەو چەند پارچە شیعرەشی بەجۆرێکە کە لەگەڵ ژیانی شاعیر ئاوێزانی دەکات. ئەم سەرچاوەیەی بۆرەکەیی لەخستنەڕووی ژیانی ئەم شاعیرە تەنیا جووینەوەی ئەو زانیارییانەیە لە سەرچاوەکانی تردا هەن، کە ئەمیش زمانی نووسینەکەی تەواو پەخشانییە.
ئەوەی لەم سێ مێژووی ئەدەبەدا دەکەوێتە بەرچاو ئەوەیە هەموویان لە یەك ڕوانگەوە مێژووەکەیان نووسیوەتەوە، کە ڕوانگەیەکی نەریتی و ڕێبازی کۆنی سەردەمی ڕۆمانسیزمی ئەورووپییە، کە مەبەست لێی خستنەڕووی ژیاننامەی شاعیرانە لەگەڵ خستنەڕووی هەندێ چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانیان.

چوارەم: بیمار، عەبدولڕەزاق (٢٠٠٦) ، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، تاهیر بەگ و هەڵبەستی کوردانە، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر : ٣٣.
بە ناونیشانی ئەم بابەتەدا دیارە، جیاواز لە سەرچاوەکانی تر، نووسەر هەوڵی داوە لە ڕوانگەیەکی نوێوە دەربارەی شیعری تاهیر بەگ بدوێ. یەکەم هەنگاوی تازەگەرییانەشی دیارخستنی لایەنی داهێنەرانەی شیعری شاعیرە.
وازهێنانی نووسەر لە جووینەوەی زانیارییەکانی پێشوو دەربارەی شاعیر، کە تەنیا خوولانەوە بوو لە دەوری ژیان و خستنەڕووی چەند شیعرێکی و شرۆڤەکردنی بەشێوەیەکی نەریتییانە، ڕوویەکی گەشی زانستی بە بابەتەکەی داوە.
نووسەر هەوڵیداوە شیعرەکانی شاعیر لەچەند ڕوویەکەوە خوێندنەوەی تازەی بۆ بکات لەوانە، لەبارەی کێش و مۆسیقاوە پێی وایە هەرچەندە کێش و سەرواێ عەرووزی بەکارهێناوە بەڵام لەنێو ئەو یاسا عەرووزیانەش لە کێشی (هەزەج و ڕەمەل)دا شیعرەکەی کردووەتە دوو لەتەوە هەر لەتەی بەشێوەی چوار بڕگەیی دروستکردووە. یاخود یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شیعری شاعیرمان بۆ دەخاتەڕوو ئەویش هەڵبژاردنی پاشبەندەکانی کۆتایی بەیتەکان لە جیاتی پیتی عەرەبی کوردی هەڵبژاردووە، یاخود شیعرەکانی بەجۆرێکن تەونی سادە و هۆندنەوەی بێ گرێ و گۆڵن. ئەمە بێجگە لەوەی بە درێژایی بابەتەکە خۆی پاراستووە لە شتە تایبەتەکانی ژیانی شاعیر و پیاهەڵدانێکی پەخشانی لەبارەی ژیانی شاعیرەوە.
پێنجەم: گۆران، حەسەن (٢٠١١)، دیوانی تاهیر بەگی جاف (شاعیری دڵتەڕ و شیرین زمان)، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، چاپی دووەم، ئێران.
ئەم سەرچاوەیە وەکو دیوانی تاهیربەگ بە کاملترین و تەواوترین دیوانی شاعیر دادەنرێت، کە لە کۆی (١٩١) لاپەڕەدا سەرجەم شیعرە (کوردی و فارسی)یەکانی لەخۆگرتووە. ئامادەکار و نووسەر جار جار لە پەراوێزی شیعرەکاندا وشەیەك یان دەستەواژەیەك ئاماژە پێدەکات و لە خوارەوە ڕوونکردنەوە لەبارەی مانای ئەو وشەیەوە دەدات. دیوانەکە بەجۆرێکە لە سەرەتادا ژیاننامەی شاعیر، کە لە سەرچاوەکانی (سەجادی و ئەوانی تر) دەریهێناوە و دەیخاتەڕوو، دواتر باسی ئەزموونی شیعری شاعیر دەکات و دواتر لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی چۆن بووە؟ کە ئەمانە بە زمانێکی تەواو تەواو پەخشانی و پیاهەڵدان دەنووسێتەوە. لە کۆتایی دیوانەکەشیدا فەرهەنگۆکێکی باش و لەباری بۆ هەندێ دەستەواژەی گران کردووە. کتێبەکە بە تەبعێکی جوان و لەڕووی ڕێنووسەوە هیچ هەڵەیەك بەدی ناکرێ دەخاتەڕوو.
شەشەم: میهرداد، ئەکرەمی (٢٠١٧) ، ڕەوشی عاشق و شیعر و مەعشوق لای تاهیر بەگی جاف، گۆڤاری باران، ژمارە ٥، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی: ٣٥.
نووسەر لە (٨) لاپەڕە لە گۆڤاری ناوبراو ، بە شێوازێکی تەواو پەخشانی پێشەکی توێژینەوەکەی دەنووسێت، دواتر یەك یەك لەلایەنی خۆشەویستییەکی ڕووت و زاراوەکانی عاشق و مەعشووق پیت بە پیتی چەند شیعرێکی دەخاتەڕوو، هەموو داهێنانێکی شاعیر دەگێڕێتەوە بۆلایەنی دڵداری و توانەوەی شاعیر لە عیشقدا. بە ناونیشانی بابەتە تەوەرەییەکانی (هەستی عاشقانە و کارکردنی زمان و شیعر ،حەقیقەتی عاشقی و شاعیری، ناوازەیی مەعشووق و تواناکانی شاعیری عاشق و دواتر سەرچاوەکان) لەهەموو دێر بەدێری توێژینەوەکەی دەخاتەڕوو. بینینی لەم شێوەیە وەسفی شیعرەکانی شاعیر تەنیا بەوەی شیعری دڵدارین، لایەنە ئاینییەکان و تێڕوانینە فەلسەفییەکانی شاعیر بۆ بوون لە شیعرەکانیدا پشتگوێ دەخات یان کەم گرنگی پێدەدات.
حەوتەم: ڕەسوول و عەبدولوەهاب، یادگار و کوردستان (٢٠١٨) ، شێوازی شیعرە کوردییەکانی تاهیر بەگی جاف، گۆڤاری زانکۆی بینگۆل، ژمارە ٤،ساڵی چوارەم: ٨٥ - ١١٢.
دەکرێ بڵێین ئەم سەرچاوەیە یەکەمین سەرچاوەیە کە بەشێوازێکی زانستی و تەواو پەیوەست بە پرەنسیب و بنەماکانی میتۆدۆلۆژی، توێژەران چەند شیعرێکی شاعیریان لەڕوانگەیەکی شێوازی خستۆتە بەرباس، کە بەم توێژینەوەیە باری زانستی شاعیر بەرەو پێش چووە و لەو کۆت و بەندەی وەسف و پیاهەڵدانە پەخشانییانەی ڕابردوو ڕزگاری بووە. توێژینەوەکە لە (پوختە، پێشەکی، دەروازە : شێواز چەمك و زاراوە، جۆر و ڕەهەندەکانی شێواز، بەشی یەکەم: شێوازی تاهیربەگی جاف لە ئاستی زماندا (وەکو بەیانکردنی لە ئاستەکانی (دەنگ، وشە، ڕستە) مۆسیقای ناوەوە و دەرەوە، کێش و سەروا، شیعرەکانی تاهیربەگ بە پێوانەی هاوکێشەی بۆزیمان، تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی شیعری شاعیر و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی تورکی).
لە درێژەی توێژینەوەکەدا باسکردنی شیعرەکانی شاعیر لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونی، بوارەکانی ڕەوانبێژی و پێکەوە گرێدانی هزر و ئەدەب ، و شێواز و ئەدەب، شیعرەکانی تاهیر بەگ بە ڕوویەکی زانستی گەش خۆی پیشان دەدات.

هەشتەم: وەلی، نێچیروان جاسم (٢٠٢٣)، ئیستاتیکای شیعریی ناری و تاهیر بەگی جاف، خانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

لەم سەرچاوەیەدا نووسەر لە کۆی (٢٠٠) لاپەڕەدا هەوڵی داوە لەڕێی زمانی شیعری و لە ڕووی کێش و سەروا و مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی شیعر لەلای شاعیردا ، ڕادەی ئیستاتێکای شیعری شاعیر دەربخات. نووسەر پێی وایە تاهیر بەگ توانیویەتی بەو دیوانە بچووکەی کە هەیەتی مامەڵەیەکی ئیستاتیکی سەرکەوتوو بکات، ئەمەش لە ڕێگای تەکنیکەکانەوە وەکو (لابردنی هەندێ وشە و جێگۆڕکێکردنی کەرەستەکانی زمان و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ڕادەی بەهێزی شیعرییەت لەنێو دێرە شیعرەکانی)دا. بێجگە لەوەی تاهیربەگ زیرەکانە ڕەمزە ئەفسانەییەکان و پرسیارو تێڕوانینە فەلسەفییەکانی دەربارەی ژیان و بوون لە شیعرەکانیدا دەربڕێ و بەدیاربخات.
ئەم توێژینەوەیە تاهیر بەگی جاف ڕاستەوخۆ بە بابەتی ئیستاتیکا گرێ دەدات و شیعرەکانی شاعیر لە ڕوانگەیەکی زانستی بە پاڵپشتی چەندان سەرچاوە لە ڕوویێکی ئیستاتیکی هەڵدەسەنگێنێ و دەیسەلمێنێ شاعیر سەرکەوتووبووە لەوەی ڕوویەکی جوانیناسانە بەو چەند شیعرە کەمەی بدات.



## ژیانی تاهیر بەگی جاف
## (١٨٧٨ – ١٩١٨)

دەربارەی ژیانی تاهیر بەگ (تاهیر کوڕی عوسمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی جافە. لەناو خەڵکی بە تاهیر بەگی جاف ناسراوە. لە ساڵی ١٨٧٨ لە هەڵەبجە لەدایکبووە. سەرەتا لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی، بەڵام پێویستییەکانی خوێندنی ئایینی لە حوجرە تەواونەکردووە، لە پاشانا مامۆستای بۆ گیراوەو لە ماڵەوە زانست و زانیاری وەرگرتووە. لە سەردەمی مێردمنداڵیدا خۆی بە زمانی فەرەنسییەوە خەریك کردووە و هەندێکی لێ فێربووە.) (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٥٦٥).
تاهیربەگ هەمیشە بە بەسەرهاتێك دەناسرێتەوە کە توانیویەتی بەهۆی لێهاتوویی و زیرەکییەوە (کاتێك کە (مێجەرسۆن)ی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٠٩ بۆ سیخوری دێتە کوردستان و ماوەی شەش مانگ بەناو غولام حوسێنی شیرازی لە ماڵی وەسمان پاشای جاف دەبێت و کاردەکات. ڕۆژێك لە وەڵامی تاهیربەگ، کە پرسیارێکی لێ دەکات لەجیاتی ئەوەی بڵێت: نا، دەڵێت (No)، جا لێرەدا تاهیر بەگ دەزانێت ئەم کابرایە کورد نییە و بێگانەیە) (وەلی، ٢٠٢٣: ١٩٧)
تاهیربەگی جاف لە شیعر نووسیندا سەلیقەیەکی تایبەتی هەبووە و شیعرەکانی ئەگەر بە تابلۆیەك بکێشرێ تابلۆیەکی سروشتی و مۆرکی کوردانەی لێ دەنیشێت . تاهیربەگ لەبەرئەوەی لە بنەماڵەی دەوڵەمەند بووە (لە ژیانیدا بەختیاربووە، چونکە لە بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتوو پەروەردە بووە و پێگەیشتووە. کەسێکی بە زەین و زیرەك و چاوتێر بووە. هەموو هۆیێکی خۆشی ژیانی بۆ ڕەخساوە، وەك کوڕی خێزانێکی دەوڵەمەند سوارچاك و تفەنگچییێکی باشی لێ هەڵکەوتووە. دڵ تەڕ بووە، حەزی لە سەیران و ڕاوشکار کردووە، خواردنەوە و هەنگامی مەستی پێ خۆش بووە. بەدرێژایی ژیانی بۆ گوزەران و ماڵ بەڕێوەبردن ئارەقی ماندوویی نەڕشتووە، هیچ جۆرە کارێکی ئاسان یان قورسی نەکردووە، تەنیا ماوەیێك نەبێ بەهۆی مەقامی باوکییەوە دەسەڵاتی تورکی عوسمانی کردوویەتی بە قایمقامی قەزای هەڵەبجە.)(خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٥٦٦).
تاهیربەگ سەرباری ئەم خواپێداوییەی بەڵام تەمەنی کەم بووە ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەشولارێکی لەڕ و لاوازی هەبووە و نەخۆشی کاری لێکردووە و لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

# ئەزموونی شیعری تاهیر بەگی جاف
# خوێندنەوەیەکی نوێ

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئایا بۆچی لەگەڵ ناوهێنانی تاهیربەگی جافدا یەکسەر بیرمان بۆ مێژووی ئەدەب دەچێت؟ ئایا تاهیر بەگی جاف تەنیا لەو بواری نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەمان شایەنی ئەوەیە ناوی بچێتە ناو ناوانەوە؟ ئەی ئایا مێژووی ئەدەب بۆخۆی چییە؟ ئایا ئەو مێژووانەی نووسراونەتەوە لەنێو ئەدەبی کوردیدا دەچنە خانەی مێژووی ئەدەبی جیهانی؟ ئایا مێژووییەکی بە پێی نەریتی کۆن نووسراونەتەوە یان بە ئایدیایەکی نوێگەرییانە نووسراونەتەوە؟ ئایا مێژووی ئەدەبی کوردی و دابەشکردنی شاعیرەکان لە ڕێگای مێژوووەوە بۆ چەند ڕێبازێکی ئەدەبی ئەورووپی ڕەوایە؟ کارێکی زانستیانەیە و ئەدەبی کوردی بردووەتە پێشەوە؟
کاتێك بە تێڕوانینێکی نوێوە لە بابەتی مێژووی ئەدەبی دەڕوانین دەبینین بریتییە لە (نووسینەوەی مێژووی پێشکەوتنی یان دیاریکردن و پۆلێنکردنی قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی نەتەوەیەك، دواتریش دەبێتە هۆی نووسینەوەی بابەتێك لە مێژووی ئەدەبی جیهانی) (حوسێن و نازم، ٢٠٢٠: ١٣)، کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە بێت ئەوەی لەناو ئەدەبی کوردیدا کراوە بریتییە لە مێژووی ئەدیبان و ژیاننامەی شاعیران و بەشێك لە چالاکییە هونەرییەکانیان، چونکە بەپێی ئەم پێناسەیە بێت ئەوا مێژووی ئەدەب تەنیا ئەو شاعیرانە قەبوڵ دەکات شتێکی نوێیان لە ڕوخسار یان فیکر یان ناوەڕۆك هێناوەتە نێودنیایی ئەدەبەوە، چونکە تاکە پێوەر بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی نەتەوە بەپێی بۆچوونی بنیاتگەرەکان گەڕانەوەیە بۆ ئەو داهێنانانەی لەناو دەقدا کراون لەوانە (تۆدۆرۆف). یاخود ئەدەبی هەرنەتەوەیەك کاتێك شایەنە بنووسرێتەوە ئەگەر توانای هەبێت بچێتە نێو ئەدەبی جیهانییەوە کە(یەکێك لە چەمکەکانی ئەدەبی جیهانی بریتییە لە کۆی گشتی ئەدەبی نووسراو یان سەرزارەکی میللەتە جیاوازەکانی جیهان) (سەرچاوەی پێشوو: ١٣).
بەگوێرەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە ئێمە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینەسەر ئەوەی کە تاهیربەگ شاعیرێکە ئەگەر لە ژیانەکەشی دابیبرین ئەوا بەهۆی ئەم خاڵانەی لەخوارەوە دەیخەینەڕوو دەتوانێت بە دەقەکانی سیما و پرسەکانی نێو دەقەکانی شایەنی ئەوەبێت لەنێو ئەدەبی نەتەوایەتی و جیهانیش بنووسرێتەوە.
دەربارەی تاهیربەگی جاف شاعیر هەرچەندە ژمارەی شیعرەکانی کەمن لە چاو شاعیرانی سەردەمی خۆی، بەڵام هێشتاش بەو کەمییە توانیویەتی نوێگەرییەکی باش هەم لە ڕوخسار و هەم ناوەڕۆکی شیعرەکانی بکات. تاهیربەگ ئەگەر توانای وێنەکێشان و تابلۆ و داتاشینی پەیکەری نەبووبێ ئەوا توانیویەتی بە وشە و شیعر، ڕەنگی تابلۆیەکی سروشتی و ئیستاتیکی بکێشێ و ئاوازی مۆسیقا و هەستی ئەوین لە نێو شیعرەکانیدا بروێنێ. لە ڕێگای وشەوە سیمایەکی کوردانە و سۆفیانە و عەشق و ئەویندارێ دەسازێنێ. شێوازی شیعرەکانی بەجۆرێکن لە هەموو ڕووەکانەوە داهێنانی تێدا کردووە بۆ نموونە لایەنەکانی (شێوازی زمانی، کێش و سەروا و مۆسیقای دەرەوە، مۆسیقای ناوەوە، لایەنە ڕەوانبێژییەکان، لایەنی فەرهەنگی، بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە فەرهەنگییەکان ...).

## یەکەم: شیعری تاهیربەگ لە ڕووی فۆرمەوە

١.کێشی شیعری: شاعیر هەردوو کێشی (عەرووزی و خۆماڵی) بەکارهێناوە لە شیعرە کوردییەکانیدا، بەڵام (بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی بەکارهێنانی کێشی عەرووزی زیاترە لە ڕێژەی کێشی خۆماڵی بەجۆرێك لە کۆی (٣١) شیعردا (٢٧) شیعری لەسەر کێشی عەرووزی و (٥) شیعری لەسەر کێشی عەرووزی دانراون. تەنیا سێ بەحری (هەزەج و ڕەمەل و موزاریع)ی بەکارهێناوە) (ڕەسووڵ و عەبدولوەهاب، ٢٠١٨: ٩٠ و ٩١) بەڵام ئەوەی تاهیر بەگ جیادەکاتەوە لە شاعیرانی پێش خۆی هەستاوە لەنێو کێشە عەروزییەکانیشی کێشی بڕگەیی بەکارهێناوە (لە کێشی هەزەج و ڕەمەلدا کە بەکاری بردووە تێکۆشاوە دێرەکانی هەڵبەست کورت کورت بن و بڕن بە دوو کەرتی پاشبەند و ئاوازدار.. کە هەر کەرتە (٧) یان (٨) بڕگە هەڵدەگرێ، بەم هۆیەوە لە کێشی خۆماڵی نزیك دەبنەوە، ئەو نزیکییەش تاموبۆیەکی کوردەواری بە هەڵبەستەکە دەدات..) (بیمار، ٢٠٠٦ : ٣٤) بۆنموونە :

| | |
|---|---|
| لە هیجرانی خەزان تاکەی | بە ئومێدی گوڵان تاکەی |
| لە نەغمەی بولبولان تاکەی | خووا فەسڵی گوڵان بابێ |

٢. سەرواى شیعرى:

ئەو پاشبەند و سەروایانەی لە کلاسیك هەبوون کەسیان کوردانە نەبوون، بەڵکو (هەندێك شاعیر بۆ لاف و خۆپیشاندن وەی عەرەبییان کردووەتە پاشبەند، لە کاتێکدا کە وشەی لەباری کوردی دەستکەوتووە.) (سەرچاوەی پێشوو : ٣٦) پێش تاهیربەگ تەنیا لەلایەن سالمەوە توانیویە (ان، ین، ار..) کراونەتە پاشبەندی هەڵبەست. بەڵام (لای تاهیربەگ پاشبەند ئەو وشە بیانییانەن کە لە هەست و سۆزی خەڵك بەدوور نین .ز وە هەڵقوڵاوی بیر و مانای دێرە هەڵبەستەکەن.) (سەرچاوەی پێشوو: ٣٧) بۆ نمونە:

مەمکوژە جانا بە هیجران ئەی جەفاکارم وەرە

تاب و تاقەت چوو بەجارێ، یاری غەمخوارم وەرە

یاخود

چەمەن یەکبارە خامۆشە خرۆشی بولبولان بابێ

دڵ ئەمرۆ مات و مەدهۆشە، خووا فەسڵی گوڵان بابێ

یان

موقەددەر گەر نەبێ ئاخر لە میهری مەهرِوخانم چی؟

لە ناڵە ناڵی نیوەی شەو، لە ئاهی بەربەیانم چی؟

یاخود

تابەکەی قوربان بناڵم من بە ئێش و دەردەوە

دەس بە ئەژنۆ، قوڕ بەسەر، دایم بە ڕەنگی زەردەوە

٣. مۆسیقای ناوەوە:

ئەم هونەرە بەهۆی هەردوو لایەنی فۆرمی و ناوەرۆکەوە بەدی دێت، مەبەست لەلایەنی فۆرمی دیاردەکانی وەکو (دووبارەبوونەوەی وشە، ڕستە، یان قرتاندنی پیت و وشە) لایەنی ناوەڕۆکیش پەیوەستە بە دنیابینی و ئەزموونی شاعیر. بێگومان ئەزموون و جیهانبینی تاهیربەگ واتا سروشتی کوردستان، ڕاووشکاری، تفەنگچێتی، و هەموو لایەنە کوردینییەکانی ژیان.

دیاردەی دووبارەکردنەوە لای شاعیر زیاتر لە پیت دایە بۆ نمونە:

دلبەرەی قەد عەر عەرەی بێ ڕەحمەکەی بەدبەختەکەم

دڵڕفێنەی شۆخەکەی بێ عەهد و پەیمانم وەرە

لەم بەیتەدا (٢٠) جار پیتی (ە) دووبارە بۆتەوە.

### ٤. ڕەگەزدۆزی و هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی:

یەکێکە لە هونەرە جوانکارەییەکانی ڕەواُنبێژی، لەلای تاهیربەگ (بەگشتی لە کۆی (٣١) پارچە شیعر (٧٨) دیاردەی ڕەگەزدۆزی بەکارهێناوە بەکارهێناوە) (ڕەسووڵ و عبدالوەهاب، ٢٠١٨: ٩٦).
بۆ نمونە:

بە موئمین چی سەقەر دۆزەخ جەهەننەم
مەقامی ڕووسیان ڕووسیانە

### دووەم: ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر

تاهیر بەگ یەکێکە لەو شاعیرانەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی بوارەکانی (دڵداری ، ئایینی، ڕەمزە مێژووییەکان، باسی فەلسەفی و گلەیی لە چارەنووسی ئینسانُ)ی لە خۆ گرتووە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تێڕواُنینە مۆدێرنەکانی دنیایە لە ناو هزری شاعیردا، کە لەو سەردەمە چەند پرسێکی فەلسەفی و بوونگەرایی دەوروژێنێ. (ئەُگەر تاهیربەگ فەیلەسووف نەبووبێت حەزی لە فەلسەفە بووە و کتێبی فەلسەفی خوێندووە بۆیە لەو شیعرە بەرزەی کە پڕی بووە لە پرسیاری فەلسەفی کە بۆ (ناری) ناردووە توانای خۆی نواندووە) (گۆران، ٢٠١١: ٢٩ و ٣٠) بۆ نمونە:

خودا عەدلی لەلای عارف عەیانە
بە حەققەت ئێمە گەللەین، ئەو شوانە!
لەبەرچی وا مەڕی خۆی مەردی چوپان؟
بە دەستی خۆی ئەخاتە بەر نیشانە؟
یاخود
لەم حوجرەیی شەش گۆشە کە ڕێی مەعبەری عامە
یاڕەب چییە هەرکەس بە هەواو هەوەسێکە

بێجگە لەمانە بەشێکی شیعری شاعیر (شیعری گلەیی لە چارەنووسی ئادەمزاد: لە دیوانی شاعیردا ئەم جۆرە شیعرە لەوەی پێشووش کەمترە، لەو شیعرانەدا باس لەوە دەکات چۆن تەنگوچەڵەمە و گیروگرفت ڕاستی و یەکسانی ون کردووە و مافی ئادەمزاد خوراوە) (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٥٦٨). بۆنمونە:

ئەلا ئەی عەقڵی کۆتا بین هەتا کەی مات و داماوی
بە قەیدی نەفسی ئەممارە سەراسەر بۆچی بەسراوی

## داهاتووی تاهیربەگ

بێگومان ئەوەی کراوە بۆ شاعیر بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، کە بریتیین لە توێژینەوەیەکی زانستی لەڕووی شێوازەوە، هەروەها ماستەرنامەیەك لەسەر شیعرەکانی تاهیربەگ لە ڕوانگەیەکی جوانیناسانەوە بەهاوبەشی لەگەڵ (ناری)، ئەمانە لە لایەنە زانستێکەیەوە. هەڵبەت ئەم دووکارە تەنیا لەسەر شیعرە کوردییەکانی شاعیر کراون. ئەو کارانەی تر کە بۆ ئەم شاعیرە کراوە شێوەیەکی نائەکادیمی هەیە و زیاتر بەرەو نابابەتی چوونە ئەمەش بەهۆی شێوازی داڕشتنی پەخشانئامێز و زیاتر پیاهەڵدان بەسەر کەسایەتی شاعیردا.
ئەوە هیچ کە باسی ئەوە ناکەین بەهیچ جۆرێك هیچ کارێکی زانستی و تەنانەت نازانستیش نەکراوە بۆ شیعرە فارسییەکانی شاعیر، کە لە ڕووی قەبارەوە جیاوازییەکی وەهایان نییە لەگەڵ شیعرە کوردییەکانی. هۆکاری ئەم پشتگوێخستنی ئەم شاعیرە و کارەکانی چەندین لایەنی هەیە، لەوەی بوار نەرەخساوە بۆ ئەوەی کەسانێك ئەگەر ئەم لایەنانە پەرەپێبدەن ئەوا دەسگیرۆییان بکرێت و پاڵپشتی دارایی و مەعنەویان بکرێت.
وەکو ڕاسپاردەیەکی ئەکادیمی پێویستە دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان ڕۆڵیان هەبێ لە کردنەوەی سەنتەرێکی توێژینەوەی ئەدەبی کە چەندین بواری وەکو لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و بەراوردکردن و ساغکردنەوە و لێکدانەوەی نوێ بەکارێکی بە کۆمەڵی زانستی بە بیرو ئایدیای نوێوە بۆ شاعیران و نووسەرانی کورد بکرێت، ئەمەش لە پێناو زیاتر گرنگیدان بە ئەدەبی میللەتەکەمان و زمان و ئەدەبی کوردیمان بگاتە ئاستێکی زانستی جیهانی، کە حەتمەن کارێکی وەها ویست و ئیرادە و داراییەکی زۆری دەوێ.
ئەو کارانەی نەکراوە بۆ تاهیر بەگ شیعرە فارسییەکانییەتی بەهەموو شێوەیەك پشتگوێ خراوە، وە شیعرە کوردییەکانیشی چەند کارێکی کەمی بۆ کراوە و پێویستە زیاتر لە هەموو لایەنە ئەدەبی و تەنانەت زمانەوانییەکانیش گرنگی بە شیعرەکانی شاعیر بدرێت، کە دەکرێ بڵێین شیعرەکانی شۆڕشێکی ئەدەبی کاریگەرن.

## ئەنجامەکان

مێژووی ئەدەب پەیوەستە بەو کارە ئەدەبییانەی کاریگەرییەکی قوڵ بە جێ دێڵن بەسەر قۆناغەکەی خۆیاندا.
مێووی ئەدەب بریتی نییە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدیبان و شاعیران بەڵکو بریتییە لە نووسینەوەی دەقە ئەدەبییەکان.
مێژووەکانی ئەدەبی کوردی بە ڕوانینێکی نەریتییانە نووسراونەتەوە و هەڵگری سیمایەکی زانستی میتۆدۆلۆژی نیین.
ئەو کارە نائەکادیمیانەی بۆ تاهیربەگ کراون زیاتر شێوەیەکی تەقلیدیان وەرگرتووە.
تاهیر بەگی جاف شایەنی ئەوەیە دەقەکانی بچێتە پاڵ ئەو دەقە داهێنەرانەی کاریگەری دادەنێن بەسەر قۆناغەکەی خۆی و قۆناغەکانی داوی خۆیشی.
ئەو کارانە کراون دەربارەی تاهیربەگ تەنیا شیعرە کوردییەکانی گرتۆتەوە و شیعرە فارسییەکانی کە بە قەبارە هیچی کەمتر نییە لە کوردییەکانی پشتگوێ خراون.
تاهیربەگی جاف توانیویەتی لەڕێگای وشەوە کلتوورێکی کوردیانە و ئایدیایەکی سروشتی نەتەوەیی لە وێنەشیعرییەکانی بچەسپێنێت.
کارە ئەدەبییە داهێنەرەکەی تاهیربەگ هەردوو لایەنی فۆرمی و ناوەڕۆکی شیعری گرتۆتەوە.
قوڵبوونەوە لە ژیانی تاهیربەگی جاف گوزارشتێکی جوانیناسیانەیە هیچی کەمتر نییە لە گوزارشتە شیعرییەکانی.

## سەرچاوەکان


کتێب:
سەجادی، عەلائەدین (١٩٥٢) ، مێژووی ئەدەبی کوردی، تاهیربەگ، چاپخانەی ئەلمەعاریف، چاپی یەکەم، بەغدا.
خەزنەدار، مارف (٢٠٠٥) ، مێژووی ئەدەبی کوردی، تاهیر، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
بۆرەکەیی، سەدیق (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، تایەر بەگی جاف، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
بیمار، عەبدولڕەزاق (٢٠٠٦) ، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردانە، تاهیر بەگ و هەڵبەستی کوردانە، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
گۆران، حەسەن (٢٠١١)، دیوانی تاهیر بەگی جاف (شاعیری دڵتەڕ و شیرین زمان)، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، چاپی دووەم، ئێران.
وەلی، نێچیروان جاسم (٢٠٢٣)، ئیستاتیکای شیعریی ناری و تاهیر بەگی جاف، خانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.
حوسێن (هیمداد) و نازم (سەنگەر) (٢٠٢٠) ، ئەدەبی جیهانی، ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر.
گۆڤار:
ڕەسووڵ و عەبدولوەهاب، یادگار و کوردستان (٢٠١٨) ، شێوازی شیعرە کوردییەکانی تاهیر بەگی جاف، گۆڤاری زانکۆی بینگۆڵ، ژمارە ٤ ، ساڵی چوارەم:
میهرداد، ئەکرەمی (٢٠١٧) ، ڕەوشی عاشق و شیعر و مەعشوق لای تاهیر بەگی جاف، گۆڤاری باران، ژمارە ٥، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.



گۆران عوسمان ئەحمەد




# زمانی کوردی و ئاڵێنگارییەکانی لە داهاتوودا

## پێشەکی

زمانی کوردی یەکێکە لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهان، کە لە کۆنەوە چەسپیووە، سەرباری ئەو بارۆدۆخە ناهەموارەی بەسەر کوردەکاندا هاتووە، بە چەندین هۆکاری وەک داگیرکاریی پەرتەوازەیی، بووەتە سەنگەری مانەوەی نەتەوەی کورد، تاوەکو ئێستاش گەورەترین و بەهێزترین چەکی مانەوەی گەلی کوردە. هیچ کاتێک وەک ئەمڕۆ پرسی زمان خۆی نەسەپاندووە، چونکە نزیکەی ٣٤ ساڵە گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا خۆی بەڕێوە دەبات. بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بەو پێویستییە دەکرێت، کە دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمە زمانێکی فەرمی هەبێت تاوەکو کاروبارەکانی خۆی و هاوڵاتییانی هەرێمەکەی پێ بەڕێوەببات. هەر بەو پێیەیی لە باشووری کوردستاندا،چەند دیالێکت و شێوە زاری ناوچەیی هەن، کە لە تەنیشت یەکەوە ژیاون و گەشەیان کردووە و کاریگەربوون لە پاراستنی فەرهەنگ و بیر و کەسایەتی ئەو کەسانەی کە پێی دواون، پێویست بوونی زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا بۆ ئێستا بووەتە کارێکی لەپێشینە.

ئەمەش وایکردووە کە لەم ماوەی دواییدا ببێت بە جێگای هەستکردن بەپێویستی بایەخدان بە زمانی کوردی، ئەگەرچی زمانی کوردی تاوەکو ئێستا بە باشی خۆی هێشتووەتەوە، بەڵام هاوشێوەی زۆربەی زمانەکانی جیهان، زمانی کوردیش بە چەندین هۆکارەوە لە پاشەکشێی داوە، ئەوەشی جێگەی نیگەرانییە کار و هەوڵەکان ئەگەرچی بەردەوام هەبن، بەڵام لە ئاست ئەم پاشەکشێیە نین و پێویست دەکات زیاتر کار لەسەر نەهێشتنی ئەم کێشە و گرفتانە بکرێت.

لەم شیکارییەدا هەوڵمان داوە سەرەنجێک بخەینە سەر، گرنگترین ئەو هۆکارانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی نەتەوەکەمان بۆنەتە جێگەی مەترسی بۆ سەر زمانەکەمان، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە پاراستنی زمان بۆچی بۆ نەتەوە گرنگە؟ چۆن دەتوانین بە هەماهەنگی لایەنەکان زمانی کوردی بپارێزین؟ و هەنووکەییترین چارەسەرەکان چیین بۆ ئەو گرفتانەی لە زمانی کوردیدا هەن.

وێستگە سەرەکییەکانی ئەم شیکارییە، بریتییە لە پێناسەی زمان، زمان وەک هۆکارێک بۆ پاراستنی نەتەوە، ئاستەنگە مەترسیدارەکانی بەردەم پاراستنی زمانی کوردی، هەماهەنگی لایەنەکان بۆ پاراستنی زمانی کوردی.

## زمان چییە؟

چەمکی زمان مانایەکی قوڵ لەخۆی دەگرێت، تاوەکو ئێستا چەندین پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە، چۆمسکی دەڵێت: (زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات)، هەروەها بلۆک و ترایگەر دەڵێت: (زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێت بۆ لەیەکترتێگەیشتن بەکاربێت) ساپیر دەڵێت:(زمان هۆیەکی نا غەریزەییە و تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کاردەکات و لەژێر یاسای مرۆڤ دایە)، مارتنێت دەڵێت:(زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترتێگەیشتن ، لە چەمد دانەیەکی بچووک پەیدا دەبێت، ئەو دانانەش خاوەن واتای خۆیانن)، کارۆڵ دەڵێت: (زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێت بەکاربێت بۆ گەیشتن و پۆلێنکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا زمان گرینگترین ئامێری پەیوەندی و ئامرازێکە بۆ دەربڕینی بیروباوەڕی مرۆڤێک بۆ مرۆڤێکی دیکە. زمان وەک زاراوەیەک، لە کۆمەڵێ ووشە و هەندێ گوزارشت تایبەتی پێکهاتووە، پێوەندی بە هەموو ئەو شتانەوە هەیە، کە دەوری مرۆڤ یان داوە. زمان بەو شێوەیە ڕێکخراوە، لە هەندێ پێکهاتەی، وەک: گوتن، گوێگرتن، و دەنگەکان هاوئاهەنگن. هەموو زمانەکانی جیهانیش، بە جۆرێ لە جۆرەکانی لەرینە وەی دەنگ دەردەبڕدرێن، لە کۆمەڵێ پیت و هێما پێکهاتوون، کۆمەڵێ خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، یا لە بۆنە ئایینیەکاندا دەیانڵێنەوە. لە زماندا، هەر پیتێ جۆرە دەنگ و موزیکێکی تایبەتی هەیە. هەر زمانێکیش جۆرە ناسکیی، جوانیی و ئاوازێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، ڕاڤە لە واتای شتەکان و دەربڕینەکان دەکات. مەرجیش نییە هەموو زمانەکان لە ژمارەی پیت و دەنگەکاندا چونیەکبن، ناوی هەموو شت و دەنگەکانیان پێ دەربڕێت.

## زمانی کوردی

کوردی، زمانی نەتەوەی کوردە، ئەو زمانەیە کە لە کۆمەڵیک زار پێکدیت و کوردەکان لە کوردستانێکی دابەشکراو بەسەر وڵاتانی وەک (ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا) هەروەها کوردە پەرتەوازەکانی سەرانسەری دونیا قسەی پێدەکەن. ڕەچەکی زمانی کوردی لە خێزانە زمانە هیندۆ ئەوروپیەکانە و لە بنەماڵەی (هیندی_ئێرانی) و لە گرووپی زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژئاوایە. زۆربەی زانایانی کورد وەک (تۆفیق وەهبی) و زانایانی بیانی وەک (ماکس مۆلێر) و (ئۆسکارمان) زمانی کوردی بە گروپی زمانی ئێرانی باکووری ڕۆژئاوا دەزانن.

بەگشتی زمانی کوردی نوێ شێوەی گۆڕاوی زمانی پەهلەوانییە. ئەم زمانە لە سەردەمی دەسەڵاتی (ئەشکانییەکان)، زمانی فەرمی و کارگێڕی وڵاتێک بووە، کە هەموو پاشانشینەکانی کوردی وەک گۆردیەن (بەتلیس و سێرتی ئێستا)، ئەدیابین (هەولێری ئێستا)، مادا (میدیا)، ئیلیمایس (لوڕستانی ئێستا)، کێرم (کرماشانی ئێستا) موکریان(مەهابادی ئێستا)، شارەزوور (سلێمانی ئێستا)، بارشان (بارزانی ئێستا)، ساناک (سەهنە و کەنگەوەری ئێستا) ئەندامی کارای ئەم فیدراسیۆنە بوون.

دکتۆر (جەمال نەبەز)،پێیی وایە ''زمانی پەهلەوی بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنێت''، بەوەی کە نزیکترە لە زمانی کوردی، وەک لە فارسی بۆ ئەمەش تەنیا نزیکی ووشەکانی لە یەکترییەوە کردۆتە مەرج. هەروەها (سەدیق بۆرەکەیی) لە بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مێژووی وێژەی کوردی) لاپەرە (٢٤،٢٥) دەڵێت: ''زمانی پەهلەوی لە زمانی کوردی دەچێت و نزیکترین زاراوەی کوردی کە لەگەڵ ئەم زمانەدا هاوچەشنە زاراوەی گۆران و لورییە''. ( گیوی موکریانی)، بانگەشەی ئەوە دەکات کە کتێبی (دین کەرد)، کە بە زمانی پەهلەوی نووسراوە، ئەو زمانەش زمانی لوڕ و کەلهوڕ و شوانانە. هەروەها (مەردۆخی) مێژوونووسی کوردیش دەڵێت: ''زمانی پەهلەوی یەکێک لە شیوەکانی کوردی بووە کە گەلێ لە زاراوەی لۆڕی و کەلهوڕی نزیکە''. بەهۆی هەندێک هۆکاری وەک داگیرکاری و پەرتەوازەییەوە. زمانی کوردی یەکگرتوو نەبووە و زاراوەکانی بۆ سێ گرووپی پەیوەندیدار دابەشبوون. یەکەم: گرووپی زاراوەکانی کوردییەکانی باکوور کە پێی دەڵێن کرمانجی و زۆربەی کوردەکان واتە کوردەکانی تورکیا، سوریا، یەکێتی سۆڤیەتی جاران و هەروەها یەک لەسەر سێی کوردەکانی عێراق و ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ئێران و لوبنان قسەی پێ دەکەن. دووەم: گرووپی زاراوە کوردییەکانی ناوەڕاستە، کە بریتییە لە سۆرانی کوردەکانی باکووری عێراق قسەی پی دەکەن و زاراوەکانی ناوچەکانی دەوروبەری کە پێی دەڵێن (زمانی کوردی یان سنەیی)، خەڵکی دانیشتووی شاخەکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی پێ دەکەن. سێیەم: گرووپی زاراوە کوردییەکانی باشوور کە بریتییە لە چەند زاراوەی نایەکانگیر کە خەڵکی باشووری کوردستان قسەی پێ دەکەن.




## زمان وەک هۆکارێک بۆ پاراستنی نەتەوە

زمانی نەتەوەیی لە ئاساییترین پێناسەیدا، ئەوەیە کە هۆیەکە لەو هۆیانەی ڕۆڵەکانی گرووپێکی ئێنتیکی دیاریکراو بەیەکترییەوە دەبەستێتەوە و پێی دەدەوێن و لە یەکتری تێدەگەن. لە هەمان کاتیشدا بە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی درووستبوونی نەتەوەکەش دادەنرێت. کە باس لە زمان دەکرێت باس لە نەتەوە و ناسیۆنالیزم و ستراتیژییەتی ناسیۆنالیزم دەکرێت، ستراتیژییەتی هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستی بریتییە لە دەوڵەتی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی، یەک نەتەوە، یەک زمان، ئامانجی ستراتیژی هەر ناسیۆنالیزمێکی ناو قەوارەی یەک نەتەوەیە، ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە ناسیۆنالیزمێکی دروست و سروشتییە، چونکە نەتەوە و زمان کۆڵەگەی قەوارەکەن، هەروەها ناسنامەی قەوارەکەش پێک دەهێنن.

زمان پێناسی نەتەوەیە، بە تایبەتی بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان، هەر ئەم ڕاستیە وا لە نەتەوە بن دەست و بێ دەوڵەتیەکان دەخوازێت کە خاوەن ستراتیژیەتێکی زمان و پلان و سیاسەتێکی زمانی وردبن، بۆ ئەوەی زمانەکەیانیان لە جینۆساید و لەناوبردن بپارێزن ، هاوکات ئاسایشی نەتەوەییشیان لە هەڕەشە دووربێت، چونکە ئاسایشی زمان بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی. بوونی یەک زمانی نەتەوەیی مەرجێکی بنەڕەتی یەک نەتەوەیە، هەروەها فاکتەری مانەوەی نەتەوەیە.

هەروەها زمان، پێویستییەکی سەرەکییە بۆ بنیادنانی تاك و کۆمەڵگە، بە پێناسە و بنەمای سەرەکی هەر نەتەوەیەک دادەنرێت و یەکێکە لە پایەکانی ناسینی نەتەوە، هەر نەتەوەیەکیش زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی نەپارێزێت، و هەوڵ بۆ گەشەسەندنی نەدات، ئەوا هەم زمانەکە و هەم نەتەوەکە، بەرەو لاوازبوون

و پوکاندنەوە دەڕۆن، بۆ ئەوەی بە نەتەوە هەژمار بکرێیت، بێگومان دەبێت زمانێکی تایبەت بەخۆشت هەبێت، کە جیات بکاتەوە لە نەتەوەیەکیتر. لەژێر سێبەری ئەم بنەمایانە، دەتوانین بڵێن: زمان بەرگری لە مانەوەی نەتەوە دەکات، لەبەر ئەوەی زمان هۆیەکە لە ئەو هۆیانەی، مرۆڤ بە کۆمەڵەوە دەبەستێت هەموو مرۆڤێک، تەنیا بەهۆی زمانە نەتەوەییەکەوە، تێکەڵاویی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەکەیدا پەیدا دەکات و لە یەکتری تێدەگەن، هەر بە هۆی ئەو زمانەی پێشی دەدوێت، بە ئەندامێکی ئەو نەتەوەیە دادەنرێت. پەیوەست بە زمانی کوردی، ئەوا زۆر دەمێکە دوژمنانی کورد هەوڵی لاوازکردن و لەناوبردن یان ئاستەنگ دروستکردن لە گەشەکردنیان بۆ زمانی کوردی داوە، هەربۆیە شاعیرێکی وەک (ئەحمەدی خانیz)،(١٦٥٠-١٧٠٧z) ئاماژە بەوە دەکات کە زمانی کوردی هیچی لە زمانانی دونیا کەمتر نییە و دەڵیت:''من ڕێچکە دەشکێنم و بە کوردی دەنووسم تاکو میللەتان نەڵێن کورد خاوەنی زمان و ئەدەب و مەعریفە نییە''. دیسانەوە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو کەس و لایەن و دەسەڵاتانەی زمانی کوردییان بە کەم زانییوە و بە زمانی ئەدەب و زانستیان نەزانیوە حەزرەتی نالی فەرموویەتی:

تەبعی شەکەر باری من کوردی ئینشا ئەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسودی لە عەمدا وائەکا
کەس بە ئەڵفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا ئەکا

ئەم دەقانە بەڵگەی ئەوەن هەوڵی دژایەتیکردنی زمانی کوردی کۆنە زۆر لەمێژە زمانی کوردی دراوەتە بەر نەشتەری دوژمنان، بەڵام پتەوی زمانەکە لەلایەک و پابەندی کوردەکان بە زمانەکەیانەوە وەک پێناس بۆ ئەم میللەتە لە لایەکیترەوە وایکردووە زمانەکەمان پارێزراو بێت.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)، و دابەشکردنی زمانی کوردی بەسەر هەرچوار وڵاتی (ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا)دا، زمانی کوردی کەوتۆتە بەرشاڵاوی لەناوچوون، چ بە زەبروزەنگ، چ بە ڕێگایی دەرکردنی یاسایەکی فەرمی و یاساغکردنی زمانی کوردی لەو وڵاتەکانیاندا. کەچی خۆشبەختانە نەتەوەی کورد سەرەڕای ئەو هەموو داگیرکاری و ستەمکارییەی داگیرکەران، کە هەوڵی تووانەوەی زمانەکەیان داوە، بەڵام وەک نەتەوە خۆڕاگر بوون و زمانی کوردیان پاراستووە لەناونەچوون، بەڵکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەلی کورد لە فراوان بووندا بووە، هۆکاری ئەم فراوان بوونەشیان وەک نەتەوە، زمانەکەی بووە، کە زمانێکی دەوڵەمەند و زیندووە.

## تەوەری یەکەم: ئاستەنگە مەترسیدارەکانی بەردەم لەناچوونی زمانی کوردی
## یەکەم: زمانی دووەم لای منداڵان

پەیڤ، لە تەمەنی حەوت مانگیدا لە ناو منداڵدانی دایکدا دەگاتە گوێ و مێشکی منداڵ، واتە بەر لەوەی منداڵ لە دایک ببێ دەنگی دایک دەگاتە منداڵ و لە گەڵی ڕادێ و خووی پێدەگرێ و ئەوەی دەیبیستێ لە مێشکیدا تۆمار دەکرێ و دەبێتە بنەمای زمان، کە بە زمانی دایک پیناسە کراوە.
زمانی دایک، هەمان «ناوەندی زمانە» کە لە مێشکدا شێوە دەگرێت و بە ناوەندی زمان لە ناو مێشکدا ناسراوە. زمانی دایک گرێدراوی بوونی دایک و منداڵە، کە پاش لە دایکبوون بەردەوام دەبێ و دەربڕیی هەست و نەست و بیروهزری زیندەوەرێکە بەناوی مرۆڤ. دابڕان لەو پرۆسەیە، بێ بەریکردنی منداڵ لەو پرۆسەیە، بە هەر هۆیەک و جێگرکردنی زمانێکی تر بە جێگای زمانی دایک، شوێنی زمانی دایک کە بەر لە هەر شت گرێدراوی هەست و نەستی دایک و منداڵەکەیە پڕ ناکاتەوە، هەرچەند ڕەنگە ئەو منداڵە گەلێک زمان، جگە لە زمانی دایک فێرببێ. واتە گەر منداڵێکی کورد پاش لە دایکبوون، لە گووتن و پەیڤین بە زمانی دایک بێبەری کرابێ و زمانی دووەم، بە تایبەت زمانی ئینگلیزی جێگەی زمانی دایکی گرتبێتەوە و دواتر بگەڕێتەوە سەر فێربوونی زمانی دایک، جگە لە کەمایەتییەکانی لایەنەکانی دەروونی، پەیڤین و گووتن و بەکارهێنانی زمانی دایک، کارتێکردنی زمانی بێگانە بە سەر ئاخافتن و تێگەیشتن و دەربڕینی هەست و بۆچووونیدا زاڵ دەبێت.

هەربۆیە لە کوردستان و ئەو شوێنانەی زمانی دووەم لە باخچەی منداڵان و خوێندنگەکاندا بەسەر منداڵی سێ ساڵان و شەش ساڵان، داسەپێندراوە و زمانی دایک یاساخ کراوە، منداڵ نەک تەنیا بەرەو چەشنێک لە خۆبێگانەبوون دەبات، بەڵکوو بەرەو تێکدان و برینداركردنی هەستی ڕادەکێشرێ، بە بێ ئەوەی منداڵ خۆی هەست بەو کێشە بکات. منداڵ لەو بارودۆخەدا لەلایەن بنەماڵە و لەلایەن سیستەمی پەروەردە دەکەوێتە ژێر فشار و تەوژم، بۆ ئەوەی ئەو زمانانە بە باشی فێرببێت، تاوەکو ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ناو سیستەمی ئەو وڵاتانە، داهاتووی دڵخواز پەیدا بکات. ئەم پرۆسەیە لە لایەن سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتانە و تەنانەت بنەماڵەکان ئاسایی وەرگیراوە، لە کاتێکدا کاریگەری ئەم خوێندنگا فەرمییانە و هەژمموونی زمانی ئینگلیزی بە ڕوونی بەسەر نەوەکانمانەوە دیارە، زمانی دایکیان کە زمانی قسەکردنی خۆیانە لە ماڵەوە بیرچۆتەوە وە هەتاکو گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە زمانی ئاخاوتنی نێوان دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان زمانێکە کە جۆرێک لە زبریەتی پێوە دیار بێت، نەوەکان لە باوانیان تێنەگەن و باوان نەتوانێت بیرکردنەوەکانیان بگەیەنێتە نەوەکانیان.

## دووەم: نەبوونی زمانی ستاندارد

نەبوونی زمانی ستاندارد، یەکێکە لەو کۆسپ و تەگەرە گرنگانەی کە ڕێ لەبەرەوپێشچوونی زمانی کوردی دەگرێت، دەرهاوێشتەی نەرێنی بەسەر چەندین لایەنی ئەم زمانەوە دیارە، هاوکات نەبوونی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، یەکێکە لەو بابەتانەی کە خزمەتێکی زۆر کراوە وە ئارێشە و گرفتی زۆری هەیە، بەڵام ئەو ئارێشە و گرفتەی کە هەیەتی هێندە گرفت و ئارێشەی ڕێکنەکەوتنە، هێندە گرفتی زانستی نییە، بەربەستی سەرەکی ڕێکنەکەوتن و هەستی ناوچەگەرییەتییە، ئەگەرنا خزمەتکردنی زمانی کوردی لە ئاستێکی باڵادایە.

یەکێک لە لە هەرەشە گەورە و پڕ مەترسییەکان بۆ سەر زمان هاندانی زارەکانی و دروستکردنی ململانێیە لە نێوان زارەکانیدا، گرنگیدان بە زار لەسەر بنەمایەکی سیاسی یان ناوچەگەرییەتی مەترسی گەورە بۆ سەر زمان دروست دەکات. لەمڕۆدا بەداخەوە حکوومەتی هەرێم زۆر کەمتەرخەمانە کاریکردووە، ئەمەش ئەنجامی تێنەگەیشتنە لە ماهییەتی زمان و نەبوونی سیاسەتی زمان و پلانی زمانە، کە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر زمانەکەمان و دواتر جینۆسایدی زمانەکەمانی بە دەستی خۆمان لێدەکەوێتەوە. هۆکارێکی ئەوتۆ نییە کە زمانی ستانداردی کوردی نەیەتە ئاراوە، زمانی کوردی زمانێکی بەهێزە و لە دێر زەمانەوە زمانی کوردی زمانێکی چەسپاوە وە توانیویەتی خزمەتی هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری بکات و کۆمەڵی کوردەواری بە هەموو ئەو ئاستەنگیانەش کە لە زمانی کوردی هەیە لە هەموو بوارەکاندا بەکار دەهێنریت.
ئێستا ئەو هەژموونەی کە زمانی ئینگلیزی، هەیەتی لە هەرێمی کوردستاندا وەکو هەندێک لە زمانەکانی جیهان، زمانی کوردیش پاشەکشێی کردووە، بە تایبەتی لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا. زمانی کوردی زمانێکی دەستەوەستان نییە بەرامبەر بە زانستەکان بەڵکو زمانێکی زۆر بە پێز و زەنگینە وە تەنانەت خوێندن لە هەموو زانستەکان هەر بە زمانی کوردی بووە لە هەرێمی کوردستاندا، هەر لە کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٩٩ لە شەقڵاوە، بڕیار لەوە دراوە کە شێوەزاری سۆرانی ناوەراست بکرێت بە ئەو زمانەی کە لە پەروەردەدا پێی بخوێندرێت وە هەموو پرۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی کوردی دارێژراوە و خوێندراوە، ئەم چەند ساڵەی کۆتایی بەهۆی هەژموونی زمانی ئینگلیزییەوە وە خویندن لە خوێندنگە تایبەتەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو پاشەکشەیە برێک و هەندێک لە نەوەکانمان لە ئێستادا ڕەنگە ئەو توانایانەیان نەبێت یاخوود دەسەڵات شکاندنیان بەسەر زمانی کوردی نەبێت تاوەکو مەبەستەکانی خۆیانی پێ بگەیەنن.




## سێیەم: دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب

بۆچوونی د. ڕێبوار سیوەیلی (نووسەر و مامۆستای زانکۆ)، لە بارەی مەترسی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بەم جۆرەیە: ''ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، چونکە کەس خۆی بە خاوەنی زمانێکی پوخت و خاوێن نازانێ، ئەو زمانەی ئێمە لە مامۆستا گەورەکانی زمانی کوردییەوە فێری بووین، لە زمانناسە گەورەکان و زمانزانەکان لێرە دوو جیاوازی دەکەم لە نێوانی زمانزانەکان، ئەوە خەڵکی ئاسایی کوردە کە بە شێوەزاری خۆی بە پوختی هەزارەها ساڵە قسەی پێ دەکا، بەڵام زمانناسەکان ئەو پسپۆڕانەن لە بواری زماندا ئیشیان کردووە، زەحمەتێکی زۆریان بەم زمانەوە کێشاوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەکوو کارەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد، مامۆستا جەمال نەبەز وەکوو کارەکانی مامۆستای مودەڕیس و کورەکانی. ئەوانە ستانداردی زمانی ئێمەن یان زمانی فەرمی ئێمە بوون'' بەبۆچوونی سیوەیلی، ئێستا ئەم دۆخەی کە هاتۆتە پێش چاپەمەنی بە ئامانجی ئابووری گوێ نادەنە ئەو بەرپرسیارییەتییەی کەوتووەتە سەر شانیان بۆ

به خاوێن و به شکۆ ڕاگرتنی ئەو زمانەی کە بە میرات ماوەتەوە لەو دوو بەرەیەوە هەم خەڵک بە چ زمانێک قسەی کردووە، هەم پسپۆڕەکانی زمان چۆن زەحمەتیان کێشاوە لەپێناویدا ئەم خۆ بە خاوەن نەکردنە واتای ئەوەیە کە ئامانجی زمان وەک بەشێک لە شوناسی نەتەوەیی دەکەوێتە دەرەوە، و دەیکەین بە ئامرازێک بۆ دروستکردنی مادە و پارە. ئەمەی وەک خاڵی یەکەمی مەترسیەکە دەست نیشانکردووە، دووەم خاڵ مەترسی لای سیوەیلی کە درکمان پێکردووە، ئەم شێوە زمان و چاپەمەنییانەی ئێستا، زمانی پوخت و خاوێن و ڕەسەنی ئێمەی نزیک خستووەتەوە لە زمانی سۆشیالمیدیا، واتا نەخوێندەوارییەکی گەورەی هێناوە، بەوەی هەموو گەنجێک فێر دەکەی ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە بە کوردی نووسراون، ڕاستە بە کوردی نووسراوە بەڵام ئاستی زمانیان ئاستێکی سۆشیال میدیاییە. ئاستی زمانێک نییە کە لە پشتییەوە شوناسێکی گەورە خۆی شاردبێتەوە، ئەگەر تۆ بەراوردی دەقی شیعری کلاسیکی و دەقە ئاینییەکان بکەی (هەموو ئایینەکانی کوردستان) سەیر دەکەی، ئەو دەقانەیان بە چ زمانێکی شکۆدار و باڵا نووسیوە، باشە ئەگەر ئەهلی چاپەمەنی هۆشیار بوونایە بەم جۆرەی کە ئاماژەمان پێداوە، زمانیان ئاوا نەدەکردە قوربانی.

## تەوەری دووەم: هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی زمانی کوردی
## یەکەم: لایەنی سیاسی

ئەزموونی حکومڕانی کوردیی، بەتایبەت حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەتەمەنترین ئەزموونی دەسەڵاتی کوردییە، ئەم حکوومەتە پەرلەمان و دەستوور و ئاڵای خۆی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا بە فەرمی نەیتوانیوە زمانی فەرمی و زمانی ستانداردی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی سیاسەتی حزبی کوردییە، کە هێشتا نەتواندراوە بونیادێکی دەوڵەتسازی بینابکرێت لە قۆناغی میرنیشینی بۆ نەتەوەنشینی بپەڕێتەوە، ئەگەرنا هیچ حکوومەت و پەرلەمانێک کە دیاردەی دامەزراوەیی و دەوڵەتی بگەیەنێت، زمانی نەتەوە ئەوها فەرامۆش ناکرێت، ڕێگەنادات کە زمانی فەرمی و زمانی ستانداری خۆی نەبێت، و بێدەنگ نابێت کە لەو پەنا بێدەنگییەیدا خەریکە لە کۆڵەکەکانی نەتەوەیی بوون دەدرێت، لایەنە نا موسڵمانەکانی نەتەوەی کورد وەک (ئێزیدی، کاکەیی، شەبەک) بە ناوی خۆیان لە جەستەی نەتەوە جیا دەکرێنەوە.
تا ئێستا دەسەڵاتی کوردی لەمەڕ زمانی فەرمی دوو پرۆژەی دەستووری دەرکردووە، لەبەندی هەشتەمی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق هاتووە، (زمانی کوردی)، زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستاندا، کەچی لە پرۆژەی دەستووری دووەمدا، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، لە برگەیەکی ماددەی چوارەمدا هاتووە "کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن". لەم دوو بەندەدا پەرلەمان و حکوومەت ناسنامەی زمانی فەرمیی و زمانی ستانداردی کوردییان دیارینەکردووە، بە پێچەوانەوە بۆچوونی حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردلەگەڵ ئەوەشدا سەرۆککۆمار و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان حکوومەتی عێراقیدا بە کوردی قسە ناکەن، لە کاتێکدا مافێکی یاساییە بۆ کورد لە دەستووری عێراقیدا، دەستووری عێراقی و هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی پێداون، بە زمانی خۆیان قسە بکەن و ویست و مەبەستەکانیان بگەیەنن، بەڵام بەهۆی هەستی خۆ بە کەمزانینەوە لە ڕووی زمانەوە قسەی پێناکەن و لێدوان نادەن. هەرچەندە تاوەکو ئێستا چەندین هەوڵ هەبوونە بۆ نموونە هەوڵەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ خزمەتکردنی نووسەران و بە ستانداردبوونی زمانی کوردی، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کام لەو هەوڵانە بە تەواوی شوێنی خۆی نەگرتووە، کە بەرهەمە ڕاستەقینەکە بدەن بە دەستەوە کە ئەویش بە ستانداربوونی زمانی کوردییە. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو هەرێمی کوردستان دەتواندرێت چەند کارێکی لە پێشینەیی بکرێت بۆ هێشتنەوەی سەنگی زمانی کوردی لە ڕێگەی دەسەڵاتی یاسادانانەوە. بە تایبەت بۆ ئێستا کە لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتین، بۆ نموونە دەرکردنی پرۆژە یاسایەک بۆ بە کوردیکردن و بە کوردی نووسینی تابلۆ بازرگانییەکان و فرۆشتگاکان. ستان لەمەڕ زمانی فەرمی و ستاندار بۆچوونێکی نا دیموکراتییە، چونکە بە ڕوونی ناسنامەی زمانەکە دیاری ناکەن.

لە ساڵی ٢٠٢٣ بڕیارێک دەرچوو کە دەبێت هەموو فرۆشتگاکان تابلۆکانیان بە کوردی بێت، بەڵام ئەم بڕیارە پێوەی پابەند نەبوون و جێبەجێ نەکرا.بۆیە دەکرێت ببێت بە یاسایەک کە لە پەرلەمانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنیدا سزایەک دابنریت. هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بە کاریگەریی نەرێنییەکانی خوێندنگا نا فەرمیەکان کرد، لێرەدا دەسەڵات دەتوانێت چارەسەری ئەم دۆخە بکات بە دابینکردنی خزمەتگوزاری و کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندنگا فەرمییەکان بۆ ئەوەی ببن بە شوێنگرەوەیەکی زۆر باشی خوێندنگا نا تایبەتەکان، و دایک و باوکان ناچار نەبن لەبەر هۆکاری بێ خزمەتی و گرنگی پێ نەدانەوە منداڵەکانیان لە خوێندنگا تایبەتەکان، بخوێنن، هەروەها دانانی هەندێک مەرج بۆ خوێندنگا تایبەتەکان، کە پەیوەستبن بە بایەخدان بە زمانی دایکی منداڵەکان بەتایبەت ئەوانەی کە قۆناغی سەرەتایین. هەروەهادانانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ چاودێریکردنی ڕەوشی زمان و هەموو ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی ڕۆژانە دەردەچن، خاڵێکیتر دانانی سنوورێک بۆ کۆچکردنی بە لێشاوی خەڵکانی بیانی لە نێویشیاندا عەرەب بە پلەی یەکەم و تێکەڵبوونیان بە دانیشتوانی شارەکانی هەرێمی کوردستان. لە هەمان کاتدا هاتنی کرێکار و خاوەنکاری بیانی و دانانی پڕۆژەی کار لە شارەکان، و دەستگرتن بەسەر پڕۆژەکانی شارەکان، بە هەمانشێوە، بۆ پێدانی هەلی کار زمان مەرجی یەکەم بێت بێگانەکان، ئەمە دەکرێت ببێت بە تێکهەڵکێشی هۆکارەکەی پێش خۆی، و بە یەکەوە تاکی کورد ناچار دەکەن بۆ بژێوی ژیانیان پەنا بۆ زمان بێگانەکان ببەن.

## دووەم: لایەنی پەروەردە و ڕۆشنبیری

یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی نەتەوەسازی پەروەردەیە، بۆیە هەر گۆڕانکارییەک کە بمانەوێت بێتە ئاراوە دەبێت سەرەتا لە پەروەردەوە دەست پێبکەیین، چونکە چەقی هەموو گۆڕانکارییەکان لە پەروەردەوە دەست پێ دەکات و پەرە دەسەنێت. قوتابخانە و زانکۆکان وەک ماڵی دووەمی منداڵان و خوێندکاران دەبێت بە پەروەردەکاری دووەمیشی، بەداخەوە کە ناتوانن وەکو پێویست ئەم ڕۆڵەی خۆیان بگێڕن، و بە گرنگییەوە ناڕواننە پرسە هەستیارەکانی وەک زمان و کاری لەسەر ناکرێت.

سالانە یان چەند ساڵ جارێک بە مەبەستی چاککردن و گۆڕانکاری، وەزارەتی پەروەردە کۆنفراس ئەنجام دەدات، کەچی کێشەی پەروەردە ساڵ بە ساڵ ڕوو لە زیاد بوونە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە مەبەست لە بەستنی ئەم کۆنفراسانە چارەسەری بنەڕەتی کوالێتی پرۆسەکە نییە، ئێمە تاوەکو بیر لە بونیادنانی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی هاوچەرخ نەکەینەوە و ئاراستەکان نەگۆڕین بۆ خزمەتی گشتی و پرۆسە پەروەردەییەکە، ئەوا دۆخەکە هەر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە. زانکۆکان کە باڵاترین ناوەندی ئەکادیمین لە کۆمەڵگە، کۆمەڵێک گەنجی چالاک و پر ووزە لەبەر دەستیان پێدەگات، لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکان دەتوانن دەست بۆ زۆر بابەت ببەن و بیوروژێنن، پەنجە بخەنە سەر گرفتەکان و دیاریکردنی چارەسەر بۆ کێشەکان، بە تایبەت بەشەکوردییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

## سێیەم: لایەنی ئایینی

ڕاستە کۆمەڵگای کوردی هەڵگری کۆمەڵێک ئایدیا و بڕوای ئایینی جیاوازە، بەڵام ڕێژەی زۆرینە بڕواداران سەر بە ئاینی ئیسلامن، هەڵبەتە پێویستی چارەسەرکردنی بابەت لێمان دەخوازێ کە بە چڕی بیرمان لەسەر ئیسلام بنیشێتەوە. ئیسلام وەک ئایینێکی خاوەن کتێب و قوتابخانە، مرۆڤی موسڵمان هان دەدات فێری خوێندن و نووسین بێت.

قوتابخانە ئایینیەکان بەدرێژایی مێژووی ئەم ئاینە، گرنگترین مەڵبەندێک بووە بۆ بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لە نێو میللەتانی موسڵماندا، هەر لەم قوتابخانانە دەستەیەکی زانا و خوێندەوار پەروەردە بوون کە پێیان دەگوترێت مەلا، لەسەر دەستی ئەم مەلایانە ئەدەبیاتی کوردی بە زارە کوردییەکان لە سەرانسەری کوردستان هەر لە سەدەی چواردەمی زایینییەوە دەست پێ دەکات هەتا پەیدابوونی خوێندنی مۆدێرن لە سەدەی بیستەم. ئەم قوتابخانانە مەلا پەرێشان، عەلی حەریری، ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، فەقێ تەیران، مەلای باتەیی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا محەمەدی هەزارمێردی (ابن الحاج)، نالی، سالم، مەحوی، کوردی، حەریق، مووفایی، مەولەوی، شێخ حوسێنی قازی، فەقێ قادری هەمەوەند، مەلای جەباری، سەی یاقۆ، ئەدەب، ئەدیب، ئەحمەدی خاسێ، و بە دەیان مەلا و زانای دیکەی پەروەردە کردووە. بۆ گەیاندنی پەیامی دینەکە مەلوودنامە و عەقیدەنامەیان بە کوردی نووسیوە، کە بووە بە سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی، لوغەتنامەی کوردی و عەرەبییان داناوە کە بووە بە سەرەتای کۆکردنەوەی وشەی کوردی و دانانی فەرهەنگ بۆ زمانی کوردی.

بەهۆی چەندین هۆکاری وەک زیادبوونی خوێندنگە و ناوەندە ئەکادیمییەکان مامۆستایانی ئایینی ئەم ڕۆڵەیان زۆر نەماوە کە بتوانن خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردییەوە بکەن، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دەستەوەستانن بەڵکو لە ئێستاشدا زۆر مامۆستای ئایینیمان هەیە کە خزمەت بە زمانی کوردی دەکات، وتارەکانیان بە زمانی کوردییە، و شارەزای بواری زمانی کوردی و ئەدەبن و هاوکات شاعیرن، بەڵام بە بەراورد بە جاران کەمتر دەردەکەون، چونکە ڕێژەیان زۆربووە و ناوەندەکانی خوێندنیش ڕوویان لە زیادبوون کردووە. بە پێی ئەوەی مامۆستایانی ئایینی بە هۆکارێکی کاریگەر دادەنرێن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، کەسانێکن کە ڕاستەوخۆ پەیامەکانیان دەگات بە خەڵک، بۆیە دەتوانن بەشداری کارایان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و قسەکردن لەسەر گرنگی و پێویستی بایەخدان بە زمانی کوردی و پاراستنی.

## چوارەم: لایەنی کۆمەڵایەتی

لایەنی کۆمەڵایەتی، خۆی لە دوو ئاستدا دەنوێنێت، یەکەمیان نزمی ئاستی هۆشیاریی تاک، هۆشیاری ناسین و زانینە، ئاگا و هەستکردنە و تێگەیشتنە، لە بارەی بار و پێکهات و دیاردە و گیروگرفت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چەند کۆمەڵگە پێشکەوتووبێت و زانینی لەبارەی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی و کاروانگەی پەرەسەندن و پێشکەوتنیان ببێت، ئەوەندە ڕۆڵەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتییان دەبێت.
خێزانەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە هۆشیارکردنەوەی منداڵەکانیان، بەڵام بەر لەوە دەبێت خۆیان هۆشیاری تەواویان هەبێت لەبارەی هەستکردن بە گرنگی ئەو بابەتانەی کە هۆکاری مەترسین لەسەر نەتەوە و بونیادی کەسییەتی منداڵەکانیان، بەداخەوە ئەم ڕۆشنبیری و هۆشیارە لە ئاستێکی باشدا نییە، بۆ نموونە هەر خێزانێک کە داهاتێکی باشی لە دەست هەبێت، ڕاستەوخۆ منداڵەکانی دەخاتە بەر خوێندن لە خوێندنگا نا فەرمییەکان، بەبێ گەڕانەوە بۆ زانینی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی کە لە دوارۆژدا لەسەر منداڵەکەدا دروست دەبن. سەرباری ئەوەش بەشێک لە دایکان و باوکان وەکو پێویست هاوکار نابن بۆ فێرکردنی ئەو بابەت و لایەنانەی کە بە ناتەواوی لە خوێندنگاکان فێری منداڵەکان دەکرێن، بەو واتایەی پەروەردەی منداڵەکانیان تەنیا بە شاشە و بەو قوتابخانانە دەسپێرن، خۆیان هەماهەنگ نابن پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەکەدا، و کاتی تایبەت بۆ لەگەڵبوونیان تەرخان ناکەن.
دووەمینیان ڕاگەیاندنە، ڕاگەیاندن هۆکارێکی سەرەکی ئەم دۆخەیە کە نەیانتوانیوە بە شێوازێکی تەندروست و ڕاست پەیام و ئاماژە ڕاستەکان بگەیەنن، ڕاگەیاندنی نیشتمانی بۆشاییەکی گەورەی هەیە و لە نەبوونیشیدا چەندین دەزگای میدیایی کە ڕۆڵی خراپیان گێڕاوە بۆ هاوردەکردنی کلتووری بە ئامانج گیراوی دوژمنانی کورد و بە هێواشی کارلێکردنی بۆ ناو هەر ماڵێك و هەر تاکێك و ڕەنگدانەوەکەشی ئەوەیە کە دەیبینین. پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری بیکاتە مەرج بۆ دەزگاکانی میدیا و کەناڵەکان کە هۆشیاری تاك بڵاوبکەنەوە و لیژنەی تایبەت و پسپۆڕ هەبێت بۆ ئەوەی ئەو بەرنامە و گۆرانی و فیلم و شانۆگەری و هەر بابەتێکی تر کە هەیە بەو فلتەرە بڕوات و نەهێڵرێت شتی پڕوپووچ و خراپ بڵاوبکەنەوە و هەماهەنگیش هەبێت لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو و سیستمێکی سەردەمیانە و قۆناغ بە قۆناغ خولی جۆراوجۆر و تایبەتی هۆشیاری بکەنەوە.

# ئەنجامەکان

لە میانەی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە شیکارییەدا، گەیشتین بە چەند ئەنجامێک، لێرەدا بە کورتی دەیانخەینەڕوو:

هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی دایک و باوکان منداڵەکانیان لە خویندنگا تایبەتەکان، تۆمار بکەن و لەو قوتابخانانەی نەوەکانیان بخوێنن، نەبوونی خزمەتگوزاری و بەڕێوەنەچوونی باشی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەیە لە خوێندنگا حکوومیەکاندا.

هێنانەکایەی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی و زمانی ستاندارد، چارەسەری زۆربەی گرفتەکانی زمانی کوردی دەکات، کە لەم ڕاپۆرتە شیکارییەدا ئاماژەمان پێداوە.

گرفتەکانی بەردەم پاراستنی زمانی کوردی، گرفتی هێندە گەورە و زانستی نین، بەشی زۆری چارەسەرەکانیان لە دەست دەسەڵاتە. بۆ چارەسەرکردنیشیان پێویستی بە پلانێکی تۆکمە و جێبەجێکردنێکی وردی سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن هەیە لەلایەن  لایەنە پەیوەندیدارەکانی حوکمرانی لە هەرێمەکەماندا.

# سەرچاوەکان


/ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانی ستانداردی کوردی، ل١٣، چا.یەکەم، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٣، هەولێر.

٢/ https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=١٣١٤٢&type=farhang

٣/ د. ڕەحیم سورخی، زمان و وێژەی کوردی، کوردستانیکا، ٢٠٢٣، هەولێر.

٤/ سەدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨، هەولێر.

٥/ د. ڕەحیم سورخی، زمان و وێژەی کوردی، کوردستانیکا، ٢٠٢٣، هەولێر.

٦/ فلیپ کرینبرۆک- کرستییەن ئاڵیسۆن، کلتوور  وناسنامەی کورد، و. وریا ڕەحمانی، چا. خانێ، ٢٠٠٨، دهۆک.

٧/ سەلام ناوخۆش، ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی، چاپخانەی تەفسیر، ٢٠١٣، هەولێر.

٨/ د. قەیس کاکل، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمانی، ٢٠٠٧، هەولێر.

٩/ مەلاخدری شارەزووری، نالی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتح عەبدولکەریم، چا. دووەم، ٢٠١٠، ڕۆژهەڵات.

١١/ د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانی ستانداردی کوری، ٢٠١٣، هەولێر.

١٢/ https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=١٧٠٠٠&type=farhang

١٣/ دیمانەی د. کاروان عومەر، جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٢٥/٢/١٩،هەولێر.

١٤/ د. دارا حەمید محەمەد، جینۆسایدی زمان (زمانی کوردی بە نموونە)، کۆلێژی پەروەردە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٧، کەلار.

١٥/ دیمانەی د. کاروان عومەر، جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٢٥/٢/١٩،هەولێر.

١٦/ دیمانەی د. ڕێبوار سیوەلی ، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، ٢٠٢٥/٢/١٩، هەولێر.

١٧/ سەلام ناوخۆش، ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی، چاپخانەی تەفسیر، ٢٠١٣، هەولێر.

١٨/ https://xelk.org/١٤٣١١/٢١/

١٩/ ڕەئوف محەمەد ئالانی، بێئاکامی کۆنفراسە پەروەردەییەکان، گۆڤاری پرسی کورد، ژمارەی یەکەم، ٢٠٢٤، سلێمانی.

٢٠/ دیمانەی د. ئاراس حەمەساڵح، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، ٢٠٢٥/٢/١٩.

٢١/ دیمانەی د. ئاراس حەمەساڵح، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، ٢٠٢٥/٢/١٩.

٢٢/ فوئادی تاهیر سادق، کتێبی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، ٢٠٠٨، هەولێر.

٢٣/ /https://kurdishdc.org/ku/birora/٥٦٨٠/



**چرا یاسین**

# دەروونزانی - کۆمەڵناسی

ژمارەی هەشتەم

خەرمانان ٢٠٢٥



# بۆچی مرۆڤەکان پەنا دەبەنە بەر مەرگی خۆیان و ئازیزانییان

لە ڕوانگەی دەروونییەوە، توندوتیژی بە چەک و کوشتن چ کوشتنی کەسانی تر بێت یان خۆکوشتنن لە باشووری کوردستان، دیاردەیەکی ئاڵۆزە و چەندین ڕەهەندی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری لەخۆدەگرێت. ئەم دیاردەیە تەنها دەرئەنجامی یەک هۆکار نییە، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری پێکەوەبەستراون کە کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن.

یەکەم، کاریگەرییەکانی تراوما و شەڕ: مێژووی درێژخایەنی شەڕ و پێکدادان لە ناوچەکەدا، وەک چەندین قۆناغی شەڕی ناوخۆ و دەرەکی، بووەتە هۆی دروستبوونی تراومایەکی دەروونی بەرفراوان لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا. ئەم تراوما یە تەنها بریتی نییە لەو برینانەی لە جەستەدا دروست دەبن، بەڵکو زیاتر کاریگەری لەسەر دەروون و بیرکردنەوەی تاکەکان دادەنێت. زۆرێک لەو کەسانەی لە ژینگەیەکی پڕ لە توندوتیژیدا گەورە بوون، یان شایەتی ڕووداوە دڵتەزێنەکان بوون، تووشی حاڵەتەکانی پۆست-تراوماتیک ستێرس دیسۆردەر (PTSD)، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، و تێکچوونی کەسایەتی دەبن. ئەم حاڵەتانە دەتوانن هەستی بێهیوایی، تووڕەیی قووڵ، و بێزاری لە ژیان دروست بکەن، کە لە ئەنجامدا تاکەکان زیاتر مەیلیان بۆ هەڵسوکەوتی توندوتیژانە یان خۆکوشتن دەبێت. توێژینەوەکان بە ڕوونی دەریانخستووە کە کۆمەڵگا دوای شەڕەکان، ڕووبەڕووی زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی خێزانی، تاوان، و خۆکوشتن دەبنەوە، چونکە بەها کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەبن و متمانە لەناو دەچێت.

دووەم، گوشارە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان: نائارامی ئابووری، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، و کەمیی هەلی کار و داهات، بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا، دەتوانن ببنە هۆی هەستکردن بە بێسوودی، نائومێدی، و بێزاری لە ژیان. کاتێک تاکێک هەست دەکات کە هیچ داهاتوویەکی نییە و ناتوانێت پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی دابین بکات، ئەوا تووشی فشاری دەروونی زۆر دەبێت. ئەم فشارە دەروونییە دەتوانێت ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زیادبوونی کێشەی خێزانی، و لە ئەنجامدا مەیلی زیاتر بۆ توندوتیژی یان خۆکوشتن. هەژاری و نەبوونی ئاسایشی ئابووری، زۆرجار دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا، و ڕێگە خۆش دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردە نەرێنییەکان.

سێیەم، نۆرمە کولتوورییەکان و ستیگما کۆمەڵایەتییەکان: لە هەندێک کولتووردا، چەمکی "شەرەف" و "پیاوەتی" بە شێوەیەک لێکدەدرێنەوە کە توندوتیژی و بەکارهێنانی چەک وەک نیشانەی هێز و بەرگریکردن لە خۆ دەبینرێت. ئەمەش دەتوانێت بڕیاردان بۆ بەکارهێنانی چەک لە کاتی ناکۆکییەکاندا ئاسانتر بکات. هەروەها، بەردەستبوونی ئاسانی چەک لە کۆمەڵگادا، بەتایبەتی لە فەراغی نەبوونی یاسای توندوتۆڵ و کۆنترۆڵی حکومیدا، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زیادبوونی توندوتیژی. کاتێک چەک بە ئاسانی دەست دەکەوێت، ئەگەری بەکارهێنانی لە کاتی تووڕەیی، ناکۆکی خێزانی، یان کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر دەبێت. جگە لەوەش، ستیگمایەکی گەورە هەیە لەسەر داواکردنی یارمەتی دەروونی. زۆرێک لە خەڵک لە ترسی ئەوەی کە بە "شێت" یان "لاواز" ناوببرێن، ئامادە نین داوای یارمەتی لە پسپۆڕانی دەروونی بکەن، ئەمەش وادەکات کێشە دەروونییەکانیان قووڵتر ببنەوە و لە کۆتاییدا ڕێگە بۆ هەڵسوکەوتی توندوتیژانە خۆش بکەن.

چوارەم، کەمیی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی: کەرتی تەندروستی دەروونی لە باشووری کوردستان هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە. کەمیی ژمارەی پسپۆڕانی دەروونی، دەروونناس، و سەنتەرەکانی چارەسەری دەروونی، وایکردووە کە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە پێویستەکان زۆر قورس بێت. زۆرجار ئەو خزمەتگوزارییانەش کە هەن، بە نرخێکی بەرزن و هەموو کەسێک ناتوانێت سوودی لێ ببینێت. نەبوونی هۆشیاریی گشتی لەسەر گرنگیی تەندروستی دەروونی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە دەروونییەکان، وایکردووە کە زۆرێک لە خەڵک نەزانن چۆن یارمەتی وەربگرن یان کەی پێویستە داوای یارمەتی بکەن. ئەم کەموکوڕییانە ڕێگری دەکەن لەوەی تاکەکان لە کاتی گونجاودا چارەسەری پێویست وەربگرن، و ئەمەش وادەکات کێشەکانیان قووڵتر ببنەوە.

## بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، پێویستە ستراتیژییەکی گشتگیر و فرە-ڕەهەند پەیڕەو بکرێت:

١. **باشترکردنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی:** ئەمە دەبێتە یەکەم هەنگاو. پێویستە حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان وەبەرهێنان لە کەرتی تەندروستی دەروونیدا بکەن، ژمارەی پسپۆڕان زیاد بکەن، سەنتەری چارەسەری زیاتر بکەنەوە، و خزمەتگوزارییەکان بە نرخێکی گونجاو یان بە خۆڕایی دابین بکەن. هەروەها، پێویستە هۆشیاریی گشتی لەسەر گرنگیی تەندروستی دەروونی بەرز بکرێتەوە و خەڵک هان بدرێن بۆ داواکردنی یارمەتی.

٢. **دروستکردنی هەلی ئابووری و کەمکردنەوەی بێکاری:** چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان، دەتوانێت هەستی نائومێدی و بێسوودی کەم بکاتەوە و ئاسایشی ژیانی تاکەکان دابین بکات. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی و خۆکوشتن دەبێت.

٣. **هاندانی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ستیگما:** پێویستە کۆمەڵگا بە گشتی هان بدرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی تەندروستی دەروونی و توندوتیژی. کەمکردنەوەی ستیگما لەسەر داواکردنی یارمەتی دەروونی، وای دەکات خەڵک بە ئاسانی داوای یارمەتی بکەن و چارەسەری پێویست وەربگرن.

٤. **جێبەجێکردنی یاسای توندوتۆڵ بۆ کۆنترۆڵکردنی چەک:** پێویستە حکومەت یاسای توندوتۆڵ بۆ کۆنترۆڵکردنی چەک جێبەجێ بکات و ڕێگری لە بەردەستبوونی ئاسانی چەک بکات. ئەمەش دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی توندوتیژی بە چەک کەم بکاتەوە.

٥. **پەروەردە و هۆشیارکردنەوە:** پێویستە لە قۆناغەکانی سەرەتایی پەروەردەوە، گرنگیی تەندروستی دەروونی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فشارە دەروونییەکان بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە. ئەمەش دەتوانێت نەوەیەکی هۆشیارتر و تەندروستتر دروست بکات.

بە گشتی، چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە پێویستی بە هەوڵێکی هاوبەش هەیە لەسەر ئاستی حکومەت، کۆمەڵگای مەدەنی، خێزان، و تاکەکان، بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام و تەندروست بۆ هەمووان.



ئیبراهیم لێڤای



# نەخۆشییە دەروونییەکان لە منداڵاندا

چەندین جۆری نەخۆشی دەروونی لە تەمەنی منداڵیدا توشی مرۆڤ دەبن. بەگشتی دەتوانین بیانکەین بە دوو گروپەوە:
یەکەم. ئەو نەخۆشیانەی تەنها لە تەمەنی منداڵیدا ڕوودەدەن، بەتایبەت لە خوار تەمەنی قوتابخانەوە. واتە ئەم نەخۆشیانە پەیوەستن بە تەمەنی منداڵییەوە. بەشێکیان هەتا گەورەییش لەگەڵ مرۆڤدا دەمێننەوە وەکو ئۆتیزم، دواکەوتەی گەشەی ژیری، گرانی لە فێربوون، ... هەندێکیشیان بە تەمەن یان چارەسەر باشدەبن وەکو لادانە ڕەفتارییەکان، هەشیانە دەرئەنجامی جیاوازە وەکو جوڵەزۆری کەمتەرکیز کە بەشێکیان لە تەمەنی منداڵی و نێوجەوانی تێیدەپەڕێنن و هەندێک لە توشبوان لە تەمەنی گەورەییش لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە.
دووەم. نەخۆشییە دەروونییە گشتییەکان; ئەم نەخۆشیانە لە هەموو تەمەنێک ڕوودەدەن بەڵام زۆرجار لە تەمەنی نەوجەوانی و پێگەیشتوییدا دەناسرێنەوە، زۆربەی نەخۆشییە دەروونیییەکان دەگرێتەوە. وەکو خەمۆکی، واسواسی، دڵەڕاوکێ، فۆبیا، ...
ئەم گروپە زۆرجار خانەوادە نکوڵی دەکات لە بوونی یان پێیانوایە کە لە منداڵاندا نەخۆشی دەروونی ڕوونادات! ئەمەشس بەهۆی کەمی زانیاری و هۆشیارییەوەیە. لەبەرئەمە زۆرجار دایباب و خانەوادە منداڵەکەیان سەرزەنشت دەکەن لەسەر نەخۆشییەکی دەروونی کە توشیانبووە و نازانن ڕەفتارەکانی منداڵەکە بەهۆی نەخۆشییەوەیە نەک لادان بێت. بۆنمونە:
-بەهۆی واسواسییەوە منداڵەکە پرسیار دووبارە دەکاتەوە یان ڕەفتاری دووبارەی هەیە و بەوهۆیەوە تەمبێدەکرێت هەتا ئەو ڕەفتارە دووبارە نەبێتەوە.
-منداڵێک هەست بە دڵتوندی دەکات و دەگری و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرزەنشتکردن و لۆمەکردنی لەلایەن خێزانەوە.
-دڵەڕاوکێ و ترسەکانی منداڵ دەبنە سەرچاەی سوکایەتی و گاڵتەپێکردن لەلایەن خانەوادەوە.
ئەو نمونانە هەر ئاسان و سادەکانن، ئەگەرنا کردەوە و ڕەفتاری هەڵەی مەترسیدار و خراپی تر زۆرە کە بەرانبەریان ئەنجامدراوە و دەدرێت. ئەمە جگە لە گرتنەبەری ڕێگەی هەڵەی تری وەکو بردنە لای بازرگانانی ئاین و بە لێدان و شێوازی هەڵە جارەسەر دەکرێن!
بە گوێرەی داتا و توێژینەوە زانستییەکان نزیکەی دوو لەسەر سێی نەخۆشییە دەروونییەکان لە خوار تەمەنی ١٤ ساڵی دەردەکەون! لەبەرئەوە پێویستە دایباب بەئاگابن سەبارەت بە نەخۆشی و گرفتە دەروونییەکان لە منداڵەکانیاندا، چونکە فەرامۆشکردن و گوێپێنەدان دەبێتە هۆی خراپبوونی دۆخی دەروونی منداڵ لە گەورەییدا و هەندێکجار کارەساتی لێدەکەوێتەوە، بە پێچەوانەوە زوو چارەسەرکردن و بەدەمەوەچوونیان دەبێتە هۆی رزگاربوون و دەرئەنجامێکی باش!
بیرۆکەیەکی هەڵەیە کە خەڵکی پێیانوایە منداڵان توشی نەخۆشی دەروونی نابن، لەوانەیە منداڵەکەت تەمەنی ٦ ساڵ بێت و واسواسی لەگەل بێت، یان منداله هەشت ساڵانەکەت توشی خەمۆکی بوبێت...
چارەسەر لە منداڵاندا وەکو گەورەکانە، بەڵام لە زۆربەی حالەتەکاندا سەرەتا چارەسەری دەروونی بەکاردەهێندرێت پاشان ئەگەر پێیویستبوو دەرمان دەدرێت...
بە هیوای بەدوربوون لە نەخۆشییە دەرونییەکان...

د.جەعفەر عومەر

# کاتێ منداڵین چاوەکانمان پڕن لە خەون و ئاوات



کاتێ مناڵین، چاوەکانمان پڕن لە خەون و ئاوات، بە خۆشی ئەم خەونانەوە هەنگاو دەنێین و ئەم خەونانە وزەی پێیەکانمانن؛ هەمیشە خەیاڵی بەیانیەکمان هەیە، بەیانییەک کە ئەم شتە و ئەو شتەی تێدا دەکەین، کە وامان لێدەکات بگەین بەمە و بەوە، هەر بۆیەشە هەموو مناڵێک دەیەوێت زوو گەورە ببێ، چون گەورەبوون بەو دۆخە دەبینێ کە تێیدا ئازادە و دەسەڵاتی تەواوی شوێنکەوتن و بەدیهێنانی خەونە مناڵییەکانیی تێدا هەیە. بەڵام هەر ئەو مناڵە کە گەورەبوو، لەگەڵ یەکەمین ئەزموون و بەرکەوتنی سەرەتایی بە ژیان و واقع، هەر ئەو کاتەی ڕەقی ژیان لە شوێنێکی دەشکێنێ، هەر ئەو کاتەی گێژەڵووکەکانی گێژ و سەرلێشێواوی دەکەن، لەو کاتەوە وردە وردە خەونەکانی وەکو پولی دۆمینەی بەدوای یەکدا ڕیزبوو بەدوای یەکدا دەڕوخێن، هەستێکی زۆر ناخۆشە کە ئەو شتانەی خۆشت دەوێن و سەرچاوەی ئیلهام و جوڵە و وزەبوون بۆت یەک یەک لەبەرچاوتا بڕوخێت و بێدەسەڵاتیشبیت لە بەرامبەر ئەم دۆخە.
ئا لەم قۆناغە مرۆڤ چەند مێکانیزمێک دەگرێتە بەر تا بتوانێت بەرگەی ئەم نەهامەتییە گەورەیە بگرێ... یەکێ لە ڕێگە باوەکان ئەوەیە کە هێندە بە قوڵی خۆت هەڵبخەڵەتێنیت کە وای دەرخەیت ئەسڵەن خەون و ڕۆیاکانی منداڵیت ئەسڵەن بوونی نەبووە و تەنها گروگاڵێکی بێتاوانانە بوون نەک خەون و ئاواتی ڕاستەقینە، وە دواتر لەوێوە شوێنکەوتنی واقعی نوێ وەک خەونی نوێ و وا دەرخستن کە هەر لە یەکەمەوە بەڕاست تۆ ئەمەت لە ژیان و خۆت ویستووە.
ڕێگەیەکی دیکە خۆ بەنجکردنە، بێگومان شتەکە سادەیە گەر بێهۆشبین ئاگامان لە هیچ نیە، گەر ئاگاشمان لە هیچ نەبێت ئەوکات هەرگیز هەست بەو ڕاستیە ناکەین کە خەون و خەیاڵەکانمان چۆکیان داداوە لەبەردەم ڕاستی و واقعی تاڵدا.
ڕێگەیەکی زۆر باویش بۆ ئەم کارە، خۆ مەژغوڵکردنی بەردەوامە بە چێژ و ویستی کورت خایەن، وا خۆ دەرخستن بەوەی تەواو هیچمان لا گرنگ نیە، زۆر کات ئەمە بەسەر ئەوانەدا دێت کە پێشتر زۆر ئایدیاڵانە لە ژیانیان ڕووانیوە، هەر بۆیە دەوترێت " لە پشت هەموو پووچگەرایەکەوە، ئایدیالیستێکی دڵشکاو هەیە".
هەندێکیش هەن خۆشبەختانە بۆیان سروشت هێندە بێڕەحم نەبووە لەگەڵیان هەربۆیە گەر پێویستیشیان بە ئەوانەی سەرەوە بێت کەمتر و جیاوازتر پێویستیانە.

ژیانی مرۆڤ پرۆسەیەکی بەردەوامە لە دڵشکان و ڕازیبوون بەو دڵشکانە. لە کەوتن و تیماربوون، ئا لێرەوە مرۆڤ دابەشدەبێ، ئەو کەسانەی کە بۆ هەمیشە دەتوانن خەون ببینن دەمێننەوە، ئەوانەشی لە دڵسۆزی و بەسۆزی و وەفایان ناتوانن بەتەواوی خەونە کۆنەکانیان جێ بهێڵن و خەونی نوێببینن سەرەنجام ڕۆژێک بێزاریەکی زۆر دایدەگرێت و بەدوایدا خەم و خەمۆکی. کەواتە خەمۆکی، نەمانی توانای خەون بینینە.

سیڤەر موحەممەد




خەم و نارەحەتی درێژخایەن تەنها کاریگەری دەروونی نییە، بەڵکو کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ و تایبەتی هەیە لەسەر جەستە و تەندروستی فیسیۆلۆژی مرۆڤ. بەپێی زانستی پزیشکی و نیۆرۆسایەنسی،
ئەم کاریگەریانەی خوارەوە زۆر دیار و پەسەندکراون:

١ کاریگەری لەسەر دڵ و گۆڕانکارییەکانی خوێن
غەم فشاری خوێن زیاد دەکات، دڵ زۆرتر کار دەکات، و بە درێژایی کاتدا دەتوانێت هۆکاری نەخۆشییەکانی دڵ بێت. کاریگەرییەکی درێژخایەن هەیە بۆ هۆی ئەنجامدانی جەڵدەی دڵ (heart attack).

٢ بەرزکردنەوەی هۆرمۆنەکانی سترێس (Stress Hormones)
بەهۆی خەمە درێژەکەوە، جەستە هۆرمۆنەکانی وەک کۆرتیزۆل و ئەدرێنالین زیاد دەکات. ئەمە دەبێتە هۆی تێکچوونی بەرگری و سوتاندنی ماسولەکان،و نائارامی گشتی.

٣ کاریگەری لەسەر سیستەمی هەرسکردن و خواردن. خەمی زۆر دەتوانێت کرداری هەرسکردن تێک بدات. هەروەها خەم دەتوانێت هەوڵە خواردن کەمتر یان زیادتر بکا، بەپێی جەستە و ڕەوشت.

٤ تێکچوونی سیستەمی بەرگری (Immune System Suppression)
غەم و نارەحەتی درێژخایەن، بەرگریی جەستە لە تووشبوون بە نەخۆشی کەم دەکات. ئەمە وەک گۆڕانکارییەکانی هۆرمۆنەکاْن کار دەکات، بە تایبەتی کۆرتیزۆل.

٥ ئازار (Fatigue & Aches)
خەمی زۆر دەتوانێت هۆی هەست بە ماندوویی، تەنگی ماسولەکان، و زەحمەت لە تێکچوونی ژیان بێت.
زۆرجار بەم شێوەیە گەردەڵۆک دەکرێت بە ڕووداوی فیزیایی، بەڵام ڕەگەزێکی دەروونییە.

٦ خەوتنی نائارام (Sleep Disruption)
خەمی زۆر دەبێتە هۆی خەوتنی کەم و گرفتی خەوتن.

٧ کاریگەری لەسەر جێگر و ڕوانگۆڕان
زۆری خەم دەتوانێت بە هۆی بەرزبوونی کۆرتیزۆل، کاری جێگر بگۆڕێت و مێشک کاری بەرەوپێش بردنی هۆشبەری کەم بکات. هەروەها بەرزبوونی خەم بە درێژایی کاتدا دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر ڕووبارە شیمیاییەکانی مێشک وەک سێرەتۆنین و دۆپامین کە بە هۆی ئەوە دەتوانێت مرۆڤ هەست بە نەخۆشی دەروونی بکات.
زیادکردنی هۆرمۆنەکانی دڵخۆشی

زیادکردنی هۆرمۆنەکانی دڵخۆشی(وەک سێرۆتۆنین، دۆپامین، ئۆکسیتۆسین و ئەندۆرفین) بە شێوەیەکی سروشتی و ڕاستەوخۆ ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ باشترکردنی دڵخۆشی. ئەمە ڕێگا تایبەتییەکانن بۆ زیاترکردنیان:

وەرزشکردن
وەرزش‌کردن بە تایبەتی وەرزشە کە توندییەکی ئاساییان هەیە وەک ڕۆیشتن بەپێ، یۆگا، تێرکردنی جەستە ئەندۆرفین زیاد دەکات، کە هۆرمۆنی "هەستکردن بە خۆشییە".

٢ خۆراکی باش
خۆراکەکانی دەروون ئارام دەکەن و سێرۆتۆنین زیاد دەکەن،وەک: مۆز، شۆکۆلاتەی ڕەش، ماسی چەندەری، زەردەچوو، و گەرمەکانی ئۆمێگا.
خواردنی ڕووخەنە و ڕووناکی خۆراکی دەولەمەند بە ( tryptophan )

٣ ڕەوشتە تایبەتییەکان
خەندە و دڵخۆش بوون، سەیرکردنی فیلمی خەندەدار یان گەیشتن بە کەسە خۆشەویستەکانی خۆت. گوێگرتن لە موسیقای دڵخۆشکەر، چاوپێکەوتن، باوەشکردن ،هەست بە نزیکبوون.  ئۆکسیتۆسین زیاد دەکات.

٤ هەناسەی قووڵ و مەدیتەیشن
ئەمە فشار کەم دەکاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ هاوبەشی هۆرمۆنەکانی دڵخۆشی.

٥ خەوتنی باش
خەوی ئاسودە پێویستی بە کاتە، هۆرمۆنی دۆپامین و سێرۆتۆنین دەستکاری دەکات.

٦ تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تر و کۆمەڵایەتیبوون.

٧ گوێگرتن لە مۆسیقای ئارامبەخش.

٨ نووسینەوەی هەست و ڕووداوەکانی ڕۆژانە.

٩ پلان دانان بۆ گەیشتن بەئامانجانێک.

١٠ خواردنەوەی قاوە بە ڕێژەی گونجاو.

# بابەتە هەمەڕەنگەکان

# گرنگی ناسین و گەڕانەوە بۆ هزری بیرمەندانی پێشوو

نە بیرمەندانی ئێستە و نە ئەوانەی ڕابردوو هیچیان ناتوانن بە تەواوی هەموو شتێک بن، هیچیان ناتوانن بە تەواوی ئێمە قوتار بکەن، نە کتێب و بەرهەمەکانی ئێستە و نە هی پێشینان ناتوانن هەموو شتێک بن، ناتوانن وەڵامگۆی هەموو پرسەکانی ئێمە بن، بەڵام دەتوانن زۆر شتمان بدەنێ، دەتوانن ڕێچارە بن، دەتوانن زەمینەیەکی باش بن بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن و لەوانەیە ڕێخۆشکەر بن و پەنجەرەی هەقیقەتمان بەڕوودا ئاوەڵا بکەن یان کلیلی سندووقێک لە ڕاز و کۆدی ئەم جیهانەمان بۆ بکەنەوە.
بیرمەندان بە شێوەی گشتی هەریەک لای خۆیەوە خەریکی هەڵچنینی دیوارێکن، یان جوانترە بوترێ خەریکی کردنەوەی کۆدی جیهان و ژیانن، هەر یەکە بە جۆرێک دەیکەنەوە، یان هەر یەکە و لە گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانێتە جیهان و دەشێ هەموویان بە نۆرەی خۆیان ڕۆڵی گەورەیان هەبێ، بەڵام دواجار بەرهەم و نووسین و داهێنانەکانیان هەموو شت نییە، بەڵکو هەر یەکە دەرچەیەکی نوێمان دەداتێ و دەکانداتە دەست داهاتوویەکی نوێ.
کتێب و نووسراو و بەرهەمی بیرمەندان یان شتێکی نوێمان دەدنێ کە پێشتر نەمانزانیوە، یان پێشتر زانیومانە بەڵام نەمانتوانیوە بەو شێوە بیری لێ بکەینەوە، یان پێشتر زانیومانە بەڵام نەمانزانیوە کە خەڵکی تریش بیرکردنەوەی لەو شێوەی هەبووە، ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەشێ ئەوە بێت کە داخۆ بیرمەندێک بۆ وێنە حەوت هەشت سەدە لەمەوپێش شتگەلێکی وتووە چی پێیە بۆ ئێستە و دونیابینی ئێمە، یان داخۆ ئەو بیرمەندە دەتوانێ چ کەلێنێ پڕ بکاتەوە؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگە و هەر یەک لە ئێمە و منیش بۆ خۆم بەردەوام ئەو پرسیارەم هەیە، واتە دەشێ زانست بەردەوام پێویستی بە نوێگەری و ئەبدەیتی نوێ بێ، بەڵام مەرج نییە فیکر و فەلسەفە وابێ، ئەشێ پرسیارێکی کۆن بەردەوام بمێنێتەوە، بەڵام وەڵامی نوێ بخولقێنێ، بەڵام دەکرێ دواجار پڕۆژەی هیچ بیرمەندێ نەتوانێ وەڵامی هەموو پرسەکانمان بداتەوە بەڵام لانیکەم لە چەند ڕووەوە سوود لە تواناکانی پێشینان دەبینین.
یەکەم: فێر دەبین و تێدەگەین لانیکەم کەسێک حەوت هەشت سەدە لەمەوبەر چۆن بیری کردۆتەوە، چۆن لە مرۆڤ و جیهان و ژیانی ڕوانیوە، چۆن سەیری عەدالەت، ئەخلاق، سیاسەتی کردووە، چۆن لە هونەر و ئەدەب و فیکر و عەقڵی ڕوانیوە، چۆن سەیری خەیاڵ و وەهمی کردووە، چۆن پێناسەی درک و هەقیقەتی کردووە، چی ڕێچارەیەکی پێبووە بۆ ناساندن و پێناسەکردنەوەی چەمکەکان و بە چ میتۆدێ هەڵسەنگاندنی کردووە بۆ پرسەکان و چارەسەری کردوون، ویستوویەتی چی بە نەوەکانی خۆی و نەوەکانی داهاتوو بڵێ، چۆن وەڵامی بیرمەندەکانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی داوەتەوە، چی هەبووە بیڵێ کە پێی وابووە ئەوانی تر نەیانتوانیوە بیڵێن یان پەییان پێ نەبردووە و هتاد؟
دووەم: ئەو سەردەمە چ باسێک باسی گەرم بووە و خەڵک و بیرمەندانی ئەو کاتە چۆن سەیری گەردوون و فیزیا و کیمیا و دەروونی مرۆڤیان کردووە، زانستی پزیشکی لە چ ئاستێکدا بووە و فەیلەسووفانی ڕابردوو چۆنیان ڕوانیوە، بۆ وێنا کڵێشەی ئیشراقییەکان چ جیاوازییەکی هەبووە لە کڵێشەی مەشائییەکان وا بیرمەندە ئیشراقییەکان بە پێویستیان زانیوە ئەو هەمووە بنووسن و هێڵ و کڵێشە و پەیرەوبەندەکانی خۆیان بکێشن و بنووسنەوە.
سێیەم: گەلانی ڕۆژهەڵاتی یان ڕۆژئاوایی، یان بۆ نموونە گەلی ئێمە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی بکات، بیرمەندەکانی بژمێرێ و بیانخوێنێتەوە، چۆن لە ناواخنی مێژووی خۆیدا بە دووی ئەو کەسایەتییانەدا بگەڕێ کە بیریان کردۆتەوە و خاوەن دونیابینی خۆیان بوون، دەکرێ لەم ڕووەوە گەڕانەوە بۆ بیرمەندانی پێشوو ئەم سوودانەیشی هەبێت.
چوارەم: خاڵێکی دی گەڕانەوە بۆ پێشینان و خوێندنەوەی چڕوپڕیان خزمەتی گەورەی ئەکادیمییە بە ناوەندە مەعریفییەکان و زانکۆکانمان، هەروەها دەرگایەک بە ڕووی خوێندکارانی خوێندنی باڵادا دەکەنەوە کە تەنها توێژینەوە و چالاکی و تێزەکانیان لە جوغزێکی دیاریکراودا نەمێنێتەوە، وەختێ توێژینەوەیەک لەسەر مێژوو یان فەلسەفە، یان مێژووی مەعریفە دەنووسن هەرچی سەرچاوەی مەعریفی پتریان لەبەر دەستبێ دەستیان کراوەترە بۆ لێکۆڵینەوەی وردتر.
پێنجەم: ئەمرۆ مرۆڤایەتی لە زۆر ڕووەوە گەشەی کردووە، بەڵام هێشتایش پێویستمان بە پێشینان هەیە، هێشتا لە زانکۆ باشەکانی جیهان هێگڵ و مەلا سەدرا و ئیبن سینا و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و کانت دەخوێنرێن، ئەوانەی کە دەیانەوێ شتێکی نوێ بدەن بە دونیا هێشتا هەر حەوجیان بە بیرمەندانی ڕابردوو هەیە چ لە بارەی ئەخلاق و یاساوە بێ یان لە بارەی فیکر و مەعریفەتناسی و حیکمەت و دانایی هتد، بۆیە هیچکات بێ منەت نین لەو بیرمەندە گەورانەی کە لە ڕابردوودا شتێکیان بە مرۆڤایەتی داوە و لەسەر شانی ئەوانە کە گەیشتووین بە ئێستەمان.
شەشەم: دەشێ سەرەڕای گەشە و پێشکەوتنی زۆری تەکنەلۆژی و ژیری دەستکرد و نانۆفەناوەری ئێمە هەر حەوجێمان بەم جۆرە نووسین و دونیابینییە هەبێ، و پێویستمان بەوە بێت بگەڕێینەوە بۆ فیکری بیرمەندانی پێشترمان، لانیکەم وەک داتا و سپاردنی ئەم داتایانە بە ژیری دەستکرد و هەڵگرتنیان وەک بەشێک لە میراتی مەعریفی، هەروەها دەشتوانی داتاکانمان دەوڵەمەند بکات و لە کاتی پێویست کەلێنی گەورە پڕ بکەنەوە و کارئاسانیمان بۆ بکەن.





حەوتەم: ئەم جۆرە چالاكییانە دەتوانن یەک شتی زۆر گرنگمان بدەنێ، ئەویش ئەوەیە کە گەرچی لە ناوچە و دەڤەرێکی ئەم جیهانە پێشکەوتن ڕوویدابێ مەرج نییە لە ناوچەکانی تریش ڕەنگی نەدابێتەوە یان پتریش ڕووی نەدابێ -کە ئەوە بە چالاکی مەعریفی و گەڕانەوەی ورد بۆ پێشینان دەست دەکەوێ- بەڵام دەشێ کەشی مەعریفی ئەو دەڤەرە وای کردبێ وەک پێویست سوود لەو بیرمەندانە نەبینرابێ و ئەوانی تر سوودیان لێ دیبێ، زۆر جار ڕێکەوتووە شەرق بیرمەندی گەورەی هەبووە، بۆ وێنە وەک ئیبن خەلدوون کەچی لە غەرب برەوی پێ دراوە. بۆیە تا غەرب گرنگی پێ نەدابێ دەبینی گەلانی شەرقی لە گرنگییەکەی تێنەگەشتوون، بۆیە ئێمە هێشتایش نازانین کە داخۆ ئەم بیرمەندانە چی نوێیان هەیە و نەمانتوانیبێ لێیان وەرگرین و فێر ببین، بۆیە هەرگیز نابێ نادیدەیان بگرین و دەبێ بەردەوام پێیاندا بچینەوە و سوودیان لێ ببینین.



ئیدریس لاهووتی

# سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی (دۆناڵد ترامپ)دا

## پێشەکی

دۆناڵد ترامپ، بۆ جاری دووەم وەک چل و حەوتەمین (٤٧) سەرۆکی ئەمریکا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە گەڕایەوە کۆشکی سپی. جیهان بە چاوێکی نارِوون و دوودڵییەوە لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی دەڕوانن؛ چونکە هاوکێشە سیاسییەکان لە ڕووی ئاسایش و ئابووری، هەرێمی و سەروک هەرێمی و نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەروها کاریگەری تایبەتمەندییە کەسییەکانی دۆناڵد ترامپ هێندەی تر وڵاتانی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە. وڵاتانی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەرەوەیە، چونکە ململانێکانی نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و نەیاری ئەمریکا قوڵتر بوونەتەوە وەک شەڕی ئیسرائیل و ئێران، هەروها ڕووسیا و ئۆکرانیا. ڕووخانی ئەسەد و گۆڕانکارییەکانی سوریا. بەو پێیەی عێراق و هەرێمی کوردستان ناوچە گرنگ و کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە پرووشکی دەرفەت و هەڕەشەکانی گەڕانەوەی ترامپی بەردەکەوێت. لەم بابەتەماندا هەوڵدەدەین کاریگەرییەکانی گەڕانەوی دۆناڵد ترامپ بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بخەینە ڕوو و بەشێوەیەکی ورد گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە شڕۆڤە بکەین.



## ڕوانگە و جیهانبینی سیاسیی دۆناڵد ترامپ

بۆ تێگەیشتن لە جیهانبینیی ترامپ، دەبێت ڕەچاوی دوو تایبەتمەندیی سەرەکی بکەین:

### یەکەم/ ڕێبازی واقعیی هێرشبەری offensive realism:

ترامپ لە ڕەفتاری پەیوەندییەکانی دەرەوەدا دەچێتە خانەی ڕێبازی "ڕیالیزمی هێرشبەر" ڕیالیزمی هێرشبەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکیی هەر دەوڵەتێک ئەوەیە کە زۆرترین دەسەڵاتی هەمەلایەنەی خۆی، ئینجا ماددی بێت یان مەعنەوی، زیاتر بکات. واتا ئەمە بۆ هێزێکی گەورەی وەک ئەمریکا دەبێت هێرشبردن بێت نەک بەرگری. ئەم تیۆرییە باوەڕی وایە کە جەوهەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە کێبڕکێ و ململانێدایە. بەپێی ئەم بۆچوونە، دەسەڵات بە توانای ڕاستەوخۆی دەوڵەت دیاری دەکرێت، نەک بە پشتبەستن بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتانی تر. ئەم ستراتیژییە هێرشبەرییە پێشوەختەیە، هەوڵ دەدات بەردەوام و بەسەربەخۆیی تواناکانی دەوڵەتێک(state's capabilities) زیاتر بکات، بەتایبەتیش ئەگەر دەوڵەتەکە زلهێزێک بێت (Great power) بەبێ پشتبەستن بە سیاسەتی هاوسەنگی نێودەوڵەتی.

### دووەم/ ڕێبازی مامەڵەیی (Transactional approach) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:

ترامپ لە چاویلکەی (مامەڵە)وە سەیری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات، کە ڕەنگدانەوەی پێشینەی خۆیەتی وەک بازرگانێک. ئەو هاوشێوەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەک سەیری حوکمڕانی و دەوڵەتداری دەکات و بە پێوەری (قازانج و زەرەر) شتەکان دەبینێ؛ بەتایبەت زیاتر بە دوای دەسکەوتی ماددی کورتخایەندا دەگەڕێت نەک بەهاکانی تری وەک بەهای جیهانی و ئینسانی و ئایدیۆلۆژی و پرەنسیپی مرۆیی و هتد. ئەم ڕوانگەیەی ترامپ ئامانجی ئەوەیە زۆرترین قازانج بە کەمترین تێچوو بەدەست بهێنێت ئەگەر لەسەر حسابی کۆمەڵێک بەها و بەرژەوەندیی هاوبەشیش بێت. لەسەر ئەم بنەمایە ترامپ پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەڵەستینییەکان کەم کردەوە، یارمەتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی عەرەبیی دا، لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران کشایەوە و لە بری ئەوە سزاکانی سەپاند، لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەشوهەوا (Parisclimate accord) کشایەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەنداو بەتایبەتی سعوودیا لە پێشینەی کارەکانیدا بوو. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیش لە ڕووی شوێنپێی سەربازیی ئەمریکاوە، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ تاڵیبان کرد بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، هەروەها ویستی لە سووریاش بکشێتەوە؛ لە هەمان کاتدا هەوڵی دا ڕێگر بێت لە بەردەم ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی.



# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕوانگەیی دۆناڵد ترامپ

خولی یەکەمی سەرۆکایەتی ترامپ لە ماوەیی نێوان ٢٠١٧-٢٠٢١دا هاوکێشە و گۆڕانکارییەکان وەک ئێستا نەبوون. شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا نەبوو، ئیسرائیل و ئێران بە هەموو هێزە پرۆکسییەکانی ئاوا دەستکراوە نەبوون. هەروها لێشاوی کۆچی نایاسایی لە باشوری ئەمریکا لەگەڵ مەکسیک، پێشکەوتنە ئابووری و تەکنەلۆژی و پیشەسازییەکان چین ترسێکی تری ئەمریکایە لە ناوچەکە. ڕووخانی ڕژێمی سوریا و کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران و پچڕانی هیلالی شیعی، هێندەی تر ناوچەکەی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بردووە. هەموو گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەکەونە ژێر کاریگەری سیاسەتی ئەمریکا و ترامپدا. هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی خولی دووەمی سەرۆکاییەتی ترامپ جیاوابێت؛ بۆیە ئاسان نییە شیکاری سیناریۆیەکان بکەین. بەڵام بەگشتی دەتوانین هێڵە گشتییەکانی ڕوانگە و جیهانبینی ترامپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم چەند خاڵە ڕوون بکەینەوە:

١- جێبەجێکردنی پڕۆژەی ٢٠٢٥ لە لایەن کۆنسێرڤاتیڤەکانەوە. کە پلانێکی گشتگیرە لە لایەن چەند بەرپرسێکی ئیداری پێشووی ئامادەیان کردووە. پڕۆژەکە کار لەسەر ئەوە دەکات هاوپەیمانان و لایەنگرانی ئەمریکا کاری زیاتر بکەن لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی لە پێشگرتنی ئێران لە ناوچەکە. وەک وڵاتانی کەنداو لەسەر ئاستی تاک و کۆ. ئەمەیش هاوکار دەبێت کە ئەمریکا بەشی پێویست هێزی لە ئاسیادا جێگیر بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چین و بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرقاڵ نەبێ. هەروها لە ڕێگەی فرۆشتنی چەکوچۆڵ بەم وڵات و هێزانە، کەرتی پیشەسازی ئەمریکا دەبووژێتەوە. ترامپ پیاوی بازرگانییە و زۆر گرنگی بە لایەنی ئابووری و پیشەسازی ئەمریکا دەدات.
٢- هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئیدارەی جۆبایدن ڕووی لە زیادبوون کرد، وەک لێدانی حەماس لە ئیسرائیل، هاوبەشە ستراتیژییەکەی ئەمریکا. هێرشی درۆن و مووشەک بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سوریا و یەمەن. ئەمان هێز و هەیمەنەی ئەمریکایان وەک زلهێزی جیهان ڕووشاند. بۆیە ترامپ بە ئەرکی خۆی دەزانێت ئەو شکۆ و هەیمەنەییە بۆ ئەمریکا بگەڕێنێتەوە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
٣- کۆمارییەکان لە پڕۆژەیی" ٢٠٢٥" هانی ترامپ دەدەن دەستبەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێت. چونکە بەجێهێشتنی وا دەکات ناوچە بەرەو پاشاگەردانی و ئاژاوەگێڕی بچێت و ببێتە نێچیری ڕکابەرەکانی ئەمریکا. پڕۆژەکە داوای هاوپەیمانییێکی چوار قۆڵی دەکات لە نێوان ئیسرائیل و میسر و وڵاتانی کەنداو، لەگەڵ ئەمریکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئێران. وەک هاوپەیمانی نێوان ئەمریکا و ژاپۆن و کۆریا و هندستان دژی چین.
٤- گوشاری توند بۆ سەر ئێران، بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا. لەم قۆناغەدا تیۆری جەنگکردن لەگەڵ "هەشتپێ" پەیڕەو دەکەن؛ ئەمەش دوو ئەگەری هەیە، یان دەبێت بە یەک لێدان سەری هەشت پێکەوە بپەڕێندرێ و لەنابردرێت. یان دەبێت پێیەکانی هەشتپێکە ببڕدرێت بۆ ئەوەی لە هێز بخرێت. لە ئێستادا ئەمریکان و هاوپەیمانانی ئەگەری دووەم جێبەجێدەکەن بۆ ئەوەی پرۆکسییەکانی ئێران لاواز بکەن، چیتر نەتوانن بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخەنە مەترسییەوە.

٥- بۆ وڵاتانی عەرەبییش هاتنەسەرکاری ترامپ دەتوانێت هەم دەرفەت بێت و هەمیش هەڕەشە؛ بەم واتایە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چین و ململانێی ئەمریکا و چین دەتوانێت هەڕەشە بێت و گرنگی ترامپ بە بازرگانی و ئابووری، هەروەها توانای ئەو وڵاتانە بۆ کڕینی چەک و فرۆشتنی نەوت دەتوانێت دەرفەت بێت. چین لە لایەک کەڵک لە هێزی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەردەگرێت کە ئاسایشی ناوچەکە دەپارێزێت و پەیوەندییەکی پتەویشتی لەگەڵ نزیکترین هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا وەکوو ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی کەنداودا هەیە و لە لایەکی تریشەوە، پەیوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ ئێران و نەیارەکانی ئەمریکادا هەیە، هەر ئەمەیش وا دەکات کە چین بە کەمترین تێچوو زۆرترین دەسکەوتی دیپلۆماسی و ئابووری هەبێت.
بۆیە هەڕەشە لە چین، هەڕەشەیە لە بەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبی و لە سەردەمی ترامپیش بارگرژیی نێوان چین و ئەمریکا ئەگەرێکی بەهێز و چاوەڕوانکراوە لە لایەکی دیکەیشەوە، وڵاتانی عەرەبی نیگەرانن لە سیاسەتی ترامپ کە وەکوو هێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی ئارماکۆ و بێدەنگی، یان لاوازیی هەڵوێستی ئەمریکا لە هەمبەر ئێران، ئەم جارەیش ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت بەرامبەر هێرشی میلیشیا و پرۆکسییەکانی ئێران بۆ سەر ئەو وڵاتانە. هەرچەندە سعوودییەکان و وڵاتانی کەنداو دەتوانن براوەی سەرەکیی هاتنە سەرکاری ترامپ بن؛ بەو پێیەی کە هەم کەڵکیان لە دەرفەتە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە و لە ئاستی ناوچەییدا بەکاریان هێناوە بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانیان و تەنانەت جێبەجێکردنی سیاسەتی بەرزەفڕانەی بن سەلمان لە چوارچێوەی ڕوانگەی (٢٠٣٠) دەتوانێت لە چوارچێوەی ڕوانگە و ستراتیژی ترامب بێت.

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕوانگەیی دۆناڵد ترامپ

خولی یەکەمی سەرۆکایەتی ترامپ لە ماوەیی نێوان ٢٠١٧-٢٠٢١دا هاوکێشە و گۆڕانکارییەکان وەک ئێستا نەبوون. شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا نەبوو، ئیسرائیل و ئێران بە هەموو هێزە پرۆکسییەکانی ئاوا دەستکراوە نەبوون. هەروها لێشاوی کۆچی نایاسایی لە باشوری ئەمریکا لەگەڵ مەکسیک، پێشکەوتنە ئابووری و تەکنەلۆژی و پیشەسازییەکان چین ترسێکی تری ئەمریکایە لە ناوچەکە. ڕووخانی ڕژێمی سوریا و کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران و پچڕانی هیلالی شیعی، هێندەی تر ناوچەکەی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بردووە. هەموو گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەکەونە ژێر کاریگەری سیاسەتی ئەمریکا و ترامپدا. هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتی ترامپ جیاوابێت؛ بۆیە ئاسان نییە شیکاری سیناریۆیەکان بکەین. بەڵام بەگشتی دەتوانین هێڵە گشتییەکانی ڕوانگە و جیهانبینی ترامپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم چەند خاڵە ڕوون بکەینەوە:

١- جێبەجێکردنی پرۆژەی ٢٠٢٥ لە لایەن کۆنسێرڤاتیڤەکانەوە. کە پلانێکی گشتگیرە لە لایەن چەند بەرپرسێکی ئیداری پێشووی ئامادەیان کردووە. پرۆژەکە کار لەسەر ئەوە دەکات هاوپەیمانان و لایەنگرانی ئەمریکا کاری زیاتر بکەن لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی لە پێشگرتنی ئێران لە ناوچەکە. وەک وڵاتانی کەنداو لەسەر ئاستی تاک و کۆ. ئەمەیش هاوکار دەبێت کە ئەمریکا بەشی پێویست هێزی لە ئاسیادا جێگیر بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چین و بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرقاڵ نەبێ. هەروها لە ڕێگەی فرۆشتنی چەکوچۆڵ بەم وڵات و هێزانە، کەرتی پیشەسازی ئەمریکا دەبووژێتەوە. ترامپ پیاوی بازرگانییە و زۆر گرنگی بە لایەنی ئابووری و پیشەسازی ئەمریکا دەدات.

٢- هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئیدارەی جۆبایدن ڕووی لە زیادبوون کرد، وەک لێدانی حەماس لە ئیسرائیل، هاوبەشە ستراتیژییەکەی ئەمریکا. هێرشی درۆن و مووشەک بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سوریا و یەمەن. ئەمان هێز و هەیمەنەی ئەمریکایان وەک زلهێزی جیهان رووشاند. بۆیە ترامپ بە ئەرکی خۆی دەزانێت ئەو شکۆ و هەیمەنەییە بۆ ئەمریکا بگەڕێنێتەوە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٣- کۆمارییەکان لە پرۆژەیی" ٢٠٢٥" هانی ترامپ دەدەن دەستبەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێت. چونکە بەجێهێشتنی وا دەکات ناوچە بەرەو پاشاگەردانی و ئاژاوەگێری بچێت و ببێتە نێچیری ڕکابەرەکانی ئەمریکا. پرۆژەکە داوای هاوپەیمانییەکی چوار قۆڵی دەکات لە نێوان ئیسرائیل و میسر و وڵاتانی کەنداو، لەگەڵ ئەمریکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئێران. وەک هاوپەیمانی نێوان ئەمریکا و ژاپۆن و کۆریا و هندستان دژی چین.

٤- گوشاری توند بۆ سەر ئێران، بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا. لەم قۆناغەدا تیۆری جەنگکردن لەگەڵ "هەشتپێ" پەیڕەو دەکەن؛ ئەمەش دوو ئەگەری هەیە، یان دەبێت بە یەک لێدان سەری هەشت پێکەوە بپەڕێندرێ و لەنابردرێت. یان دەبێت پێیەکانی هەشتپێکە ببردرێت بۆ ئەوەی لە هێز بخرێت. لە ئێستادا ئەمریکان و هاوپەیمانانی ئەگەری دووەم جێبەجێدەکەن بۆ ئەوەی پرۆکسییەکانی ئێران لاواز بکەن، چیتر نەتوانن بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخەنە مەترسییەوە.

٥- بۆ وڵاتانی عەرەبییش هاتنەسەرکاری ترامپ دەتوانێت هەم دەرفەت بێت و هەمیش هەڕەشە؛ بەم واتایە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چین و ململانێی ئەمریکا و چین دەتوانێت هەڕەشە بێت و گرنگی ترامپ بە بازرگانی و ئابووری، هەروەها توانای ئەو وڵاتانە بۆ کڕینی چەک و فرۆشتنی نەوت دەتوانێت دەرفەت بێت. چین لە لایەک کەڵک لە هێزی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەردەگرێت کە ئاسایشی ناوچەکە دەپارێزێت و پەیوەندییەکی پتەویشی لەگەڵ نزیکترین هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا وەکوو ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی کەنداودا هەیە و لە لایەکی تریشەوە، پەیوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ ئێران و نەیارەکانی ئەمریکادا هەیە، هەر ئەمەیش وا دەکات کە چین بە کەمترین تێچوو زۆرترین دەسکەوتی دیپلۆماسی و ئابووری هەبێت.

بۆیە هەڕەشە لە چین، هەڕەشەیە لە بەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبی و لە سەردەمی ترامپیش بارگرژیی نێوان چین و ئەمریکا ئەگەرێکی بەهێز و چاوەڕوانکراوە لە لایەکی دیکەیشەوە، وڵاتانی عەرەبی نیگەرانن لە سیاسەتی ترامپ کە وەکوو هێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی ئارماکۆ و بێدەنگی، یان لاوازیی هەڵوێستی ئەمریکا لە هەمبەر ئێران، ئەم جارەیش ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت بەرامبەر هێرشی میلیشیا و پرۆکسییەکانی ئێران بۆ سەر ئەو وڵاتانە. هەرچەندە سعوودییەکان و وڵاتانی کەنداو دەتوانن براوەی سەرەکیی هاتنە سەرکاری ترامپ بن؛ بەو پێیەی کە هەم کەڵکیان لە دەرفەتە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە و لە ئاستی ناوچەییدا بەکاریان هێناوە بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانیان و تەنانەت جێبەجێکردنی سیاسەتی بەرزەفڕانەی بن سەلمان لە چوارچێوەی ڕوانگەی (٢٠٣٠) دەتوانێت لە چوارچێوەی ڕوانگە و ستراتیژی ترامب بێت.




## مامەڵەکردنی ترامپ لەگەڵ ئێران و چوونە ناو ڕێکەوتێنکی نوێ

خولی یەکەمی سەرۆکاییەتییەکەی ترامپ بەرامبەر ئێران، ئاڵێناگاری و گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە دیووە. بۆیە مامەڵەکە لەگەڵ ئێران هەستیارە لە ڕۆژی ٢٠١٨/٨/٥ دۆناڵد ترامپ سەرۆککۆماری ئەمریکا. بەڵێنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکای لە مەڕ دەرچوونی لە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمیی ئێران و وڵاتان ٥+١ جێبەجێ کرد. ئەم بڕیارە بە یەکێک لە گرنگترین و پڕ مشتومڕترین بڕیارەکانی ئیدارەی یەکەمی ترامپ دادەندرێت. هەروەها ترامپ سیاسەتی زۆرترین گوشار لە دژی ئێران خستە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٢ داوای لەو وڵاتانە کرد کە نەوتی ئێران دەکڕن، دەست هەڵگرن لە کڕین و هاوردەکردنی نەوتی ئێران. هەر وڵاتێک پابەند نەبێت دووچاری سزار دەبێت. لە ئیدارەیی جۆبایدندا، هێرشەکانی ئێران لە ڕێگەی جەنگی بە نوێنەرایەتی بۆ سەر بەرژەوەندی و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا رووی لە زیادبوون کردووە. وەک هێرشەکانی حەوتی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، هێرشەکانی حیزبوڵڵای لوبنان، لێدان لە بنکە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وەک حوسییەکانی یەمەن. ئیدارەی ترامپ بۆ ڕێگری کردن لەو دەستکراوەییەی ئێران بۆ جاری دووەم سیاسەتی "ئەوپەڕی گوشاری" بەرامبەر بە ئێران پەیڕەوکرد، لەسەروبەندی سەرەتای ئیدارەی ترامپدا.

پڕۆگرامی ئەتۆمی ئێران پرسێکی ئاڵۆزی دوو دەیەی ڕابردووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە. پڕۆگرامە ناوەکییەکەی ئاڵۆزییەکی زۆری هەیە کە ئێرانی کردۆتە وڵاتێکی خواست بەرز و وڵاتێکی هەرێمی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چونکە ئێران و پڕۆگرامەکەی گریمانەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛ چونکە خواستە ناوەکییەکەی ئێران لەگەڵ خواستە ئایدۆلۆجیاکانی دەتوانێت ئێران بکاتە وڵاتێک کە چەکی ئەتۆمی هەبێت و ببێتە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر هەموو جیهان. دەتوانین هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ئێران لەم چەند خاڵەدا کورت بکرێتەوە:

- زیادکردنی سزا ئابووریەکان بۆ سەر ئێران، لە ڕێگەی سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار.

٢- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە عێراق.

٣- سنوردارکردنی هێرشەکانی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران بۆ سەر هاوپەیمان و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.کەمکردنەوەی دەستێوەردانی ئێران لە وڵاتانی سوریا و عێراق و یەمەن و لیبا. هەرچەندە ئێستا ئێران لەم وڵاتانە بەهۆی گوزرە بە هێزەکانی ئیسرائیل لاواز بووە. بەڵام ترامپ و هاوپیمانە سەرەکەییەکەی ئیسرائیل، کاری جددی دەکەن بۆ ئەوەی دووبارە ئێران نەبێتەوە هەڕەشە بۆیان.

- له ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپدا، پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا نزیکییەکی زۆر گرنگ و بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. یەکێک لە دەستکەوتە گرنگ و مێژووییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی یەکەمی ترەمپ، پەیماننامەی مێژوویی ئەبراهام بوو، کە پەیوەندییەکانی ئیسرائیلی لەگەڵ چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبی ئاسایی کردەوە، ئیدارەی دووەمی ترەمپ واتە پاڵپشتییەکی دیپلۆماسیی بەهێزتر بۆ ئیسرائیل لە پرسە نێودەوڵەتیی و ناوچەییەکان. فراوانکردنی ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام لەگەڵ هاوبەشی نوێ، نوێکردنەوەی سیاسەتی (زۆرترین فشار) دژی ئێران، پشتگیریی زیاتری ئەمریکا بۆ ئەگەری هەر کردەوەیەکی سەربازیی ئیسرائیل و بێ ئەولەوییەتکردنی ململانێی ئیسرائیل و فەڵەستین بەشێک دەبن لە مامەڵەی نوێی ئیدارەی ترامپ لەگەڵ تەلئەبیب بۆ ئەوەی زیاتر ڕێگری لە ئێران بکەن.

٥ - چوونە ناو ڕێکەوتێنکی نوێ دەبارەی چەکی ئەتۆمی. وەک باسمان کرد چەکی ئەتۆمی هەڕەشەیەکی جدییە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئێران دوای لاوازبوونی دوو بژاردەی لەبەر دەستدایە، یان جەنگ یان ڕێکەوتن. لە ئێستادا ئێران و ئەمریکا چەندین دانوستاندنیان کردووە سەبارەت بەو پرسە. داواکاری ئەمریکا بۆ ڕێکەوتن ڕاگرتنی تەواوی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێرانە، بەڵام ئێران ڕازی دەبێت؟ ئەگەر ڕازی نەبێت دەتوانێت چی بکات؟ لە کاتێکدا کە ترامپ هەڕەشەی هێرشی سەربازی دەکات.

## پێگەی تورکیا و سووریا لە پڕۆژەی ٢٠٢٥دا

بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد لە سیاسەتی داهاتووی ترامپدا، گرنگە بزانین پێگەی تورکیا و سووریا لە ستراتیژیی دیپلۆماسیی (پڕۆژەی ٢٠٢٥) چییە؟ وەک دەزانین ئەم پڕۆژەیە پێشنیاری کەمکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی فەڵەستینی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا داوای بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیای کردووە. پڕۆژەکە وای دەبینێت، لەبەر ڕۆشنایی کێبڕکێی جیهانیی نێوان ئەمریکا، ڕووسیا و چین، دەبێت ئەمریکا دڵنیا بێت لەوەی تورکیا لە بەرەی ڕۆژاوادا بمێنێتەوە. لە پلانەکەدا دان بەوەدا دەنێت کە ئەمە ڕەنگە پێویستی بە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنقەرە هەبێت کە واشنتۆن پشتگیرییەکانی بۆ یەپەگە/پەکەکە ڕابگرێت، کە ئەنقەرە پێی وایە (مەترسیی وجوودی لەسەر ئاسایشی وڵاتەکەی دروست دەکات) بۆیە بە ئەگەری زۆر دۆخی ڕۆژاوای کوردستان لە سەردەمی ترامپ باش نابێت و دەبێتە قوربانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتۆن. هەرچەندە تورکیا بەهۆی ڕووخانی (ڕژێمی ئەسەد)ەوە پێگەی لە سووریا و ناوچەکەدا بەرز بۆتەوە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک بۆ تورکیا نییە کە بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا و گوشارەکانی سەر حزبی دەسەڵاتدار و بەتایبەتی ئامادەیی ئەکتەری دیکە وەکوو ڕووسیا، ئەمریکا، کورد و ئیسرائیل لە سووریا ئەم دۆخە بە تەواوی لە قازانجی تورکیا یەکلایی ببێتەوە و بەردەوام بێت. ترامپ لە ساڵی ٢٠١٨دا دوای دەستبەسەرداگرتنی دواین مۆڵگەی داعش، ویستی سەرجەم هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بکشێنێتەوە، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و بەرگری، قەناعەتیان پێ کرد کە ئەمە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا نابێت و کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی مەعنەوی ئەمریکا بەرامبەر هاوپەیمانەکانی بۆ ئەمەیش ترامپ بەشێک لە هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی سووریا هێشتەوە.



## دەرفەت و هەڕەشکانی بەردەم عێراق لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی تۆناڵد ترامپدا

ڕەنگە دیسانەوە هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ، ئاماژەیەک بێت بۆ سەرەتای هەوڵێکی شلگێرانەی ئەمریکا، دژی دەستڕۆیشتی ئێران لەناو عێراقدا. ئەمریکا عێراق تاوانبار دەکات بەوەی، زۆربەی داهات و سامانی وڵات لە پشتیوانی هێزە چەکدارەکانی ئێران خەرج دەکات. ئەم گرووپانەش هەڕەشن بۆ ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. بۆیە واپێ دەچێت ترامپ سنورێکی نوێ بۆ عێراق دابنێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی، هەژموونی ئێران لە حکومەتی عێراقیدا.

عێراق ئەزموونێکی باش و ئەرێنی نییە لەگەڵ ویلایەتی یەکەمی ترەمپ (٢٠١٦_٢٠٢٠) بەتایبەت کە ناوبراو بە شێوەیەکی کتوپڕ سەردانی سەربازگەی ئەمریکای کرد لە ڕۆژاوای عێراق بێ ئەوەی لە بەغداوە بڕوات (٢٠١٨) ئەو کاتیش ئەمە بە (پێشێلکردنی سەروەریی خاکەکەی) لێك درایەوە و دەگوترا هاتن و چوونەوەکەی بەبێ ئاگاداری حکوومەتی عێراق بووە و هیچ ڕێزی لە سەروەری وڵاتەکە نەگرتووە. پشتیوانی ڕەهای ترەمپ لە ئیسرائیل پێچەوانە و دژە لەگەڵ سیاسەت و خواستی میللی و فەرمی عێراق کە پشتیوانیکردنە لە غەززە و باشووری لوبنان. بەم هۆیەیشەوە هەر چەشنە نزیکبوونەوەیەکی حکوومەتی عێراق لە ئیدارەی ترەمپ، بەر نارەزایی بنکەی جەماوەری شیعی و ڕای گشتی عێراقی دەکەوێت کە بەشێکن لە تووڕەیی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی دەربارەی کاولکارییەکانی فەلەستین و لوبنان.

هەروەها مەترسییەك هەیە لە ئیدارەی ترەمپدا پرۆژەی گریمانکراوی ڕاگواستنی شیعەی لوبنان بۆ عێراق سەر بگرێت. زەمینەی ئەمەیش پاش کاولکردنی باشووری لوبنان، لەبارتر بووە.

سەرباری هەڕەشە و مەترسییەکانی سەرەوە، هەندێك دەرفەتی هاوبەشیش هەن بۆ کارکردنی عێراق لەگەڵ ترەمپ، کە دەشێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

١- عێراق پانتاییەکی گرنگە بۆ ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت پاش ئەو خەرجی و قوربانییانەی ئەمریکا لە پاش٢٠٠٣ داویەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو. هەروەها عێراق گرنگە بۆ ئاسایشی وزە و ٥٪ی نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنێت؛ جگە لەوەیش بۆ پاراستنی ئاسایشی هاوپەیمانانی ئەمریکا گرنگە.

٢- عێراق دەتوانێت ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان ئەمریکا و ئێران ببینێت و پەیامی واشنتۆن بە تاران بگەیەنێت. هەندێك سەرچاوەیش باس لەوە دەکەن لە دوا پەیوەندی تەلەفۆنی سوودانی و ترەمپدا ئەوە ڕووی داوە.

٣- عێراق دەتوانێت دەرگەی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان واڵا بکات و ئەوەیشی تا ئێستا لە کەسانی نزیکی سەرۆکوەزیرانەوە دەرچووە، باس لەوە دەکەن سوودانی خواستی هەیە زیاتر لە پەیوەندی ئەمنی لەگەڵ واشنتۆندا بچێتە پێش و لێکگەیشتنی نوێ لەگەڵ کۆشکی سپیدا بکات، بەتایبەت لە کەرتی وزە.

٤- دەشێت ترەمپ ڕازی بێت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەنگاو بە هەنگاو لە ساڵانی ٢٠٢٥ و ٢٠٢٦ ڕەنگە ئەم خشتەیەیش خێراتر بکات لە سۆنگەی پێداگریکردن لەسەر گرنگیدان بە ناوخۆی ئەمریکا و کەمکردنەوەی دەستوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە دەرەوە ئەمەیش بۆ هێزە شیعە عێراقییەکان گرنگ و ئامانجە.



## هەرێمی کوردستان لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپدا

بۆچوونێکی گشتی هەیە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، گۆڕانێکی وای بەسەر دانایەت. سیاسەتی ڕاگەیەنراوی ئەمریکاش (پشتیوانیکردنی هەرێمێکی کوردستانی بەهێزە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا) بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ئیدارەی ترەمپدا ١٦ی ئۆکتۆبەری کەرکووك و کەوتنی عەفرین و دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی تورکی لە ڕۆژهەڵاتی فورات ڕۆژاوا ڕوویان دا، مەترسییەك هەیە کە ترەمپ هاوشێوەی ئیدارەی دیموکراتەکان بەتەنگ کێشەی کەمایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی دیموکراسییەوە نەیەت و زیاتر فۆکس بخاتە سەر هێزە گەورە و خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ناوچەکەدا. ئەمریکا لە زۆر بوار و هاوکێشە پێویستی بە کوردە بەڵام لە هەمووی گرنگتر بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی شیعەیە لە عێراق. ئەمەشی لەو تێگەیشتنە سەرچاوە دەگرێت، کە تا هەژموونی شیعە لە عێراق کەم نەبێتەوە هەژموونی ئێران لە عێراق کەم نابێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا حەز دەکات هەرێمێکی تۆکمە و بەهێز لە عێراقدا بوونی هەبێت. بۆ ئەوەی هەرێمیش تۆکمە و یەکگرتوو بێت دەبێت یەک حکومەت و یەک هێزی پێشمەرگە و یەک ئاسایش و یەک دەزگای پاراستن و زانیاری هەبێت. سەرباری ئەمانەیش دەشێت هەرێمی کوردستان لە ویلایەتی دووەمی ترەمپدا بتوانێت لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی ویلایەتی یەکەم، لە سیستەمی نوێی هەرێمایەتیدا خۆی بگونجێنێت و هاوکار بێت لە بەرقەرارکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئەمنییانەی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش هەیەتی.




## کۆبەند

گەڕانەی ترامپ بۆ کۆشکی سپی،جیهانی خستۆتە بەردەم پێشهاتە و گۆڕانکاری جیاواز. بە جۆرێک هەموو وڵاتێک هەوڵ دەدات پێگەی خۆی بەهێز. چونکە تایبەتمەندییە کەسییەکانی ترامپ جیاوازە، کەمتر پشت بە دەزگا کلاسیکەییەکانی دروستکردنی بریار دەبەستێت، زیاتر گرنگی بە بەرژەوەندییە ئابووری و ئاسایش و بازرگانییەکانی ئەمریکان دەدات. هاوکات لەگەڵ هاتنەوەی دۆناڵد ترامپ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دۆخێکی نوێ دایە. دواى لاوازبوون و کەوتنی حەماس و حیزبوڵڵا و بەشار ئەسەد، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هاوسەنگی هێزدا لە ناوچەکە ڕوویداوە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەستی شەڕی غەززە، ئاشکرایە ئیسرائیل جارێکی تر ڕێگە نادات ڕووداوی لە شێوەی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ ڕووبداتەوە، ئەمەش ئەو ئاراستەیە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا وا بخوازێت هیچ چاوپۆشییەک لە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران نەکەن، بە ڕێگای ئاشتی و ڕێکەوتن بێت، یان زۆرەملێ و هێرشکردن، هەروەک زۆر جار بەشێک لە بەرپرسانی باڵای ئیسرائیل و ئەمریکا باسیان کردووە، هێرشی سەربازی تاکە ڕێگەی کۆتایهێنان بێت بە زیادەڕۆییەکانی ئێران.

# سەرچاوەکان


١- ترەمپ گەڕایەوە کۆشکی سپی: لێکەوتەکانی بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟،پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران،٢٠٢٤-١١-١٧

٢- دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەم عێراق و هەرێمی کوردستان لە گەڕانەوەی ”ترەمپ“،د. یاسین تەها، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق،٢٠٢٤-١١-١٢.

٣- کۆشکی سپی و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان،د. زوبێر ڕەسووڵ، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە هەرێمییەکان،٢٠٢٤-٠٨-١٤.

٤- ترامپ بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دڵەڕاوکێی ئاسایشیی کۆماری ئیسلامیی ئێران،د. پەرویز ڕەحیم قادر\ دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان- دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی\ مامۆستای زانکۆ،٢٠٢٤-٠٨-٠١.

٥- کارلێکی فاکتەر و ئەکتەرەکان لە هاوکێشە جیۆسیاسییەکانی ناوچەکە: لە ”یەکگرتوویی گۆڕەپانەکان“ بۆ ”مانەوە“، پەرویز ڕەحیم قادر– دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان/ دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی،٢٠٢٥-٠٤-٢٩.


لەم بەستەرە بابەتەکان بەردەستە

https://penus.krd/?fbclid=IwZXh٠bgNhZW٠CMTEAYnJpZBEwYlZlTk٥٤aENocFBlek٠١cwEeQvgaem_RFFcv٥V٩jw١٥KL_tiLP٣٤yRFe٢U٣BZNu٠kPSPeZnINMhCatWQMtuYqop٤a_kzwLJarXUTq٠Rx٣PUNdw

**ئیمان محەمەد**

# دژبەریی ڕاستیی هەڵوەشاوە نییە

زۆر جاران کە چەمکێک لە دایک دەبێ،
یاخود ئەوەی کە دەمێکە هەیە و بە نیوەچڵی و سەرپێیانە تێگەیشتنی بۆ کراوە و سەردەم نایەوێت، ئێستا بڕیار دەدرێ دەربارەی ناواخنی ئەم چەمکە بە ئاگاییانەوە، بە هزری مۆدێرن کاری لەسەر بکرێ، جا هەر لە پرسی ئۆنتۆلۆجیایی پەیوەست بەم چەمکانە و هەڵتەکاندنی هەموو ئەو کەمە زانین (مەعریفە)ـەی کە کۆکراوەتەوە لەسەری و ئەوەشی کە لە ئێستادا گومان هەڵدەگرێ و جێگای ڕەزامەندی پێدان نییە لەسەری، کە دواتر مشتومڕ و گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێ. ئەمەش بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو کە بیسەلمێنێ و هەموو یان بەشێک لە هزرڤانان بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە بەهۆی گومانێکەوە یاخود بەهۆی کەمی و سادەیی زانیاری و زانین لەسەری، دووبارە ئەم چەمکانە دەهێننەوە سەر مێزی دیالۆگ و شیکارییان.
بیرمەندان لەو چەمکانە بەپێی فام و تێگەیشتنی خۆیان ناساندنیان پێ دەکەن و پێناسەیان دەکەن، کە ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە چەمکەکان چەندین پێناسەیان هەیە. گرووپ و کۆمەڵەکان بەپێی تێڕوانین و بەڵگەکانیان ڕەزامەندی لەسەر پیناسەیەکی بیرمەندان یان چەند دانەیەک دەدەن و ئەوانی تر وەلا دەنێن. سەرەڕای زۆری پێناسە و پاڵپشتییەکان بۆ هەر جۆرە تێگەیشتنێک بۆ چەمکەکان، کات و سەردەم ڕۆڵی چاکی گێڕاوە کە توانیویەتی چەندان تێگەیشتن دوا بداتەوە بە فەرواری ئەوەی کە بۆ ئەم دنیایە دەست نادا، کەچی دەبینین جاران جێگای ڕەزامەندی کۆمەڵ و نوخبەی دیکە بووە.
جا سەبارەت بە چەمکی (ڕاستیی) کە بە عەرەبی (حقیقت) و بە ئینگلیزی (truth)ی پێ دەڵێن، بە ئێستاشەوە لێکدانەوە و ناساندنی تازەی بۆ دەکرێ. هەر بیرمەندێک ڕێگای بۆ کراوەیە قسە لەسەری بکات و دواتر وەک تێز و وەک ئایدیا کاری لەسەر بکرێ، دەنگ بەدەست بهێنێ و کۆمەڵێک کەس ئاشکرای بکەن کە ئەم جۆرە بیرکردنەوە لەسەر چەمکی ڕاستی گونجاوترینی سەردەمە.
سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییەی لە گوتار و پێناسە و ناساندن و ئەو شیکارییانەی کە بۆ ڕاستیی کراوە، لەلایەن بیرمەندانی هەر جێگایەک و هەر سەردەمێک، دوو خاڵی هاوبەش لەنێو هەموو بیردۆزە ئەپستیمۆلۆجییەکاندا (مەعریفەناسی) هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی کات و سەردەمێ، شوێن یان کەسەکان. ئەویش ئەوەیە کە هەمووان بەدوای دۆزینەوەی ڕاستیی وێڵن، هەمووان دەیانەوێ ئەزموونی بکەن و ڕاستی بدۆزنەوە و بە دێڕێک یان وشەیەک بینە ئاوێنەی ڕاستیی و پشتی ئەم بۆچوونە بگرن کە دەربارەی دەخرێتە ڕوو. خاڵی دووەم ئەوەیە هیچ کام لە بیرمەندان بەدوای ئەوە نەکەوتوون بەجۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی ڕاستیی بکەن و پشتی تێکەن.
ئەمە دوو خاڵی هاوبەشە هەمووان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیڕەویان کردووە و بە ئێستاشەوە پەیڕەوی دەکەن. کە لەخوارەوە بەتەواوی لەڕێگای چەند بیردۆزێکەوە ئەم یەکگیرییە، سەبارەت بەم دوو خاڵە هاوبەشەی سەرەوە، پشتڕاست دەکەینەوە.
بەپێی بیردۆزی گونجان (Correspondence Theory)، کە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن، بۆ سوقرات (Socrates) و ئەفلاتون (Plato) و ئەریستۆ (Aristotle). ئەم بیردۆزە سەبارەت بە ڕاستیی، پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە ڕاستیی هەر ئەوەیە کە "ئەوەی کە نییە هەیە، ئەوەی کە هەیە نییە، ناڕاستە و لە بارودۆخێکیشدا ئەوەی کە هەیە، هەیە و ئەوەی کە نییە، نییە بێت"، ڕاستییە. واتە ڕاستی لە هەبوونی گونجان لەنێوان گوتە و کەتوار دایە.





تۆماس ئاکویناس (Thomas Aquinas) یش دەربارەی ڕاستیی سەر بەوبیردۆزەیە و دەڵێ "هەر فەروارێک ملکەچی کەتوار بێ ڕاستییە".

بیردۆزی پێکەوەلکاوەکان (Coherence Theory)، کە هەریەک لە سپینۆزا (Spinoza)، کانت (Kant)، نیتچە (Nietzsche) و چەندانی تر پشتگیرین. سەرباری ئەوەی کە هەریەکە و لە بازنەی ئەم بیردۆزە بەپێی لێکدانەوە و تێگەیشتن پەنایان بۆ جۆرێک لە پێناسەدان بۆ ڕاستیی بردووە و کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێ "ڕاستیی بەتەواوی یەکانگیر و لکاو بێ بە کۆمەڵێک ڕستە و بیروباوەڕی دیاریکراو، بەچەشنێک کە لەم پەرگاڵەدا بەشەکان گونجاوترین و یەکگیرترین بن و بەیەکەوە یەکدی تەواو بکەن"، ئەمەش بەو واتایەیە کە ئەم یەکبوونە بتوانێ حاشا لە کۆمەڵێک ناڕاستیی بکات.

یەکێکی تر لە بیردۆزەکان بریتییە لە بیردۆزی کردارخوازی (Pragmatic Theory) کە چارلز سەندێرز پێرس (Charles Sanders Peirce) یەکێک لە پەیڕەوانییەتی و لە ژێر کارتێکەری ئەو بیردۆزەدا پێی وایە ڕاستیی بەرئەنجامی هۆش (تێگەیشتن، فام) و بەڵگەهێنانەوەی دوورودرێژە، کە لەلایەن توێژەرانەوە ڕاستاندنی بۆ کرابێت. لە ژێر ڕووناکی ئەم دێڕانەدا دەردەکەوێ هەر شتێک تاقی بکرێتەوە و ئەزموون بکرێ ڕاستییە. ویلیام جەیمز (William James) یش هەر ئەمە دەڵێ "ڕاستیی ئەوەیە کە خێر و قازانجی تێدابێ" هەڵبەت ئەو ئاماژەش بەوە دەدات و لە قازانج و خێری خۆیی دەردەچێ دەڵێ دەبێ بەرژەوەندی قازانج و خێری هەمووان بێت.

جۆن دوویی (John Dewey) لەژێر چەمکی کردارخوازییدا دەڵێ "هەرشتێک بەو مەرجەی بچێتە ژێر لێپرسینەوە بە تێپەڕبوونی کات خۆی ڕێکوڕاست دەکاتەوە و ئەوە ڕاستییە".

ڕیچارد فاینمەن (Richard Feynman)، فیزیاناسی ناودار، لە پێناسەی ڕاستیدا دەڵێ "ئێمە هەرگیز ناتوانین دڵنیابین کە ڕاست دەکەین، تەنیا دەتوانین لەوە دڵنیابین کە خەریکین هەڵە دەکەین". ئەم ڕوانینە، گومانێکی زانستی و مەعریفی قووڵ پیشان دەدات.

جیا لەم بیردۆزانەی تر پەیڕەوانی بیردۆزی بونیادگەرایی (Constructivism Theory) لایان وایە کە ڕاستی پرۆسەگەلێکی درێژمەودای کۆمەڵایەتیی و مێژوویی و کولتوورییە و تارادەیەک پەیوەستە بە شەڕ و ململانێ و گرتنی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگا، کە لەدواجاردا هەموو ئەمانە شێوە بە کۆمەڵگا دەدەن تا دەبێت بە ڕاستیی و نکۆڵی لێ ناکرێت.

یەکێکی تر لە بیردۆزە گەوهەرییەکان بیردۆزی یەکدەنگی (Consensus Theory) کە دەربارەی ڕاستیی پێناسەی تایبەت و جیاوازیان هەیە و ڕاستیی پەیوەست دەکەن بە ڕێکەوتن و کۆدەنگیی و پێکهاتن (ڕێککەوتن)ی کۆمەڵە کەسێک یان گرووپێک یاخود کۆمەڵگەیەک. بەو مانایەی هەرشتێک ڕێککەوتنی لەسەر بکرێ و کۆدەنگی بەدەست بهێنێ ڕاستییە.

ئەم چەند دێڕەی سەرەتا ئەمە بۆ ئێمە ڕوون دەکاتەوە کە هەمووان لەگەڵ ئەوەدان چۆن ڕاستیی لە شتێکی هەستپێکراو و بینراو یان ڕێکخراودا ببینینەوە و ئاماژەی پێ بدەین بەبێ دژایەتی و پەردەدان بەسەر ڕاستیی دا.

بە دوای ئەم شرۆڤە کورتەی بیردۆزە فەلسەفییە جیهانییەکان، دەبێت ئاماژە بە تایبەتمەندی و ڕوانگەی فەیلەسوفە کوردەکان بەرامبەر بە چەمکی "ڕاستیی " بکەین، کە بەداخەوە لە دنیای فەلسەفەدا زۆر کەم باسیان لێوە کراوە.

سۆهرەوەردی (١١٥٥-١١٩١)، فەیلەسوفی مەزنی کورد و خاوەنی فەلسەفەی وەدرەوشان (اشراق)، ڕوانینێکی قووڵ و تێگەیشتنێکی تایبەتی هەیە بۆ چەمکی ڕاستیی . ئەو وای دەبینی کە ڕاستیی لە یەکگرتنی عیرفان (مەعریفەی شهوودی) و عەقڵ و بیری فەلسەفیدا خۆی دەبینێتەوە. سۆهرەوەردی لە کتێبی "حیکمەتول ئیشراق"دا بنەمایەکی شیکاری نوێ بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیی دادەمەزرێنێت کە تێیدا ڕووناکی دەبێتە هێمای ڕاستیی . بەلای سۆهرەوەردی، ڕاستیی خویا دەکرێت، نەک پێناسە. ئەو جۆرە ڕاستییەی کە سۆهرەوەردی باسی دەکات ڕاستییەکی تەواوە کە تێیدا جودایی نێوان زانەر و زانراو لە نێو دەچێت.

سۆهرەوەردی، وەک کوردێکی خەڵکی شارەزوور و پەروەردەی کوردستان، تێگەیشتنێکی قووڵی هەبوو کە چۆن هەتا بیرمەندێک زیاتر لەژێر زۆرداریدا بێت، زیاتر هەستی تینوویەتی بۆ ڕاستیی زیاد دەکات. ئەو فەلسەفەی خۆی لەسەر بنەمای خویایی و وەدرەوشان و ڕۆشنایی داڕشت، کە خۆی هێمایەکە بۆ ڕزگاریی لە تاریکیی زۆرداری و ڕوانین بەرەو ڕاستییەکی باڵاتر. فەلسەفەی سۆهرەوەردی، بەپێچەوانەی بیرمەندانی تر، زۆر جار ڕاستییەکان دەبەستێتەوە بە ئەزموونی ناوەوەی مرۆڤەوە، کە ئەمەش دەری دەخات فەیلەسوفی کورد چەند قووڵ لە ڕاستیی تێگەیشتووە.

ئیبن خەلەکان (١٢١١-١٢٨٢)، بیرمەندی مێژوونووسی کورد و نووسەری کتێبی گرنگی "وفیات الأعیان"، هەوڵیدا لە ڕێگەی تۆمارکردنی ژیاننامەی کەسایەتییە بەناوبانگەکانەوە ڕاستیی مێژوویی بپارێزێت، بەمەش هەوڵێکی مەزنی دا بۆ گەیشتن بە ڕاستیی بەبێ ئەوەی لەژێر کاریگەریی دەسەڵات و ئاستەنگییەکانی سەردەمدا بێت. ئیبن خەلەکان ڕێگایەکی نوێی داهێنا کە تێیدا ڕاستیی مێژوویی وەک پێکهاتەیەکی گشتی دروست دەبێت، نەک وەک بەشبەشی پارچەکراو. ئەم میتۆدە بۆ ڕاستییناسی لە مێژوودا کاریگەری گەورەی هەبوو.

ئەبو حەنیفە دینەوەری (٨٢٨-٨٩٦)، مێژوونووس و زانای کورد، بە نووسینی "ئەخباری تیوال" و بەرهەمە زانستییەکانی تری هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیی مێژوویی دەدا لە سەردەمێکدا کە زۆرجار ڕاستیی لەژێر کاریگەریی دەسەڵات و ئایدیۆلۆجیادا دەشێوێنرا. بەلای دینەوەرییەوە، ڕاستیی شتێکی دینامیک و جووڵەمەندە کە لە گەواهـ و بەڵگە و دۆکیومێنتەکانەوە دروست دەبێت، نەک لە بۆچوونی کەسی و ئایدیۆلۆجیی تاکەکەسەوە.

ئەم چەمکە کوردییە لە ڕاستیی، وەک لە بیرمەندە کوردەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، پڕە لە تێگەیشتنی قووڵی ئەپستیمۆلۆجی و ئۆنتۆلۆجی، کە هاوکات لەگەڵ کۆنتێکستی مێژوویی کوردستاندا بەرهەمی هێناوە. ئەم تێگەیشتنە کوردییە لە ڕاستیی دەتوانێ بۆ ئێمە لە سەردەمی ئێستادا وەک ئامرازێکی هزریی گرنگ بەکار بهێنرێت بۆ تێگەیشتن لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستای کورد و کوردستان.

بەڵام کوردێکی ئاگامەند هەرگیز ڕاستیی هەرس ناکات و بگرە دژایەتیشی دەکات، واتا پێناسەکردنەوەی ڕاستیی بۆ ئەم سەردەمەی کورد بەم جۆرە دەستناکەوێت و هەموو بیردۆزەکان بۆ ئەو مانایان نامێنێت و ناچارە دوای ناسینی ڕاستیی پەنا بۆ ناساندنی ببات. ئێمە لەژێر ئەم چەمکەدا سەدان ساڵە لە خولانەوەیەکی بێپچڕان و بێوەستاندایین. بۆ ئێمە ڕاستیی ئەوەیە کە دەبێ دژایەتی بکەین، چونکە ئەم ڕاستییە دوژمنان و داگیرکەرانی نیشتیمان بەلایەک و زلهێزان بەلایەکی تردا بە درێژایی مێژوو بۆ ئێمەیان هۆنیوەتەوە. جا بە سیاسەتی نەرم وەک سەپاندنی زمانی داگیرکەر وەک زمانی بکوژ و هەوڵدان بۆ سڕینەوە و لەبیرکردنی زمانی نەتەوەیی کوردستان، یان لە ڕێگەی دەزگای خوێندن و دژەپەروەردەی داگیرکەرەوە یاخود لەڕێگەی پەرشوبڵاوکردنی کوردانی ژێر داگیرکاریی خۆیان بۆ شارەکانی تری وڵاتانی داگیرکراو بەڕێژەیەک کە لە هەر شارێک ڕێژەی کورد کەم بکرێتەوە بۆ ٥٪ و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان. یانیش جوانترکردن و شکۆمەندکردنی کولتوور و دابونەریتی نەتەوەی داگیرکەر و کەمکردنەوە و ناشیرینکردن و ستیگماتیزەکردنی هەموو تایبەتمەندییەکی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کوردی بەهەر جۆر و ڕێگایەک، بە شێوەیەک کە کورد خۆی حەز و ویستی خۆتواندنەوە لە داگیرکەردا بۆی دروست ببێت.

سیاسەتی توندیش کە ئەویش بە دەرکردنی کورد لە زێدی خۆی و یاساخکردنی زمانی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەکەمینەکردنی کورد و تەقەلای زۆریش بۆ بە ئایینییکردنی پرسی نەتەوەیی لە سەرانسەری کوردستان، کە لەژێر ئەم سیاسەتە زەبرە ڕۆژاوای کوردستان بووە بە چەند دوورگەی لێکدابڕاو، کورد کران بە بێگانە. لە باشووری وڵاتیش پرۆسەی تەعریب کە بەردەوامی هەیە، بووە بە ڕاستییەکی ناپەسەند بەسەرمانەوەیە. سیاسەتی داگیرکارانەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیش وەک پەڵەیەکی هەور کە لەشێوەی ڕاستیی بەسەر سەرمانەوەیە و ببووە بە ڕاستییەک و بەشێکی زۆری کوردی بێئاگا وەک ڕاستیی هەرسی کردووە. ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە هەموو جۆرێک لەنێو چنگی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانیدا بە هەموو جۆرێک پەراوێز خراوە و کراوە بە پاشکۆی فارس و زۆرێک وەک ڕاستیی باوەڕی پێ هێناوە کە ئەگەری گۆڕانی ناشۆ بێت.

لای من ”ئەوەی کە نییە هەیە و ئەوەی کە هەیە نییە“ بەڕاست دەزانم، پێم ڕاستییە، بەپێچەوانەی هەموو بیرمەندانی بیردۆزی ناوبراو، ئەگەر ڕاستیی ئەوە بێت ڕۆژاڤای کوردستان سووریا بێت؛ باشووری کوردستان عێراق؛ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێران و باکووری کوردستان تورکیا بێت، ئەم ڕاستییە پاش دەکەمەوە و دژایەتیکردنیشی بە کارێکی هەڵوەشاندنەوە نابینم.
بەلای کوردی ئاگامەندەوە بەهیچ جۆرێک ئەم ڕاستییەی کە ملکەچە بۆ جۆرێک لە کەتوارێکی دروستکراو بە ڕاستیی نازانێ. چونکە داگیرکەران لەڕێگەی مێژوویەکی درۆ و لە ڕێگای چەندان هەوڵی جۆراوجۆر، کەتوارێکیان سەپاند بەسەر کوردستاندا و دواتر لە ژێر چوارپارچەی لەیەک دابڕاو و دروستکردنی کەلێنی گەورە لە نێوانیان، کەتوارێکی ناچاریی و درۆینەیان سەپاند بەسەرماندا تا ئەو ئاستەی کوردی بێئاگا لەژێریدا هەرسی کرد و ملکەچی بۆی نواند.
کوردی ئاگامەند ئەم ڕاستییە پاش دەکاتەوە و نکۆڵی لەوانە ناکات کە بەرامبەرەکەی بە ناڕاستیی دەزانێ. عێراقیبوونی من ڕاستییەکی دروستکراوە کە ناتوانێ نکۆڵی لە کوردبوونم بکات و بە ناڕاست و نادروست تایبەتمەندیی بداتێ. بۆیە ئێمە جیاواز لە هەموو کەسێکی تر کە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستییدان، دۆزیومانەتەوە و دژایەتی دەکەین. دژایەتیکردنی ڕاستیی تەنها بۆ کوردێکی دوژمندار لە هەر چوار لاوە دروستترین کارە.
لەژێر پێناسەکانی کردارخوازیشدا دەردەچین، چونکە ئەوەی ئەزموون دەکرێ ئەگەر ڕاستیی بێ ئەوا منێک کە عێراقیبوونی زۆرەملێم ئەزموون کردووە و کوردێکیش کە کراوە بە ئێرانی و ئێرانیبوونی بە هەمان شێوە ئەزموون کردووە یان بەهەمان شێوە کوردانی باکوور و ڕۆژاڤای وڵات کە تورکبوون و سوریبوونیان لەسەر هەمان بنەما ئەزموون کردووە، لامان نەبۆتە ڕاستییەک گەرچی بەسەرماندا سەپێندراوە. بەڵام پاشدانەوەی ئەم ڕاستییە چنراوەی دەستی داگیرکەران دەرخەری ئەمەیە کە کوردی ئاگامەند دژایەتی کردووە و دەیکات. ئەوەشی لە ژێر لێ پێچینەوە و ئەزموونەوە بە تێپەڕبوونی کات ڕاست دەبێتەوە و دەبێتە ڕاستیی، دووبارە کوردی ئاگامەند ئامادە دەکات بۆ دژایەتیکردن چونکە ئەزموونی ئێمە لەگەڵ ئەم ڕاستییە سەپێنراوە زۆرداریيە ڕوونە و لامان وایە هەرگیز ڕاست نابێتەوە و هەرس ناکرێ، مەگەر ئەو کاتەی بە دوادانەوەی ئێمە کۆتایی پێ دەهێنرێت و خۆمان ڕاستییەکی نوێ دەنووسینەوە.
ئەگەر ڕاستیی پرۆسەگەلێکی درێژمەودای کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کولتوورییە و لە دواجاردا شێوە دەدات بە کۆمەڵگە، ئێمە بە هەموو جۆرێک دژبەریی ئەم ڕاستییەین چونکە ئەو شێوەدانە بە کۆمەڵگەی کوردستان لە سەرانسەری کوردستان، بەدەستی داگیرکەر هەرسکراو و پەسەند نییە و نامانەوێ، بەم شێوەدانە بە کۆمەڵگا و نەخشەی کوردستان دڵشاد نین و هەرگیز لەبەرچاومان ناتوانێ خۆی ڕاست بنوێنێ.
ئەگەر ڕاستیی ئەمەیە کە خەڵکی ڕێک دەکەون لەسەری یاخود لە ڕێگای پێکهاتن و ڕێکەوتنەوە دروستی دەکەن، ئەرکی یەکەمی ئێمە ئەوەیە دژایەتی ئەم ڕێکەوتن و پێکهاتنە بکەین کە دوژمنانی کوردستان (تورک و عەرەب و فارس) لەگەڵ یەک یان لەگەڵ جیهان پێکی دەهێنن و ناوی دەنێن ”میساق“ و دواتر گوایە دەڵێن ئەمە ڕاستییە.
پێچەوانەی ڕیچارد فاینمان (Richard Feynman)ی ئەمریکی کە دەڵێ ئێمە هەرگیز ناتوانین دڵنیا بین کە ڕاست دەکەین، دەڵێم ”ئێمە دەتوانین دڵنیابین کە ڕاست دەکەین“ کاتێک کە دژایەتی ئەو ڕاستییە سەپێنراوە دەکەین کە هەرگیز ڕاستیی نییە.
لەدواجاردا و لە بنەڕەتدا ئاگامەند پێی وایە ئەگەر ئەو ڕۆژەی بە دوادانەوەکانی توانی ئەم ڕاستییە سەپێندراوە پووچەڵەی دوژمنانی کوردستانی بسڕێتەوە، وەک بیرمەندانی هەموو جیهان کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، دادەنیشێت و لە ژێر سێبەری یەکێک لە دارەکانی نیشتیمانی یەکپارچە، ئەمجارە پێناسەیەک بۆ ڕاستیی دەکات و دەڵێت:
ڕاستیی هیچ نییە جگە لە دروستکراوێکی دەستی مرۆڤ!

**ئەلەند محەمەد**




## بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخواز لەباشووری کوردستان

ئەمڕۆ لەجیهاندا هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی گرینگی یەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی  بتوانن خۆیان لەهەر ڕووداو، و پێشهاتی سیاسی بپارێزن ویەکێتی و یەک ڕیزیان هەبێت. بۆئەم مەبەستەش بابەتی ناسیۆنالیزم ڕۆڵی ئێجگار گرینگ دەگێڕیت. وڵاتانی داگیرکراو بۆ دەرپەڕاندنی داگیرکەر لەسەر خاکی خۆیان پشت بە تیۆری ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخواز دەبەستن. ئایدۆلۆژیایی ڕزگاری دەتوانێت هەموو ئەندامانی نەتەوەیەک کۆبکاتەوە، بۆ وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسین. ئەندامانی ئەو نەتەوەیە هۆشیار کاتەوە لە وشیاری ساختەی دروستکراو لەلایەن داگیرکارەوە، ئەو یەکێتی یە دەوری کاریگەردەبینێت بۆدەوڵەت هەم لەڕووی سیاسی هەمیش لەڕووی کۆمەڵایەتی.
بیرۆکەی ناسیۆنالیزم باوەڕی وایە هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە پارچەخاکێک کۆنترۆڵ بکات. کۆمەڵێک کەس لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم هەستی هاوبەشیان هەبێت، ئەوا نەتەوە پێکدەهێنن. کاتێک گرووپێک وەک نەتەوە پێناسەی خۆی دەکات، مافی سروشتی خۆیەتی دەوڵەت نەتەوەی هەبێت.  ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیزم بانگەشەی ئەوە دەکات نەتەوە بێ هەبوونی خاک ناتەواوە. لەڕووی جیۆپۆلۆتیکی نادادپەروەریە ئەگەر نەتەوەیەک خاکی خۆی نەبێت یان ڕێگەی پێنەدرێت، خاوەن خاک بێت و حکومڕانی تێدا بکات.
کەوابوو مادام ئیدیۆلۆژی ناسیۆنالیزم باوەڕی بەوە هەیە  نەتەوە بێ هەبوونی خاک ناتەواوە، دەبێت نەتەوە خۆی تێدا باڵادەست بێت. چین ئەو لەمپەرانە، لە پێش ئیدیۆلۆژی ناسیۆنالیزمێکی ڕزگاریخوازانە لە کۆمەڵگەی  باشووری کوردستان هەن؟
سەرەڕای، ئەوەی لە باشووری کوردستان دەرفەتی باشتر بەبەراورد لە پارچەکانی تر لەڕووی بەکارهێنانی چاند، زمان و بیرکردنەوەی ئازاد زیاتر هەڵکەوتووە، بەڵام هێشتا ئیدیۆلۆژی زۆربەی تاکەکانی لە چوارچێوەی عێراقیبوون وعێراقچێتی دەسوڕێتەوە، بۆچی؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە پێویستە لە پاشخانی زەینی ئەو ئیدیۆلۆژیانە بڕوانین کە دەگەڵ ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخواز پێکدادەدەن.

لێرەدا پاشخانی دوو ئیدیۆلۆژی دەخەمە بەرباس:
١.ئیسلامی سیاسی: لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمایی ئیسلام یەک ئۆمەتە (ئومەی ئیسلامی) پەرەی بە تێکەڵاوکردنی ئیسلام و سیاسەت داوە، بەدەرلەوەی شەپۆلێکە لەهەناوی کوردستانەوە دەرنەچووە. خەسڵەتی ئیسلامی سیاسی باوەڕی بە نەتەوە سازی کوردی نییە، هەر بۆیەش هەوڵی کاڵکردنەوەی ناسنامە کوردیەکان دەدەن. یەکێک لە دامەزرێنەرانی (ئیخوان موسلیمین)، حەسەن بەننا دبێژێ دەبێت ڕێبەریەتی ئیسلام لەدەستی عەرەب بێت، ئەو ڕۆژەی عەرەب ڕێبەری ئومەی ئیسلامی لەدەست دا بەرەو دواوە ڕۆیشت. بۆ وان نەتەوە لە پلەدووە و ئیسلام لەپێش ترە.
زۆربەی ئەو بیرمەندانەی کاریان بۆ برەودانی ئیسلامی سیاسی کردووە عەرەب بوون، میناک( ئەبو حەلای مەولوودی، حەسەن بەننا و سەید قوتب) کاریگەریان لەسەر ئەو ڕەوتە فکریە هەبووە.
٢. عێراقچێتی(عێراقیبوون): دەوڵەتی عێراق دوای ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا، هەر لەسەرەتای دامەزرانی و هاتنە سەرکاری مەلیک فەیسەڵ وەک پاشای عێراق. مەلیک ، ساتح ئەلحسری دەکات بە بەڕێوبەری پەروەردەی عێراق، ناوبراو کاریگەری مەزنی لەسەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی هەبووە. الحسری خۆی دەڵێت ئینگلیز دوایی کرد زمانی کوردیش زمانی ڕسمی بێت، بەڵام من بە بیانووی ئەوەی زمانی دین نییە و بۆ پەروەردە ناشێت ئەو داوای ئینگلیزم بەجێنەگەیاند. پاشخانی مێژووی دەوڵەتی عێراق هەر لەساتەوەختی دامەزرانیەوە تا ئەو خولەکەی ئێمە تێدا دەژین، لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمێکی عەرەبی دامەزراوە، هەمیشەش لافی برایەتی کورد و عەرەب لێدەدەن.
دوو نهێم دژە ناسیۆنالیزمی کوردی ڕزگاریخواز. بۆ لێکدانەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم پرسە پشت بە تیۆری ڕەخنەی ئیدیۆلۆژی دەبەستم.
ڕەخنەی ئیدیۆلۆژی: پێشتر ئیدیۆلۆژی لەلایەن، دیستۆدی تراسیەوە باس کراوە. لەبەرهەمەکانی مارکس و زۆر بیرمەندی تریش خۆی نواندووە. ئیدیۆلۆژی وەک سیستمێکی واتایی-کۆمەڵایەتی لە هێندێک دال پێکهاتووە. ئەو دالانە تەنیا هەندێک دەنگ یان وشەی نووسراون هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ مەدلوولەکانی خۆیان یەک دەگرنەوە. پێش ئەوەی کە ژاک لاکان تیۆریی خۆی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول بخاتە ڕوو، تیۆریستە پێکهاتەباوەڕەکان (سۆسۆر و ...) پێیان وابوو دال و مەدلوول پەیوەندییەکی نەپچڕاویان پێکەوە هەیە و ئەو دووانە وەک دوو ڕووی دراوێکن. بەڵام لاکان دوو داهێنانی کرد: یەکەمیان ئەوە بوو کە دال لە مەدلوول گرینگترە و دووهەمیان ئەوە بوو کە دال و مەدلوول تەنیا لە پوان دۆ کاپیتۆ (خاڵی دروونەوە)دا یەک دەگرنەوە؛ ئەویش بە شێوەیەکی کاتی. ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی سە قامگیربوونی واتا، دالێکی دیکەیە کە لاکان پێی دەڵێت "دالی گەورە" ؛ دالێک کە خۆی بێ مەدلوولە بەڵام دەبێتە هۆی یەکگرتنەوەی دالەکانی دیکەی نێو سیستمی واتایی لەگەڵ مەدلوولەکانیان.
لاکان خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ باسی ئیدیۆلۆژی ناکات لێ ژیژێک تیۆریی لاکانی بۆ ناسینی ئیدیۆلۆژییەکان بە کارهێناوە. ئەو پرسیارەی کە ژیژێک لەمەڕ ئیدیۆلۆژی دەیخاتە ڕوو ئەوەیە: چ شتێک یەکرێزی دەبەخشێتە هەرێمێکی واتایی ئیدیۆلۆژیک؟ وڵامی ژیژێک ئەوەیە کە هەر بوارێکی ئیدیۆلۆژیک لە ڕێگەی پوان دۆ کاپیتۆوە سەقامگیر دەبێ.
بۆڕوونکردنەوەی مەبەستی لاکان و ژیژێک میناکێک پێویستە: بۆ وێنە، ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزم لەبەر چاو بگرین. ئەو ئیدیۆلۆژییە چەند دال لە خۆ دەگرێ: نیشتمان،یەکێتیی خاک، سروود، ئاڵا و ... هەموو ئەو دالانە لە دەوری یەک دالی گەورە کۆ دەبنەوە، ئەویش "نەتەوە"یە. واتە ئەگەر نەتەوە نەبێ ئەوانە واتایان نابێ. بەڵام دالی نەتەوە خۆی دالێکی بێ مەدلوولە. واتە خۆی دیمەنێکی تایبەت لە مێشکدا ناخوڵقێنێ بەڵام دەبێتە هۆی خوڵقاندنی دیمەنی تایبەت بۆ داله کانی دیکه
ئەوبانگەشانەی ئیسلامی سیاسی وعێراق دەیکەن بۆ ئەوەی سوژەی تاکی کورد بەوابەستەی سەردەست بمێنێ ئەمانەن:
١.کورد و عەرەب بران
٢. ئیسلامی سیاسی لەسیمبوولە نەتەوەیەکان دەدات، وەک ئەوەی نەورۆز هی کافرانە، هتد.. بەمەش یەکێک لە پێکهێنەرەکانی نەتەوە لەناو دەبات لە پێناو ئامانجی سەردەست.
٣.ئەگەر کورد داوای مافی سەربەخۆیی بکات دەستی سەهیۆنی زایۆنیزمی لەپشتە.
٤.شەڕی ئابووری لەگەڵ کورد دەکات یەکێک لە میکانیزمەکانی نەدانی موچەیە کە ساڵانێکە پاتەی دەکاتەوە، لەپێناو ئامانجی ئەوەی قەوارەی سیاسی هەرێم لاواز بکات و خەڵک باوەڕ بهێنن ژیان لە چێوەی عێراقدا باشترە نەک هەرێمێک نەتوانێت بژێوی دابین بکات.
ئەوانە و زۆر هۆکاری تر، کە بەری خۆری ڕزگاریخوازی تاریک دەکەن.
کاری هەردوو تەوژمەکە زەقکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی،گەورەکردنی ناسنامەی عەرەبییە. لێرەدا بەپێی پاشخانی مێژووی هەردوو ئایدۆلۆژیا، دالی گەورە عەرەبە، یەکپارچەی خاکی عێراقە، نەک کوردستان هەر بۆیەش کاری ئیسلامی سیاسی بۆ برەودان بە ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازی کورد نییە، ئەوان باوەڕیان بەشتێکە بەناوی ئومەی ئیسلامی و بەربەست بۆ هەر هەوڵێکی ڕزگاریخوازانە ساز دەکەن، لەپێناو ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست.
بۆ ئەوەی ئەو بەربەستانە نەمێنن دەبێت ڕێگری لەزاڵبوونی ئەو دوو نهێمە بگیرێ.

## سەرچاوەکان


کەریمی، ئەییووب (٢٠١٥). پێکهاتەی ئیدیۆلۆژی کوردایەتی. وەرزنامەی ژیوار، ژمارە ١٩ و ٢٠. لل ٣١-٣٦.

.Introdution to Geopolitics, London: Routledge .(٢٠١٦) Flint, Colin





**گوڵشەن دلێر**




## نەخۆشی تای خوێنبەربوون

مێژوو: ئەو ڤایرۆسەی دەبێتە هۆی تای خوێنبەربوون بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٤ لە کریمیا دۆزرایەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ناوی لێنرا پەتای خوێنبەربوونی کریمیا، دواتر لە ساڵی ١٩٥٦ نەخۆشییەکی هاوشێوە لە وڵاتی کۆنگۆی دیموکرات دۆزرایەوە، لە ساڵی ١٩٦٩ دەرکەوت کە ڤایرۆسی کریمیا و کۆنگۆ هاوشێوەن، بۆیە ناوی هەردوو ناوچەکەی پێوە لکێندرا.

نیشانە و لێکەوتەکانی نەخۆشی تای خوێنبەربوون:

کەسی توشبوو بەم ڤایرۆسە لەناکاو نیشانەکانی تێدا دەردەکەوێ. لەوانە توشی تایەکی بەرز و ئازاری ماسولکەکان و سەرگێژخواردن و ئازاری مل و ڕەقبوونی مل دەبێ، لەگەڵ پشت ئێشە، سەرئێشە، ئازاری چاو و هەستیاری بە ڕوناکی. هەروەها لەسەرەتاوە هێڵنج، ڕشانەوە، سکچوون و ئازاری سک و ئازاری قوڕگیان دەبێ. وە بە گۆڕانی باری دەرونی و سەرلێشێواویدا تێپەڕدەبن و هەروەها توشی زەرتک (زەردوویی) دەبن.

نیشانەکانی تر وەك خێرا لێدانی دڵ و ئاوسانی لیمفە گرێیەکان، ئەوەی مەترسیدارە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی نەخۆشییەکە، خوێنبەربوونی کۆنترۆڵنەکراو لە دەم و لوت و چاو و پێست و لەشی توشبوو ڕوودەدات، کە زۆرجار لە ڕۆژی چوارەمی نەخۆشییەکەدا دەست پێدەکات و نزیکەی دوو هەفتە بەردەوام دەبێت. ڕێژەی مردن بەهۆی تای خوێنبەربوون نزیکەی ٣٠٪یە و زۆرجار مردن لە هەفتەی دووەمی نەخۆشییەکەدا ڕوودەدات.





کەسی تووشبوو به تای خوێنبەربوون



ئاژەڵی تووشبوو به تای خوێنبەربوون



کەسی تووشبوو به تای خوێنبەربوون

## هۆکاری توشبوون:

٢-هەبوونی بەرکەوتە لەگەڵ خوێن و گۆشتی ئاژەڵە توشبووەکان لە کاتی سەربڕین و ڕاستەوخۆ دوای سەربڕین.
٣-بەرکەوتن لەگەڵ خوێنی کەسی توشبوو.
٤- ئەم ڤایرۆسە دەکرێت لە نەخۆشخانەکانیش توشی مرۆڤ ببێت ئەگەر ئامێرە پزیشکییەکان بە ڕێکی پاکژ (تعقیم) نەکرابن، یاخود دەرزی دووبارە بەکاربهێنرێتەوە بەڵام ئەگەری ڕودانی ئەمە کەمترە

چارەسەرکردن: لە ئێستادا چارەسەرێکی بنبڕکراو و ڕاستەوخۆ نیە بەهۆی نەبوونی ڤاکسین.

خۆپارێزی:

١-ڕێگەنەدان لەگازگرتنی گەنە.
٢-پۆشینی بەرگی تایبەت لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵان و سەربڕین و چاککردنی ئاژەڵان(بەتایبەت لەو ناوچانەی گەنەی تێدا دەژیت).
٣-بنبڕکردنی گەنە لەڕێگەی ڕشتنی دژەمێرووله.
٤-دورکەوتنەوە لەکەسانی توشبوو بە نەخۆشی تای خوێنبەربوون




ئەحمەد موحەممەد



# جەوهەری (بوون) لە هزری سیاسی هاوچەرخدا؛ مارتن هایدگەر وەك نمونە

## ئایا ئێمە لەبەر ئەوەی "بیر" دەکەینەوە "هەین"، یان لەبەر ئەوەی "هەین" بۆیە "بیر" دەکەینەوە؟

## پوختە


گەورە فەیلەسووفی شۆڕشگێڕی ئەڵمانی مارتن هایدگەر، یەکێکە لە بیرمەندە گەورە و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم کە بەهۆی هایدگەرەوە بە سەدەی بوونگەرایی ناسراوە، کایەی کاریگەرییەکانی تەنیا لە بوارەکانی فەلسەفەدا سنووردار ناکرێن. هزری هایدگەر و بۆچوونەکان ڕۆڵێکی بنچینەییان هەبووە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پۆست-مۆدێرنیزمدا. خەمی سەرەکی هایدگەر لە فەلسەفەدا بابەتی "بوون" و "بنەڕەتی بوون"ە. هەر بۆیە لێکۆڵینەوەکانی تایبەتە بە «بوون» و بنەڕەتی بوونی مرۆڤەوە، هەرچەندە تێگەیشتن لە نووسینەکانی کارێکی ئاسان نییە.ئەم توێژینەوەیە بە گرنگیدان بە پرسی بنەڕەتی «بوون» و ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی،لە (فەلسەفەی بوونگەرایی) مارتن هایدگەر دەکۆڵێتەوە.. بۆ تێگەیشتن لە جەوهەری بوون لای هایدگەر ئاماژە بە شیکردنەوەی پێکهاتەی دازاین (Dasein) دەدات کە زاراوەیەکی دانسقەیی هایدگەرە بۆ بوونی مرۆڤ، هەروەها گرنگی دەدات بە بەردەوامیدان بە پرسی «بوون»، لە کاتێکدا کە بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی فەلسەفەیە، کەچی لای زۆرێک لە فەیلەسووفان پشتگوێ خراوە تا ئەو کاتەی لە فەلسەفەی مارتن هایدگەردا هەوڵی بوژانەوەی دەدرێت، توێژینەوەکە لە ڕەخنەی هایدگەر لە مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی، بەوەی کە سەرەتاییترین و گرنگترین پرسیاری فەلسەفی لەبیرکردووە دەکۆڵێتەوە. هاوشان باس لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی هزری هایدگەری دەکات، چونکە هایدگەر لە بوارەکانی فەلسەفە، ئەدەبیات و هونەردا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە، بۆ دووبارە پرسیارکردن و گەڕان بەدوای جەوهەری «بوون» لەناو گوتاری فەلسەفی و بەتایبەتی فەلسەفەی بوونگەرایی لە ئێستادا.



## ووشە سەرەکییەکان:

(بوون، خودێتی، دازاین-"Dasein"،ناسکار-"Sujet"، هێرمۆنێستیك، پووچگەرایی)

## پێشەکی

ئێمە بۆ ئەوەی لە چەمکی بوون تێبگەین، دەتوانین چەندین ڕێگا ببڕین تاوەکو نزیک ببینەوە یا ئاشنا ببین بە مانای ”بوون“. فەلسەفە بە یەکێک لە سەرەکیترین ئەو ڕێگایانە دادەنرێت، بۆ گەیشتن بە ”بوون“.
«بوون چییە؟» ئەو پرسیارەی مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە خەریک کردبوو، لە کاتێکدا پرسی «بوون» بابەتی سەرەکی و بنەڕەتییە لە فەلسەفەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، زۆرجار گرنگی پێنەدراوە، پشتگوێ خراوە، یان بە تەواوی لەبیرکراوە. مارتن هایدگەر، وەك یەکێک لە فەیلەسووف و بیرمەندە سەرەکی و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم، بە شکستی فەلسەفە لە ئەوروپا ئاماژەی پێداوە. هەوڵیدا ئەم پرسیارە لەبیرکراوە بهێنێتەوە بەر باس، بە پەرەپێدانی ئۆنتۆلۆژیای بوونگەرایی، بەوەی ناوەندی فەلسەفەکەی لەسەر بابەتی «بوون» و بوونی مرۆڤ یان (دازاین) بوو. لای هایدگەر، جەوهەری بوون و لێکدانەوەی بوونی مرۆڤ پرسێکی بنەڕەتییە، و تەواوی فەلسەفەکەی داگیر کردووە.
هایدیگەر لە دەقێکی خۆیدا نووسیویەتی : (دوو زمان بۆ فەلسەفاندن هەیە، زمانی یۆنانی و زمانی ئەڵمانی). بەو قسەیە گوزارشت لەوە دەکات کە فەلسەفە و کێشە ئاڵۆزەکانی، زیاتر لە ڕێی زمانی ئەڵمانی و یۆنانیەوە گوزارشتیان لێدەکرێت. ئەو دەیگووت لە کۆندا زمانی گریك زمانی فەلسەفە بووەو لە ئێستاشدا، زمانی ئەڵمانی توانای ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە فەلسەفییانەی هەیە.
ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی بوونگەرایی هایدگەر دەکات، گرنگی بە جەوهەر و مانای «بوون» و لە هەمان کاتدا، هەوڵی بەبیرهێناوەی پرسی لەبیرکراوی «بوون» دەدات. ئامانج لێی ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە هایدگەر لە ڕێگەی شیکاری (دازاین) چۆن لە جەوهەری بوون تێدەگات، هەروەها ئەم تێگەیشتنە چۆن ڕێڕەوی بیری فەلسەفی هایدگەر ئاراستە دەکات.
هەوڵی شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی هایدگەر لەسەر بیرمەندانی بوونگەرایی دوای ئەو، دەدات. هەروەها ڕۆڵی هایدگەرییش بەدەر لە فەلسەفە ،و لە بابەتەکانی تردا دەخاتە بەر باس. و هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی پرسی بوون لەناو گوتاری فەلسەفی ئەمڕۆدا بەئاگا بهێنێتەوە، وەك ئەوەی ئامانجی هایدگەر بوو لە سەدەی بیستەمدا.

## ئامانجەکان:-

توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی گرنگ دەگرێتەخۆ:-

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لە شیکردنەوەی تێگەیشتنی هایدگەر لە جەوهەری بوون (sein) وەک پرسیارێکی سەرەتایی لە فەلسەفەدا و لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە بوونگەراییەکان.
شیکردنەوەی مانای بوون لە ئۆنتۆلۆژیای بوونگەرایی هایدگەردا، لەڕێگەی ڕۆڵی (دازاین)ەوە.
وردبوونەوە لە رەخنەکانی هایدگەر بەتایبەتی، لەوەدا کە پرسی بوون بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەبیرکراوە.
بەردەوامیدان بە توێژینەوەی فەلسەفی، بەتایبەتی فەلسەفەی بوونگەرایی بوژاندنەوەی پرسی بوون و بوونی مرۆڤ لە چوارچێوە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و بوونگەراییە هاوچەرخەکاندا بە ئیلهام وەرگرتن لە چوارچێوەی ئۆنتۆلۆژیای هایدگەرەوە.

## پرسیارەکانی توێژینەوە:-

لەسەرەتادا ئەم توێژینەوەیە بە سێ پرسیاری سەرەکی دەست پێدەکات و لە ناوەڕۆکیشدا هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات، پرسیارەکانیش بریتیین لە:-

مارتن هایدگەر چۆن جەوهەری بوون لە فەلسەفەی بوونگەرایی خۆیدا دەخاتەڕوو، بەتایبەتی لەڕێگای شیکاری (دازاین)ەوە؟

بۆچی هایدگەر پرسی بوون وەک بابەتێکی بنەڕەتی فەلسەفە، بە لەبیرکراو لە فەلسەفە بەتایبەتی لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا دەبینێت؟

## ١- بەشی یەکەم:- فەلسەفەی بوونگەرایی و بوونگەرایی هاوچەرخ

### ١.١- بوونگەرایی «الوجودية» چییە؟

لە سەرەتادا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە تیۆرییەکی گشتی نییە هەموو بوونگەراکان پێوەی پابەند بن.
یەکەمین تایبەتمەندی فەلسەفەی بوونگەرایی، ئەوەیە کە لە (مرۆڤ)ەوە دەستپێدەکات نەك لە سروشتەوە، مرۆڤ بابەتی سەرەکییە لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، بەو مانایەی فەلسەفەی بوونگەرایی فەلسەفەی "خود"ە نەك "بابەت". خود لای فەیلەسووفی بوونگەرا بریتییە لە بوونەوەر بە تەواوی بوونییەوە، واتا ئەم بوونەوەرە بەتەنها خودێکی بیرکەرەوە نییە و بەس، بەڵکو کردەوەسازە و سەنتەری هەست و ویژدانیشە. (Mackwarie,١٨,١٩٧٢).
کەواتە ئەوەی بوونگەرایی گوزارشتی لێ دەکا ئەم ڕەهەندە کامڵەی "بوون"ە کە ڕاستەوخۆ و بەرچاوانە لە کرداری "بوون" خۆیدا دەناسرێ. بوون بەو مانایەی کە ناشێ ئێمە "سروشتێک" یان "ماهییەتێک" بۆ مرۆڤ دیاری بکەین و پاشان لە بارەیەوە ئەنجامگیری بکەین، لە بنەڕەتیشدا هەر ئەم تێڕوانینە بوونگەرایيانەیە کە خەسڵەتێکی ناجێگرانەی پێ دەبەخشێت.
بەم جۆرەی کە سارتەر تەعبیری لەم مەسەلەیەوە کردووە؛ دەڵێت: بوونی مرۆڤ پێش ماهییەتی دەکەوێت، پاشان دەڵێت: مەبەست ئەوەیە لەپێشداو بەر لە هەر شتێک مرۆڤ هەیە و، ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە و، دەچێتە ناو جیهانەوە، پاشان خۆی دەناسێنێت. (Sartre,٢٨,١٠,١٩٤٦).
هەروەکو فەیلەسووفە بوونگەراکان دەڵێن، مرۆڤ کە پێناسە ناکرێ، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو لە سەرەتادا هیچ نییە. ئەو ناتوانێت شتێک بێت، مەگەر دوایی ببێت، ئەوساش بەوشێوەیە دەبێت کە خودی خۆی خۆی دروست دەکات. بوونگەرایی یەکێکە لە قوتابخانە فەلسەفییە سەرەکییەکان کە هەوڵی ئەوە دەدات وەك ئەرکێکی بنەڕەتی لە بوونی مرۆڤ و ئەو مانایە تێبگات کە مرۆڤ دەیبەخشێت بە ژیانی خۆی. بوونخوازەکان پێیان وایە خود (تاك) بەرپرسە لە هەموو شتێکی خۆی و خۆی گەشە بە داهاتووی خۆی دەدات، بە تەواویش خاوەنی بژاردەی سەربەخۆیە. بە دیدی فەلسەفەی بوونخوازی (بوونگەرایی) ، مرۆڤ بەهادارترین و بڵندترین فۆرمی بوونە کە تایبەتمەند و ئاگامەندە و لە بوونی خۆی و جیهان دەکۆڵێتەوە و دەیەوێت لە واتای "بوون" بگات.
فەیلەسووفەکان پرسیار لە مانای ژیان دەکەن و چۆن مرۆڤ مانا و ئامانجی "بوون" لە جیهانێکی ئاڵۆز و هەمەجۆردا بدۆزێتەوە بابەتی سەرەکیی هزری ئەوانی پێکهێناوە. لە بووناسیدا، تاکەکەس بەرپرسیارە لە هەڵبژاردن و کردەوەکانی، و پێویستە مانا بۆ ژیانی خۆی درووست بکات لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەدەستی بهێنێت. (Kaufman,٥٨,١١,١٩٥٦).



## ١.٢ خەسڵەتە بنچینەییەکانی بوونگەرایی

ئەزموونی بونگەرایی واتە ئەزموونی زیندوێتی ژیان، و ئەم ئەزموونە بوونگەراییە، لە فەیلەسوفێکەوە بۆ فەیلەسوفێکی دیکەی بونگەرایی جیاوازە، لە لای یاسپەرس، ئەزموون لە شێوەی درککردنە بە (بوون)، لە لای هایدگەر، ئەزموون لە شێوەی ( هەنگاوانە بەرەو مردن)، بەم جۆرە فەلسەفەی بوونگەرایی، بەهۆی ئەزموونگەری ژیانەوە، بە شێوەیەکی گشتی، شێوازێکی تاکەکەسی لە خۆ دەگرێت.
بابەتی سەرەکی لە خودکردنی فەلسەفی لەلای بوونگەراکان (بوون)ە، لەسەر شێوەیەکی تایبەت بە بوونی مرۆڤ خۆی لەناو بووندا. بوونگەراکان وای دەبینن کە تەنها مرۆڤ خاوەنداری (بوون)ە، بەڵام ئەگەر ڕاستتر بڵێین، مرۆڤ خاوەندارێتی بوون ناکات، بەڵکو خۆی خودی خۆیەتی، خۆی بوونی خۆیەتی. زۆر بە کەمیش وشەی (مرۆڤ) بەکار دەهێنن، بەڵکو بە دەستەواژەی دیکە ئاماژەی پێدەکەن، وەک (هەبوو - بوون)، (من - خود).
بوونگەراکان بە شێوەی کرداریی چالاک دەڕواننە (بوون)، ( بوون پێکنایەت، بەڵکو لە ئازادیدا خۆی دەهێنێتە بوون) واتە (بوون) خۆی دێتە بوون، یاخود خۆی (ئەبێت). بوون هەردەم ناتەواوە، هەردەم وەک لە حاڵەتی دەستپێکردندابێت وایە، (بوون) دەستپێکردن و پێشوازیکردنە.
لەم ئاراستە کردارییەدا، بوونگەراکان مرۆڤ بە خودییەکی پەتی دەزانن، نەک شێوەیەکی دیار. هەروەها بوونگەراکان بە مانای ”هێنەرەبوون“ لە خود تێدەگەن. واتە مرۆڤ خۆی خۆی دەهێنێتە بوون، خۆی خودی خۆیەتی، خۆی ئازادی خۆیەتی. وێڕای ئەمەش لە لای بوونگەراکان مرۆڤ ڕاستییەکی ناتەواوو کراوەیە، مرۆڤ لە کرۆکی خودی خۆیدا، وابەستەی تەواوی جیهانی دەرەوەی خۆیەتی، بە تایبەت وابەستەی مرۆڤەکانی دیکەیە. Mackwarie,٣٤,١٩٧٢)).
هەموو بونگەراییەکان، جیاوازییکردن لە نێوان خود و بابەت ڕەت دەکەنەوە، بەهای زانینی هزریش لە بواری فەلسەفەدا کەم دەکەنەوە. وای دەبینن کە زانینی ڕاستەقینە لە ڕێگەی هزرەوە بەدەست نایەت، بەڵکو دەبێت مامەڵە لەگەڵ ڕاستی ژیاندا (واقع ـreality) بکرێت. ئەم هەڵسوکەوتە یان ئەم ئەزموونەش، بە تایبەت بە دوو دڵی دێتە کایەوە، یان بە تاقیکردنەوەی دڵەڕاوکێ، بەمەش مرۆڤ درک دەکات کە هەبوویەکی سنووردارو ناتەواوە، هەروەها درک بە بارودۆخەکەی دەکات لەناو جیهاندا، ئەم جیهانەی کە هەڵدراوەتە ناوی، لە کۆتاییدا درک دەکات کە هەنگاو دەنێت بەرەو مردن. (Mackwarie,٤٧,٢٠,١٩٧٢).



## ١.٣- بوونگەرایی لە سەدەی بیستەمدا (بوونگەرایی هاوچەرخ):-

بوونگەرایی هاوچەرخ فکرێکی نوێی فەلسەفی سەدەی بیستەمە کە کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لەسەر کولتوور و فەرهەنگ و ژیانی تاک. ئەم بزاڤە دواتر قوتابخانەی تایبەت بەخۆی دادەمەزرێت و هەر یەک لە فەیلەسەوفانی وەک سۆرین کیرکەگارد و نیچە و سارتەر و هایدگەر و چەندەهای تریش دەگرێتەخۆ.
لە ڕاستیدا سۆرین کیرکەگارد (١٨١٣-١٨٥٥) بە باوکی بوونگەرایی نوێ دادەنرێ، ئەو یەکەم بیرمەندی ئەورووپییە پێی بوترێ بیرمەندی بوونگەرا (ئێگزیستانسیالیست). (Sartre,١٩٥٦,٧٠,٩٠). نووسینەکانی کیرکەگارد لێکۆڵینەوەن سەبارەت بە مرۆڤ لەرووی ناخو ناوەوەدا، و پێشتر تێفکرینی فەلسەفیانە ئەو شێوە دۆزانەی نەخستونەتەڕوو، چەمکەکانی "بوون" و "تاکەکەس" و "مرۆڤی ئاوارتە" چەمکی سەرەکی لە بیرکردنەوەی کیرکەگاردییان پێکدەهێنا، هەروەها "خودێتی" "subjectivity" و هەستیارێتی ببوونە پێوەری حەقیقەت و ڕەسەنایەتی لای ئەو(Dim,١٩٦٦,٨١) بەپێی ئەم بۆچوونە ئێمە تەنها لەو چرکەساتانەی بوونمان دەگەینە "ڕاستی" "Reality" کە چرکەساتی قووڵ و چڕن.
کرۆکی فەلسەفیی بنچینەیی ڕێبازی بوونگەرایی کە مەسەلەی بوونە بە بەرەنجامێکی سەدەی بیست دەژمێردرێ، ئەو سەدەیەی کە بە لەخۆبێگانەبوون (نامۆبوون) و نیگەرانی و تێکشکان و بێبەهایی نەریتەکان دەناسرێ. کارەکانی کیرکەگارد لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەرز نەنرخێنران، بەڵکو لە سەدەی بیستەمدا گرنگییان پێدرا. واتا گومان لەوەدا نییە کە کیرکەگارد بیرمەندێک بوو پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو، بەڵام یەکێک لە (کۆنترین) پرسیارەکانی کردە خاڵی (دەسپێکردن)ی ڕامانەکانی خۆی، کە ئەویش پرسیاری ("بوون" چییە؟ )یە،بە بۆچوونی کیرکەگارد نەک بە تەنها پێویستە هەموو کەسێک ئەم پرسیارە بکات، بەڵکو ناچارە کە ژیانی خۆیشی بە وەڵامێکی "خودی"ی ئەم پرسیارە بزانێت. ئەم پێداگرتنەی کیرکەگارد لەسەر "خودێتی" گرنگترین بەشداریکردنی ئەوە لە فەلسەفەدا.
فریدریش نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠)ش لە پێکهێنانی فەلسەفەی بوونگەرایی هاوچەرخدا بە ئەندازەی کیرکگارد گرنگی هەیە. هەم هایدگەر و هەم یاسپەرزیش بە وردی سەبارەت بە فەلسەفەکەی نیچە نووسیوییانە و لە سەرهەڵدانی بوونگەرایی هاوچەرخدا بە کەسێتیی سەرەکییان لە قەڵەمداوە. لە مێژووی فەلسەفەشدا بە شێوەیەکی گشتی ، لەبەرئەوەی نیچە کۆتایی بە چاخی کلاسیک دەهێنێت لە فەلسەفەی خۆرئاوادا و دەبێتە ڕێنومایکەرێک لە جیهانێکی نوێی نامۆدا کە جیهانی ئێستامانە. (Nietzcje,١٩٠١,٤٠,٥٢).
کارل یاسپەرز (١٨٨٣-١٩٦٩) کە پزیشکێکی دەروونی بوو و گەورە بیرمەندێکی ئەڵمانییە لە پاش هایدگەر بە نوێنەری سەرەکی فەلسەفەی بوونگەرایی هاوچەرخ لە ئەڵمانیا دادەنرێ هەرچەندە خۆی ئەو نازناوەی ڕەتکردەوە، یاسپەرز بایەخێکی زۆری بەوەدا کە خۆی ناوی نابوو( هەڵوێستە سنووردارەکان)ی ژیان. دەڵێ "لەم جۆرە هەڵوێستانەدایە کە حەقیقەتی باڵابوون transcendence لە بەردەمی مرۆڤدا واڵا دەبێت". (Jaspers,١٩٣٨,١٣,٢٩)
هەروەها ناکرێت باسی فەلسەفەی بوونگەرایی بەتایبەتی بوونگەرایی هاوچەرخ بکەین بەبێ ئاوڕدانەوە لە فەلسەفەی بوونگەرایی فەرەنسی، هەرچەندە لقە نامەسیحییەکەی ئەم فەلسەفەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونگەرایی ئەڵمانی بەتایبەتیش بوونگەرایی هایدگەر، ئەم بوونگەراییە فەرەنسییە لای ژان پۆڵ سارتەر (١٩٠٥-١٩٨٠) دەبینینەوە، لە زۆر ڕووەوە لە فەلسەفەکەی نیچەوە نزیکە..(کمال،١٦٢،٢٠٢٢). لەبەر ئەوەی ئەگەر جیهان بێ یەزدان بێت، مرۆڤ تیایدا جێی یەزدان دەگرێتەوە، مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی و باری هەموو جیهان لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، بەهۆی ئەوەی بەرپرسیارە بەرامبەر جیهان و بەرامبەر خۆی، بەوپێیەی شێوەیەکی "بوونە".
لە پاڵ سارتەریشدا، دەکرێ ناوی ئەلبێرت کامۆ(١٩١٣-١٩٦٠) بهێنین. کە پەرەی بە جۆرێک لە بوونگەرایی دا سەبارەت بە "پووچی" و "نامەعقول" "Absurd" بوو و واش وەسفی کرد کە دژی ئیمانە "Anti-theist" پتر لەوەی بێ ئیمان بێت. (Camus,١٩٤٢,٧٥,٩٣)
لە کاتێکدا بوونگەرایی لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا تا ئەوپەڕی لە پەرەسەندندا بوو، شێوازی بیرکردنەوەی بوونگەراییانە جگە لەم دووە لە وڵاتی تریش پەیدابوو. بۆ نموونە بیرمەندی ئیسپانی میگیل دۆ ئۆنامۆنۆ (١٨٦٤-١٩٣٦)، و بیرمەندی ڕووسی نیکۆڵای ئەلایکساندرۆڤیچ بێردیاییف(١٨٧٤-١٩٤٨). (احمد،١٩٩٦،٧٨،٤٤)
بەم جۆرە فەلسەفەی بوونگەرایی هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە،لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تێفکرینی مرۆی، وردە وردە فۆرمەلە بوو.
گرنگە ئاماژە بە جۆرێکی تر بوونگەرایی فەرەنسی کە شەقڵی شەخسیی وەرگرتووە، فەلسەفەکەی مۆریس بلۆندل (١٨٦١-١٩٤٩) ڕێی بۆ جۆرێک لە بوونگەرایی کەسگەرایی (الشخصانیە) خۆشکرد. بلۆندل لە کتێبی "کردار-L,action " دەڵێت :- خاڵی سەرەتا لە فەلسەفەدا نابێ لە 'من بیردەکەمەوە'دا بۆی بگەڕێین، بەڵکو لە 'من دەکەم'دا. (بلوندل،١٩٨٣،٢٠).
نەی کە هەڵدراوەتە ناوی، لە کۆتاییدا درک دەکات کە هەنگاو دەنێت بەرەو مردن. (Mackwarie,١٩٧٢,٢٠,٤٧).

## ١.٤- کێشەکانی بوون (Ontology) و زانین (Epistemology) :-

کێشەی زانین { ئەپستمۆلۆجی} بە شێوەیەکی توندوتۆڵ بە کێشەی بوون {ئەنتۆلۆجی} ەوە بەستراوەتەوە.
هەموو لافلێدانێکی زانین دەبێ گوزارشتێکمان بداتێ سەبارەت بەوەی هەیە و نییە، لە کاتێکدا هەموو گوزارشتدانێک لە واقیع لافلێدانی زانیینە، لەبەر ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەش زەحمەتە بزانین ئاخۆ ئەو قسەیە چ مانایەکی هەیە کە دەگووترێ زانین بەر لە بوون کەوتووە بە مانایەکی دیکە { ئەپستمۆلۆجی} پێش {ئەنتۆلۆجی} کەوتووە، یان بە پێچەوانەوە.
بەردەوام فەلسەفە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بووەتەوە.
لە سەردەمی تازەدا کێشەی زانین پێش خراوە، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە (دیکارت- لەڕووی ئەقڵگەرایی) و (لۆکیش- لە ڕووی ئەزموونگەرایی)ەوە جووڵەیەکی بە هێزییان بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لە بنچینەکانی زانین و تێگەیشتنی مرۆیی بەخشی.هەرچەند "کانت"یش بەر لە هەر شتێك لە مەرجەکان و سنوورەکان و ڕادەی ڕاستیی زانینی بە شێوەیەک کۆڵییەوە کە کاریگەری لە هەموو فەلسەفەکانی دواتری خۆی کرد. ئێمە ئەتوانین بە چی "یەقین" بزانین؟ ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتی بوو، کەسییش مافی ئەمەی نەبوو ( باوەڕی باو لای زۆرینە وابوو) بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە پرسیاری تر لە واقع بکات.
بەڵام بە سەرهەڵدانی "بوونگەرایی" ئەم نەزمە باوە ئاوەژوو بۆوە و گومان لە ڕەوایەتی و سەروەرێتی تیۆری زانین کرا کە بۆماوەیەکی زۆر درێژخایەن باڵا دەست بوو.
لە فەلسەفەی بوونگەراییدا بوونی مرۆیی خاڵی دەستپێکردنی دانپیانراوە.
کە ئەمەش مانای "بیرۆکە"ی بوونی مرۆیی نییە، بەڵکو بوونی زیندوو کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەو پێیەی بوونەوەری مرۆیین پەیوەندیی پێوە دەکەین. لەبەر ئەوەی ئەم فەلسەفەیەش لە واقیعەوە کە (بوونی مرۆییە) دەسپێدەکا، بۆیە کێشەی زانین دوای ئەو سەرهەڵدەدات و بە دوای کێشەی بووندا دێت و، هەروەك هایدگەر دەڵێت''زانین جۆرێکە لە بوون کە سەر بە "بوون -لە- جیهاندایە"، پاشان لە سەری دەڕوات و دەپرسێت کە ئاخۆ ئەم دەستەواژەیە کێشەی زانین ڕەت ناکاتەوە ، واش پێدەچێت کە بە مانایەك لە ماناکان ڕەتیکردبێتەوە. (نیکفر،٢٠١٣،٧٥،٤٣)
یەکەم هەنگاویش کە دیکارت لە ئەنجامگیرییەکەی نای، عادەتەن وا سەیرکراوە کە بەهێزترین پاساو هێنانەوەیە لە فەلسەفەدا، کە دەڵێت ("من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم") cogito,ergo,sum"" گومانی قووڵیشم جۆرێکە لە بیرکردنەوە کە بەڵگەیە لەسەر بوونم) (Descartes, ١٦٣٧, ٢٢).
بەڵام فەیلەسووفە بوونگەراکان ڕەخنە لەم پاساوە کلاسیکییە دەگرن و بە ئەبستراکت وەسفی دەکەن، من لە بنەڕەتدا خودێکی بیرکەرەوە نیم، بەڵام من بەر لە هەموو شتێك بوونەوەرم، بوونیش شتێکی زۆر فراوانترە لە بیرکردنەوە و پێش ئەویش دەکەوێت.فەیلەسووفە بوونگەراکان دەیانەوێت ئەم پاساوە هەڵاوگێڕبکەنەوە و بڵێن :"من هەم، کەواتە من بیردەکەمەوە". بەڵام مەبەستی چییە کە دەڵێت: "من هەم"؟، مەبەستی لەوەیە کە من بە شێوەیەک هەم دەتوانم خودی خۆم تێپەڕێنم..
بەڵام ئەوەی کە لە چەمکی بووندا شاراوە بوو، لە باسکردندا بۆ جیهان و بوونەوەرانی تر ڕوونتر بۆوە. ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە هیچ بوونێکی مرۆیی نییە بە بێ جیهان و بەبێ بوونەوەرانی تر.ئەمەش لەمەدا ڕوون دەبێتەوە کە ناسینی جیهان و ناسینی ئەوانی تر بەبێ "بوون" مومکین نییە. بوونی تۆ بە تەنها مانای ئەوە نییە کە تۆ جەستەیەکت هەیە، بەڵکو بە واتای ئەوە دێت کە تۆ جەستەیت و لەڕێی بوونتەوە وەك دەستەیەك ئیدراکی هەستی و (هەست و سۆز) و توخمە پێکهێنەرەکانی تری "مەعریفە"ت دەبێت، کاتێ بە بوونەوەرێک دەڵێین جەستەیە، واتا یەکەیەکی دەروونی-جەستەییە. دیسانەوە فەیلەسووفی بوونگەرا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لە دوالیزمی دەروون و جەستە دەستپێدەکات.(کەمال،٢٠٢٢،٥٦)

## ٢-بەشی دووەم:- شیکردنەوەیەك بۆ چەمکی «بوون»
## ٢.١- مانای «بوون» چییە؟

پرسی بوون” تەوەری بیرکردنەوەی گەلێ لە فەیلەسووفان بووە لە ڕابردوودا. لە ڕاستیدا، بەرلەوەی سوکرات و ئەفلاتوون توخمی ئەقڵانیەت بهێننە ناو فەلسەفەوە، فەیلەسووفان لەگەڵ ”مەسەلەی بوون“دا دەستەوئێخە ببوون و پرسیاری ئەوەش کە مانای زیندووبوون چییە و بوون چی دەگەیەنێت، زۆربەیانی سەرسام کردبوو.(١٩٧٢,١٧,٣٦,Mackwarie).

یەکێک لە کێشە گرینگ و سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی بریتییە لە بنەڕەتی بوون، ئەم کێشەیە لە بنەڕەتدا لەگەڵ فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفەدا بوونی هەیە.هەر لە سەرەتاوە شوێنکەوتووانی بیرکردنەوەی فەلسەفی هەوڵییان داوە دوورترین و بنەڕەتیتر بدۆزنەوە، بنەڕەتەکەشییان بە بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەر داناوە، لە پاش ئەرستۆوە گەڕان بەدوای بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەردا بە مێتافیزیك ناسراوە ، لە مێتافیزیکی هایدگەردا بنەڕەتی لە بنەڕەرت بە دەر زەمینەی هەموو شتێکە، بوونی هەموو شتێک لەسەر ئەم زەمینە ڕادەوەستێت و لە زەمینەکەی دادەبڕێت، یان زەمینەکە ڕاستەقینە و بوونێکی بەرز و ژوورتری نییە.”بێ بنەڕەتی” ئەم ”بنەڕەت“ەش سەرەنجامێکی زەرووریيە. پرسی «بوون» هەر لە سەدەکانی پێش زایینییەوە تا ڕۆژگاری ئەمرۆمان پرسێکی ئاڵۆز بووە هەم لای فەیلەسوفان و پیاوانی ئاینی و زاناکانیش کە تا دەگاتە سەردەمی ئەمرۆمان، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە گەڕان بەدوای «بوون» و بنەڕەتەکەی، و ماناکەی، کاڵ بووەتەوە، کەمتر جێی سەرنج و بایەخی فەیلەسووفان بووە، هەر ئەمەش وای لە هایدگەر کرد کە بە قەیرانێکی فەلسەفی ناوزەندی بکات. بۆ نموونە لەلای فەیلەسەفانی یۆنانی کۆن «بوون» کردەی بوونێکی باڵاترە کە ئەوان زیاتر ئەم ڕێگە بیرکردنەوەیان لە ئەفسانەکانەوە وەرگرتووە. لە لایەکی ترەوە ئاینە جیاوازەکانی وەک ئاینە هیندۆسیەکان و مەسیح و ئیسلام سەرچاوەی «بوون» دەگەڕێننەوە بۆ بوونێکی باڵاتر و بە دەسەڵات ڕەها و بێخەوش، هەموو کار و کردەوە و ڕووداوەکانیش پەیوەستن بەو «بوونە باڵا»یەوە. (علی،١٩٩١،٢٣،١٩).

کرۆکی فەلسەفەی بوونگەرایی گەڕانەوەیە بۆ بوونی تاک وەک سەنتەر لە ناو ژیاندا واتا خاڵی سەرەکی بابەتی فەلسەفەکە بوونی ئینسانی و هەموو ئەو حاڵەت و بابەتانەیە کە پەیوەستە بە تاکەوە، بزاڤی بوونگەرایی مانیفێستکردنی ئازادی تاکە و گرینگیدانە بە فەردیەت و گەڕانەوە بۆ پرسیارە وجوودیەکان.(کەمال،٢٠٢٤،٣٠). یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی قوتابخانەی بوونگەرایی گرنگیدانە بە پرسی «بوون» و «ماهیەت» کە مشتومڕێکی مێژوویی لەسەرە، هەر لە فەلسەفەی یۆنانیەوە هەتا ڕۆژگاری ئەمرۆمان، باسەکەش لێرەدا گرینگیدانە بەم پرسە لە فەلسەفەی بوونگەرایی و بە تایبەت لای مارتین هایدگەر. لەسەرەتادا لای فەیلەسەوفانی وەک ئەفلاتون و ئەرستۆ و ئایینە ئاسمانییەکان بڕوایان وایە کە (ماهییەتی مرۆڤ پێش بوون)ی دەکەوێت، بە واتایەکی تر مرۆڤ پێش ئەوەی بوونی خۆی لە دنیادا، چارەنووسی بۆ دیاری کراوە و ئەرکی ئەم تەنها گەڕانە بەشوێن ئەم چارەنووسەی کە پێشوەختە بۆی نووسراوە، ئەمەش بووەتە باوەڕێکی بنەڕەتی لای (مرۆڤ) و ماهییەتەکەی پێش بوونی خۆی کەوتووە! بەڵام ئەگەر بنەڕەت بە (بێ بنەڕەت) دانەنرێت و بوونێکی دیکە لە پێش ئەم بنەڕەتەوە هەبێت ئەوا ئەم بنەڕەتە بە ڕاستییەکی لە پێشتر و لە بنەڕەت بەدەر دانانرێت.. لە بنەڕەت بەدەری پێش مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی ئەو بنەڕەتە.بنەڕەتی لە (بنەڕەت بەدەر) جگە لەوەی نابێت بنەڕەتێکی لەپێشتری هەبێت، پێویستە بنەڕەتی هەموو هەبوویەک بێت. هەبووەکان بەبێ ئەم بنەڕەتە نابن و بیریشییان لێ ناکرێتەوە، تەنانەت نەبوونی ئەوانیش لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بنەڕەتەدا دەناسرێت. لەم ڕووەوە بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەر لە هەموو شتێک زیاتر گشتگرە و بناغەی هەمووشییانە. ئەوەی لە هەموو شتێک گشتگرترە تەنها «بوون»ە. کە هەموو شتێک لەسەری ڕادەوەستێت و لەبەر ئەو هەیە، بوونی هەموو شتێک ڕاستەقینەیەکی لە پێشترو بنەڕەتی ئەو شتەیە. (محمد،٢٠١٢،٤١).

لە مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا، بەو جۆرەی هایدگەر ئاماژەی بۆ کردووە، تێگەیشتن لە «بوون» و ڕاستی بوون بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:

لە قۆناغی یەکەمدا، یۆنانییەکان لەمەڕ ئەو بنەڕەتە دوواون «بوون»یان بە (هیچ شتێک) و (هەبوویەک) دانەناوە. «بوون» بۆ ئەوان ئەو ڕاستییە بوو کە لە هەموو شوێنێکدا خۆی دەرخستووە، و بەرجەستە بووە. ئەو بۆچوون و تێگەیشتنە لە واتای بوون ، بە تایبەتی لای پارمەنیدس و فێرگە فەلسەفییەکەی، کێشەیەکی هەرە گرنگی فەلسەفە بووە.
پاش ئەم قۆناغە لەگەڵ سەرهەڵدانی نەریتی مێتافیزیکی ئەفلاتوون و سەرهەڵدانی شارستانییەت و ڕۆشنبیری ڕۆماندا، ڕاستی و واتای ئەو بوونە خرایە پەراوێزەوەو لە بیرچووەوە. لە بری «بوون»، هەبوویەك کە خۆی پێویستی بە بوونە بۆ ئەوەی هەبێت، بەو ڕاستییە و بنەڕەتە لە ژوور هەبووەکانی دیکە دانراوە. ڕۆمانییەکانیش لەبەر کاریگەرێتی ئەم شێوە مێتافیزیکەدا زمانی فەلسەفی یۆنانییان وەرگێڕایە سەر زمانەکەی خۆیان و زۆر زاراوەی گرنگ، واتاکانییان جیاوازتر لێکدراوەتەوە.
بیرکردنەوەی فەلسەفی لە قۆناغی دووەمەوە و لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە هەوڵی داوە لەو کلاوڕۆینییەوە بڕوانێتە ڕاستی بوون.بەشێک لە بوونی بە بنەڕەت و بەرز داناوە. هاوکات، ئەو بنەڕەتەی لە کاریگەرێتی کات و گۆڕانکارییەکان دوورخستووەتەوە و بە ڕاستییەکی چەقبەستوو و هەمیشە نەگۆڕ داناوە.. پاش ئەفلاتوون ئەم نەریتە بەبەردەوامی ماوەتەوە و هەر جارە بەبێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بۆچوونە مێتافیزیکییەکەیدا دەستکاری کراوە. ئەرستۆ (بیری چاکەی ڕەها)، ئەفلاتوون بۆ (سەردەمی هۆشەکی) یان ( جووڵێنەری یەکەم) گۆڕیوە و لە کلتووری ئایینی ڕۆژئاوادا لە سەدەکانی ناوەڕاست ئەم لایەنە بەرزەی «بوون» بووە بە (خوا).(قاضی،١٩٨٣،٦٠)
قۆناغی سێیەم، واتە لە سەردەمی تازەگەرییشدا ئەم نەریتە بەردەوام مایەوە و بوو بە نەریتی دێکارتی، و دوا فەیلەسووفیش نوێنەرایەتی ئەم شێوازە مێتافیزییکییە بکات و ئاوڕی لە (بوون) نەداوەتەوە و ڕاستی «بوون» بۆ لایەنێک نەك هەموو بگەڕێنێتەوە «نیچە»یە.(Mackwarie,٨٤,١٩٥٧)
هایدگەر لەبیرچوون و دەسهەڵگرتن لە «بوون» بە پووچگەرایی (Nihilism) دادەنێت، لە پووچگەرایی «بوون» بە «هیچ» دادەنێت و ئاوڕ لە لایەنێکی بوون دەدرێتەوە و ئەم لایەنە بە (ڕاستی) دەخوێنرێتەوە.
سەردەمی ئەمڕۆش، بریتییە لە قۆناغی چوارەم، لە ژێر کاریگەرێتی هەمان نەریتی (نیچەگەرایەتی) بە دەزگای تەکنەلۆژیا و بیرکردنەوەی ماتماتیکی، خۆی سەقامگیر کردووە. لە نێو ئەم بارودۆخەدا کە (جیهانێکی تاریک)ی پێکهێناوە، جیهانێک تێیدا هەموو (ئازادی و داهێنانک بە ناشرین دەبینرێت) بیرکردنەوەی فەلسەفی و بوونی مرۆڤیش خراوەتە پەراوێزەوە، لێرەوە ئەشێین وەڵامی پرسیاری یەکەم وەربگرین، بەوەی مەبەستی سەرەکیی پرۆژەکەی هایدیگەر لە کتێبی بوون و کاتدا، دۆزینەوەی مانای «بوون»ە بە گشتی، ئەوەی بە شوێنیدا وێڵە سیستمێکی "ئۆنتۆلۆژیی بنەڕەتییە" (Fundamental Ontology ), نەك "ئۆنتۆلۆژی بەشێک یا جۆرێک لە بوون". ئەم سیستمە بە بنەڕەت دادەنرێت، چونکە «بوون» بنەڕەتی هەموو جۆرە بوونەوەرێکە، هەر شتێک هەبێت، جا گرینگ نییە جەوهەرێکی گیانەکی بێت یا ماتەریالی، ئەبێ خاوەنی بوون بێت و لە بنەڕەتدا بوونێکی هەبێت. چونکە «بوون» بنەڕەت و بنچینەی هەموو جۆرە ڕاستەقینەیەکە، بەبێ «بوون» ڕاستەقینەش نابێت. بوون ناخرێتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵەنەوەیەکی زانستییانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی «فەلسەفە»وە ئەتوانین لە ماناکەی بکۆڵینەوە.( کەمال،٢٠٢٢،٢١٢).
بوون لای هایدگەر هەمان جیهانە فۆرمالیستییەکەی ئەفلاتوون و نۆمینۆی کانت نییە، چونکە هایدگەر بڕوای بە ڕاستەقینەی بەرز و ترانسێندەنتاڵی Transcendental بە چەمکێکی نەریتانەی مێتافیزیکی نییە. ئەم بوونە چییە؟ کە هایدگەر بە دوای ماناکەیدا وێڵە، تەنانەت هایدگەر ئەم پرسیارە لە خۆی دەکات و دەیەوێ ماناکەیمان بۆ ڕوون بکاتەوە..

## ٢.٣- بوونیادە سەرەکییەکانی «بوون»:-

کاتێک وشەی "بوون"مان بەسەر بوونی مرۆڤدا دابڕی، پاشان ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، کە ئایا تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرەی «بوون» چین؟ و چۆن لە جۆرەکانی تری بوون وەکوو: شاخ و ڕووەك و گیانەوەر و شتی تر، جیا دەکرێنەوە؟ بە لایەنی کەمەوە دەبێت باسی سێ تایبەتمەندی بکەین:

١- فەیلەسووفە بوونگەراکان لەرووی زمانەوانییەوە وا سەیری زاراوەی «بوون» دەکەن کە دەلالەت لە "دەرکەوتن" بۆ دەرەوە "Standing out" دەکات.ئەوە ڕاستە کە هەموو بوونەوەرەکان هەن، بەو مانایەی لە هیچەوە "دەرکەوتوون"، بەڵام مرۆڤ بە مانایەکی دوورتر لەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو لە نێو هەموو ئەو بوونەوەرانەدا کە دەشێ سەرنجییان بدەین لەسەر گۆی زەوی، تاقە بوونەوەرە کە نەك هەر وەکو بوونەوەرێک "دەردەکەوێت"، بەڵکو بە هوشیارییەوە دەزانێ کێیە و چییە و کێ دەبێت و چی دەبێت.ئەم بیرۆکەیەش ئاماژە بۆ مانایەکی گرنگتر دەکات لە دەستەواژەی "دەرکەوتن بۆ دەرەوە-Standing Out"،چونکە مرۆڤ بە بەراورد بەو حاڵەتەی کە لە هەر ساتێکدا تیایەتی ، بەردەوام دەردەکەوێت، یان دەردەچێت.هەروەها دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ لە بوونیدا "باڵاڕەو" " Transcendent "ە، بەبێ ئەوەی وشەی باڵاڕەوی لێرەدا مانایەکی تیۆلۆژیی هەبێت، ئەمە وشەیەکە کە " سارتەر"یش وەختێ سەبارەت بە مرۆڤ دەدوێت، بەکاریدەهێنێت، قسەکردنییش سەبارەت بە "باڵاڕەوی"ی مرۆڤ دیسانەوە مانای ئاماژەکردنە بۆ ئەو حەقیقەتەی کە دەڵێت مرۆڤ لەهەر ساتێکدا ئەو حاڵەتەی خۆی تێدەپەڕێنێت کە تیایەتی. کەواتە یەکەمین تایبەتمەندیی بنەڕەتیی بوونی مرۆیی، سروشتە ناجێگیرە، هەڵچووە، باڵاڕەوەکەیەتی.

هایدگەر دەڵێت ماهییەتی مرۆڤ لە بووونیدایە، بەڵام سارتەر دەڵێت بوون پێش ماهییەت دەکەوێت، ئەمەش جیاوازی هزری ئەو فەیلەسوفانە نیشان دەدات.( کەمال،٢٠٢٤،١٨٥، ١٧٠)

٢- دووەم خەسڵەتی سەرەکیی بوونی مرۆیی "دانسقەیی" "Uniqueueness"ی بوونی مرۆییە، چونکە ئەو شتێکی بێ ئەقڵ نییە تا کاتێ باسی دەکەین بە ئەو "It" ناوی بهێنین، بەڵکو ئەو بوونەوەرێکە دەڵێت "من".. کاتێکیش بە ڕاناوی یەکەم قسە دەکات، هەر لافی ئەوە لێ نادات کە پێگەیەکی دانسقە و ڕوانگەیەکی دانسقەی لە جیهاندا هەیە،بەڵکو لە ڕێی ئەم ڕاناوەوە ئاماژە بە بوونەوەرێکی دانسقە " Unique Being"ش دەکات. هەندێک لە فەیلەسووفان، هەندێ جار وشەی Mineness ( تایبەتمەندیی خود)یان بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن لە هوشیاری. دانسقەبوونی ئادەمیزاد لەو هەستەیدایە کە خاوەنی تایبەتمەندێتیی ئەو بوونەیە کە خۆی دەناسێت بەوەی کە "من"ە و لە دونیایەکی بچکۆڵەکراو ( مایکرۆکۆزم Microcosm) یان لە (مۆناد Monad) ( گەردیلەی ڕۆحی) دەچێت، وەك "لایبنیتر" ناوی دەنێت، کە سەنتەرێکی دانسقەیە و لە هیچ بوونەوەرێکی تر ناچێت و، تەنیا و دابڕاوە لەوانی دی، بەڵام بە مانایەك لە ماناکان جیهان دەگرێتە خۆی و جیهانیش ئەو دەگرێتە خۆی، کاتێک دەڵێم من ئەم "من"ەم، "یەکێکی تر" نیم.

٣- سێیەم تایبەتمەندی سەرەکی "پەیوەست بوونە بە خودەوە Self-Relatedness"، ئەمەش تایبەتمەندییەکە بەرەنجامی ئەو خەسڵەتانەی پێشووە کە ئاماژەمان پێدان. ئەوەمان زانی کە بوونەوەری مرۆیی وەکو کەسێکی دانسقە بە ڕێگای خۆیدا دەڕوات. ئەو یان خودی خۆیەتی ، واتە ئەو بوونەوەرە دانسقەیەی کە لە جیهانی شتەکان دەردەچێت و لە هەر حاڵەتێکی پێدراو دووردەکەوێتەوە، یاخود خودی خۆی نابێت و لە ناو جیهانی شتەکاندا دەتوێتەوە ( وەک هەر شتێکی تر) و بۆ هیچ شتێکی خۆی بڕیار نادات، بەڵکو فاکتەرەکانی دەرەوە بڕیاری هەموو شتێکی بۆ دەدەن.هەندێ لە بوونگەراکان ئەم دوو توانایە ( ئەم دوو ئیمکانە) ناو دەنێن بوونی ڕەسەن Authentic و بوونی ساختە یا ناڕەسەن Inauthentic. (Mackwarie,١٩٧٢)

## ٢.٤- هەندێ لە بوونگەراکان چۆن لە چەمکی «بوون» گەیشتوون؟

وەك ئەوەی لەباسکردنی بوونگەرایی هاوچەرخدا ئاماژەمان بە کیکەگارد کردووە، ئەوەمان زانی سۆرین کیرکەگارد (١٨١٣-١٨٥٥) بە باوکی بوونگەرایی نوێ دادەنرێ، ئەو یەکەم بیرمەندی ئەورووپییە پێی بوترێ بیرمەندی بوونگەرا (ئێگزیستانسیالیست). (H.D,١٩٦٦,٨١)

وەك فەیلەسووفێکی بوونگەرا، لای ئەو چەمکی «بوون» Existence لە بنەڕەتدا مانای بوونی بەرچاوی دانسقەی کەسێتیی بوونەوەری مرۆیی دەبەخشێ.

هەروەها دکتۆری دەروونی و گەورە بیرمەندی ئەڵمانی یاسپەرزیش، لە بەرهەمێکی گرنگی خۆیدا کە خودی خۆیشی بە کارە فەلسەفییە هەرە مەزنەکەی خۆی تەماشای دەکرد لە ساڵی ١٩٣٢ چاپ و بڵاوی کردەوە، ئەویش کتێبی ”فەلسەفە بوو، لە سێ بەرگ پێکهاتووە بەرگی سێهەمییان ناوی ( ڕۆشنگەرکردنی ”بوون“)بوو. (یاسپرز،١٩٥٩،٢٤)

لای یاسپەرزیش، بوون جۆرێک نییە لە بوون بە کردەوە، بەڵکو بوونێکی هێزەکی (وجود بالقوة)یە، واتا نابێ بڵێ من ”هەم“ بەڵکو دەبێ بڵێ من بوونێکی مومکینم. واتا بوون لای یاسپەرز و کیرکەگارد هاوشێوەی زۆرێک لە بوونگەراکان بە مانای وەدیهاتنی بوونی مرۆڤ دێت.

لە کاتێکدا کرۆکی توێژینەوەکەمان ڕووی لە فەیلەسووفی بەناوبانگ و شۆڕشگێری ئەڵمانی مارتن هایدگەر (١٨٨٩-١٩٧٦) کردووە، کە شاکارەکەی (بوون و کات ١٩٢٧)ی ئەو، بە گەورەترین شاکاری ناسراوی هایدگەر و گەورەترین شیکردنەوە بۆ بوونی مرۆیی کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی بوونگەرایی ئەنجامدرابێت دادەنرێت.، و وەک سەرچاوەی بوونگەرایی سەدەی بیستەم سەیر دەکرێت. (Hidegger,١٩٥٩,٢٠)

بۆ ژان پۆڵ سارتەر بوون هەستکردنە بە سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی، بەبێ ئەوەی چارەنووسێکی پێشوەختەی هەبێت، مرۆڤەکە خودی دەبێت، بەگوێرەی سارتەر سەنتێزی «بوون» بۆ خۆ -بوون لەناوخۆدا (خودا)یە.. ئەو پێیوایە مرۆڤ پێش ئەوەی ماهیەتی هەبێت بوونی هەیە واتا ماهییەتی مرۆڤ دوای بوونی دێت.(Hidegger,١٩٦٢,٧٣). سارتەر فەیلەسووفێکی بوونگەرایی فەرەنسییە تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە کە تێکەڵیەکی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هۆسێرل و فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی مارتن هایدگەر، پێشکەشکرد و سەرەنجامیش کتێبە بەناوبانگەکەی (بوون و نەبوون)ی لێهاتە بەرهەم.

لای سارتەر فەلسەفەی بونگەرایی دەبێت بە دوو بەشەوە:( بونگەرایی مەسیحی کە نوێنەرەکانی بریتین لە: گابرێل مارسێل و کارل یاسبەرز)، لەگەڵ( بونگەرایی بێباوەڕدا کە نوێنەرەکانی بریتین لە مارتن هایدگەر و سارتەر خۆی) و چەند فەیلەسوفێکی تری فەرەنسی. (Sartre,١٩٤٦,٢٩٠)

## بەشی سێیەم:- هایدگەر و بوژاندنەوەی پرسی «بوون»
## ٣.١- مارتن هایدگەر (Martin Heidegger) و فەلسەفەکەی

مارتن هایدگەر(Martin Heidegger) بلیمەتی فەلسەفەی ئەڵمانی و ئەوروپا (١٨٨٩-١٩٧٦) لە شارۆچکەیەکی بچووکی باشووری ئەڵمانیا لە خێزانێکی کاسۆلیکیدا لەدایکبووە، هەربۆیە لە سەرەتادا لە بواری ئیلاهیات، دەستی بە خوێندنی ئەکادیمی کردووە بەنیازی ئەوەی ببێت بە قەشە، لە ساڵی ١٩٠٩ لە زانکۆی فرایبۆرگ وەک خوێندکاری ئیلاهیات لە ژێر کاریگەری پەروەردەی کاسۆلیکی و ئارەزووی بۆ ئایین دەخوێنێت، بەڵام بەهۆی گومانی کەسی و هۆکاری تەندرووستی، هایدگەر لە دەوروبەری ساڵی ١٩١١دا واز لە خوێندنی ئیلاهیات دەهێنێت و روو دەکاتە فەلسەفە، و خوێندنی فەلسەفە و لۆژیک و بیرکاری و زانستە سروشتییەکان، زیاتر سەرنج دەخاتە سەر دیاردەناسی، بەتایبەتی لەژێر کاریگەری بیرمەندانی وەک فرانز برێنتانۆ و ئێدمۆند هۆسرل. گواستنەوەی لە لاهووتییەوە بۆ فەلسەفە سەرەتای پەیوەندی نەپساوی ئەو بوو لەگەڵ پرسیارەکانی وجوودییەت و بوون، کە بوو بە سەنتەری کار و فەلسەفەی ژیانی هایدگەر.

بە قووڵی کەوتووەتە ژێر کاریگەری مامۆستاکەی، (ئێدمۆند هوسەرل )کە دامەزرێنەری (فینۆمێنۆلۆژیا) دیاردەناسیی بووە. هایدگەر وانەی بە هانا ئارێنت، هانس جۆرج گادامر و هێربێرت مارکوزە و هتد... گووتووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٢٧ کاریگەرترین بەرهەمی خۆی بە ناوی بوون و کات (Sein und Zeit) بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە خاڵی بە وەرچەرخان لە فەلسەفەی مۆدێرن دادەنرێت.

هایدگەر جیا لە فەیلەسووفانی پێش خۆی بە دەر لەوەی سەرنجی لەسەر مەعریفە، لۆژیک، یان ئەخلاق و جوانی بوو، بە پرسیاری: «بوون مانای چییە؟» و بنەرەت و مانای (بوون)ی ژیاندەوە، ئەو پێی وابوو کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا ئەم پرسیارەی لەبیر کردووە و، لە کاتێکدا گەڕان بەدوای (بوون چییە؟) ئەرکی سەرەکی فەلسەفەیە.

لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ هەر لە شاری فرایبۆرگ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، بەڵام لە جیهانی فەلسەفیدا بە ڕۆحێکی نەمر ماوەتەوە. بەرهەمەکانی بە تایبەت بوون و کات، مانای بە "بیرکردنەوە" بەخشی لە سەدەی بیستەمدا.

هزری هایدگەری و کاریگەرییەکەی نەک تەنها لە فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی بوونگەراییدا بەڵکو لە هێرمێنۆتیک و ئیلاهیات و ئەدەب و هونەر و چەندین بابەتی تردا بەردەوامی هەیە.

فەیلەسووفی ئەڵمانی لە هەمان کاتدا ناسراو بە شۆڕشگێری ئەڵمانی، مارتن هایدگەر شۆڕشەکەی لە ئەنتۆلۆژی(زانستی بوون) دەبێتە پێناسەی فەلسەفەی سەدەی بیستەم. (رفیعی،٢٠١٥،٤٥،١٥).

لە بەرهەمە سەرەکییەکەیدا (بوون و کات-١٩٢٧) ئاماژەی بەوە داوە کە مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی لەدوای ئەفلاتوونەوە پرسی بوونی لەبیرکردووە، ئەمەش وای لە هایدگەر کرد بانگەشەی قەیرانێکی هزری- واقعی بکات کە ناوی لێناوە (لەبیرکردنی بوون). ڕەخنەگرێکی ڕادیکاڵ بووە، (رحیمی،١٩٧٥،٢٨٨). (لەبیرکردنی بوون)ی وەک شکستێکی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەقەڵەمداوە، لە هەمانکاتدا ڕووی ڕەخنەکانی لە تەکنەلۆژیا بەتایبەتی تەکنەلۆژیای مۆدێرن، کە پێیوابوو جیهان بەرەو ئاراستەیەک دەبا، کە ماناداریێتی لێ دەسەنێتەوە. هایدگەر بە بگۆڕی فەلسەفەی سەدەی بیستەم دادەنرێ، بە بوێرییەکەی بۆ گەڕانەوە بۆ پرسیارە سەرەکییەکەی فەلسەفە دەربارەی( بوون).

لەڕێگای شیکاری وجوودییانەی خۆیەوە بۆ بوونی مرۆڤ ئاراستەیەکی نوێی بوونگەراییانەی لە فەلسەفەدا دروستکرد، لە بەردەوامیدان بە بیرکردنەوە و چۆنیەتی تێگەییشتن لە حەقیقەت و بوون و کات و مانا. لە سەرەتادا هایدگەر کاری لەسەر "بوونی مرۆڤ" کردووە و دواتر کاری لەسەر "بوون" بەگشتی کردووە و ویستوویەتی لە ڕێگای شیکارییەکانیەوە لەسەر "بوون" بگاتە واتای "دازاین" و بوون بەگشتی. ئەمەش بە یەکەم خاڵی جیاکەرەوەی نێوان خۆی و سارتەر دادەنرێت. لە سەرەتادا هایدگەر چەمکی "واتای بوون" بەکار دەهێنێت؛، بەڵام لە نووسراوەکانی دواتریدا چەمکی "ڕاستیی بوون"ی بەکار هێناوە. هۆکاری ئەمەش بۆ 'واتا" دەگەڕێتەوە کە زۆرتر خودی و کەمتر بابەتییە. لەڕاستیدا پرۆژە ئەنتۆلۆجییەکەی هایدگەر تێگەیشتنە لە "ڕاستیی بوون".(جمشیدی،٢٠١٣،١١٠،٦٥).

## ٣.٢- کێشەی لەبیرکردنی «بوون» هایدگەر و شکستی فەلسەفە لە ئەوروپا

لە ساڵی ١٩٢٧دا هایدگەر کە یەکەم شا بەرهەمی فەلسەفی خۆی بە ناوی « بوون و کات» (Sein and Zeit)بڵاوکردەوە ، بەو نیازەی وەڵامی ئەو پرسیارە هەرە گرینگە بداتەوە، "بوون چ مانایەکی هەیە؟" کە لەمرۆدا کارێکی زۆری کردووەتە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بوونی مرۆڤدا ئەنجامدراون لە پاش تازەگەرییەوە.. بە دیدی هایگەر، بیرەباوەڕی فەلسەفیی ئەوروپا تووشی دوو شکست و کەم و کورتی هاتووە، یەکەم: بۆچوونە مێتافیزیکییەکان هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە و گەڕان بە دوای هۆکارێکی هۆشەکیی بڵند و لە ماتەر بەدەر و نەناسراو یان نادیار مرۆڤی ئەوروپای توووشی بێهودەیی و شکست کرد، لەبەر ئەم هۆکارەش مرۆڤی ڕۆژئاوا ڕووی کردە زانست و لێکۆڵینەوە لەسەر سروشت و لە لێکۆڵینەوەکانیشییاندا هەر گەڕان و بۆچونێک زانستانە نەسەلمێندرابایە ئەوا مۆری خورافات و بێکەڵکی و پاشکەوتوویيان لێ دەدا لە مۆزەخانەی مێژوودا دایاندەنا. دووەم، بریتی بوو لەوەی فەیلەسوفەکان لە پاش ئەرستۆوە خۆیان لە ڕاستەقینەی بنەڕەتی "بوون" دوورخستەوە و زیاتر بە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتە سەردەستییەکان خەریك بوون، و بابەتی بوون و پرسیاری بوون فەرامۆشکرا، هەر ئەمەشە کە وای لە مارتن هایدگەر کردووە کە ناوی بنێت شکست یان قەیرانی فەلسەفە لە ئەوروپا. (Hidegger,١٩٢٧,٣٠٦).

سەرهەڵدانی ئەم جیهانە تاریکەی ئێستاش، ئاکامی لەبیرچوون و وازهێنانە لە ڕاستی بوون. نامۆ بوونە لە ڕاستی، کە مرۆڤ تووشی بارودۆخێکی خنکێنەر دەکات و ڕێگە نادات (پرسیاری مەزن) و ڕەسەنانە بکات و لە واتای بوون بکۆڵێتەوە.. سەردەمی تەکنەلۆژیا نامۆیە و و سەردەمی پرسیار نەکردنە. دابڕانی بیرکردنەوەی فەلسەفە لە بابەتە بنەڕەتییەکەی، کە لێرەدا بووە بە لە بیرچوون و بە پەراوێزکردنی بوون یان بە (هیچ) دانانی بوون، بە شێوەیەکی تر لەلای (هیگڵ) باسکراوە. (ابراهیمی،٢٠٠٣، ٥٧). بۆ ئەم بڕیارەش دابڕانەکە نامۆبوونی ئاگامەندییە لە بابەتەکەوە، کە لە ئاکامی توێژینەوە ئەپستمۆلۆجییەکەی (کانت)ەوە سەری هەڵداوە. (فولاندور،١٩٩٩،٥٠٧). ئەم نامۆبوونەش بۆتە هۆی شاردنەوەی ڕاستی.ئەگەر ئاگامەندی لە ڕاستی بوون دابڕێت و نەتوانێت بیناسێت ڕۆڵێکی کردەگی لە گۆڕانی خۆی و داکەوتەکەیدا نابێت. ئاگامەندییەکی نامۆ و ڕاستیناناس دەسەڵاتێکی گۆڕانکاری ون دەکات و لەنێو بارودۆخی (ڕووخان)دا دەژی. کەوابوو، کاتی ئەوە هاتووە سەرەتایەکی نوێ بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی بدۆزینەوە تا لە نامۆیی و ڕووخان ڕزگار بکرێت. سەرەتایەک کە خۆی بە پرسیارە مەزنەکانەوە ماندوو بکات و وەڵامییان بداتەوە. پرسیاری مەزنییش سنوورەکانی بیرکردنەوەی زانستییانە و نەریتی مێتافیزیکی (ئەفلاتوونی) دەبڕێت و خۆی بە بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەر و گشتگیر دادەنێت. بنەڕەتێک کە ئەم یان ئەو شتە نییە، بەڵکو بناغەی هەمووبانە. بنەڕەتێکە هەبووەکان بەبێ ئەو نابن، هاوکات ئەویش نین. مەزنترین پرسیاریش لەم سەرەتا نوێیەدا بە واتای «بوونە» seinfrage ، چونکە بوون، بنەڕەتی هەموو شتێکە بەڵام خۆی بێ بنەڕەتە.پێش مامەڵەکردن لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت بە واتای بوون، پێویستە بزانین هۆی ئاوڕ نەدانەوەی فەیلەسووفەکان هەر لە ئەفلاتوونەوە لە «بوون چییە»، لێرەدا ئەو پرسییارە خۆی دەسەپێنێت ؛ بۆچی «بوون» لە مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا لە ئەفلاتوون لەبیرچووەتەوە و ئەم فەیلەسووفانە ڕوویان لە (هەبوو)یەک کردووە؟ خۆ دوورخستنەوەی ئەم فەیلەسووفانە لە گەڕان بەدوای واتای بووندا لەسەر سێ بنەما ڕاوەستاوە، کە لە وەڵامی پرسیاری دووەمی توێژینەوەکەمان نزیک دەبینەوە، ئەوان لەو باوەڕەدان کە «بوون» (هەمەکیترین چەمکە، بەڵگە نەویستە، پێناسەیش ناکرێت.) ئەم سێ بنەمایە بوون بە دۆگما و هاندەر بۆ لەبیرچوونی بوون. لە پێش هەموویانەوە ئەو خاڵە ڕوون دەکەینەوە کە «بوون» بە چەمك دادەنێت. وەکو دەزانین چەمکەکان بوونێکی بابەتی و سەربەخۆیان لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا نییە.چەمکی بوون، نوێنەرایەتی بوونێکی دەرەکی دەکات.

بنەمای دوووەمی دۆگماکە گوایە بوون بەڵگەنەویستە و ناتوانرێت باس لە شتێک بکرێت تاکوو ئەم شتە بوونی نەبێت لە گەڕان بە دوای واتای بوونمان دوور ناخاتەوە. مەبەست لە توێژینەوەکەمان سەلماندنی بوون نییە بەڵکو لێکدانەوەی واتاکەیەتی.

بنەمای سێیەمیش لەسەر زەمینەی ئەو باوەڕەوە دامەزراوە کە بوون هەمەکیترین چەمکە و چەمکێکی لە خۆی بەرزتری نییە ئەوا بە پێی لۆجیکی ئەرستۆ پێناسە ناکرێت.(اردکانی،٢٠٠٢،١٥٦،٧٥).

چەمکی بوون لە هەموو چەمکێکی دیکە بەرزترە و جیاوازیشی نییە لەبەر ئەمە پێناسە ناکرێت.

هایدگەر بەم جۆرە ئەو سێ بنەمای دۆگمایە هەڵدەوەشێنێتەوە، پێویستکردنی پرسیار سەبارەت بە واتای «بوون» زیندوو دەکاتەوە. (MacIntyrw,١٩٨١,٥٧,٨٦)

بوون بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەری هەموو هەبوویەکە، بوونی هەموو شتێکە، بۆیە پرسیار کردن سەبارەت بە بوون گرانترین و مەزنترین پرسیارکردنە، ئەڵبەت دەبێت وەڵامدانەوەکەیشی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا دروست بکات تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجی Ontology مێتافیزیکیمان سەبارەت بە بوون هەڵبوەشێنێتەوە. (Schonfeld,١٦٤,٢٠٠٧)

ئەو سەرەتایەی لێرە خۆی دەسەپێنت بوونی مرۆڤە ، بوونێکە ئاگامەندانە دەژی و ئاگامەندی ئەم بوونە تایبەتمەندێتی مرۆڤە و جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ هەبووەکانی دیکە و ئەم بوونەدا دیاری دەکات..

## ٣.٣- دازاین (Dasein) مانای «بوون».

هایدگەر لە هەڵبژاردنی ئەم زاراوەیەدا بۆ بوونی مرۆڤ مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە ئەو دەیەوێت گۆڕانکارییەکی فەلسەفی بهێنێتە کایەوە و سەرەتایەکی نوێ لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا بدۆزێتەوە، ئەم کارەش بە پرسیارە مەزنەکەوە سەبارەت بە واتای بوون و لێکۆڵینەوە لە بوونی مرۆڤ، وەکو یەکەم هەنگاونان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەوە بەستراوەتەوە و دۆزینەوەی زمانێکی نوێی فەلسەفییانەیە.
زاراوەی Dasein”" لە زمانی ئەڵمانیدا واتە "لەوێبوون" یاخود بوون-لەوێ. "لەوێ" ئاماژەیە بۆ جێیەکی کەم تا زۆر دوور لێرە. "بوون ئەمە نییە کە لێرە هەیە، بەڵکو ئەوەیە کە دەگات بەوێ" ئەوەیە کە وا لێرەوە بەرەو ئەوێ دەجوڵێت.(Heidegger,١٢٣,٦٧,١٩٦٢).
هایدگەر لە دووتوێی بەشی سێهەمی کتێبی یەکەمی بوون و کاتدا خۆی دەسەلمێنێت و «بوون لەنێو جیهان»دا دەبێت بە شامەرجێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ بوونی مرۆڤ، لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بوونی مرۆڤ (Dasein) دەبەستێتەوە و بە ڕوانین و بۆچونێکی هەرە جیاواز و نا *کارتیزییانە* ( فێرگەی دێکارتی) وەکو دێکارت بوونی مرۆڤ لە جیهان دابین ناکات و بە ناوەڕۆکێکی گیانەکیی دانانێت. (Mackwarie,٩٨,١٩٧٢). لەم مەرجە ئۆنتۆلۆژیەشەوە مەرجەکانی تر. وەکو « بوون -لەگەڵ» و نیگەرانی و هتد... دەردەچن. گرنگی ئەم مەرجە ئۆنتۆلۆژیاییە لەوەدایە کە پێویستە بوونی مرۆڤ لە نێو بوونیادی جیهان و کۆمەڵ و مێژوودا بناسرێت و ئەو هەرگیز لەو مەرجانە جیا نابێتەوە و دابین ناکرێت.
بوونی مرۆڤ ناوەڕۆکێکی گیانەکی یان مۆنادی فەلسەفەکەی لایبنیز نییە سەربەخۆ بێت و پەیوەندییەکی ترازاو و سوکەڵەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا هەبێت ، بوونی مرۆڤ بەبێ جیهان و کۆمەڵ نابێت و نییە!!. دازاین «Dasein» کە زیاتر مانای «بوون» دەگرێتەوە نەک ناوەڕۆکی مرۆڤ (Essence) وەکو بابەتە بەردەستەکییەکانی شتانی وەکو (مێز و کورسی) خاوەنی ناوەڕۆکێکی لەپێشتری نییە کە هێزێکی دەرەکیی مێتافیزیکی بڕیاری لەسەر دابێت و پەیدای کردبێت! ناوەڕۆکی مرۆڤ لە بوونیدایە؛ واتا ناوەڕۆکی دازاین لە بوونیدایە.
ئەم بووونەوەرە هەر خەسڵەتێکی هەبێت ئەوا وەکو خەسڵەتەکانی بابەتە بەردەستەکییەکان نەگۆڕ و چەسپاو نین، بەڵکو کۆمەڵێک خەسڵەتی گونجاوە کە گۆڕانکارییان تێدا ڕوودەدات.
بە حوکمی ئەوەی «دازاین» بوونی مرۆڤ، هۆکارێکی هۆشەکی نییە و ناوەڕۆکیشی پێش بوونی ناکەوێت و خۆرسکێکی نەگۆڕی نییە، ئەوا ئازادە و نووسەری (ڕۆمانی ژیان و ڕووداوەکانی بوونی) خۆیەتی.. هایدگەر بوونی (مرۆڤ- Dasein) هەڵدەبژێرێ بۆ سەرەتای گەشتە ئۆنتۆلۆژییەکەی، چونکە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە لە ڕێی بوونی خۆیی «بوون» بە گشتی ئەکۆڵێتەوە و ئەیەوێ دەرگای نهێنییەکانی بکاتەوە. ئەم هەڵوێستە خاسییەتێکی ئۆنتۆلۆژی ئەدات بە مرۆڤ و ئەیخاتە سەر پلەیەکی بەرزتر لە زیندەوەرەکان و بوونەکانی تر.جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێک بە دوای نهێنییەکانی بووندا وێڵ و سەرگەردان نییە. مرۆڤیش ئەو گەشتەی کە هایدگەر کردوویەتی بە پڕۆژەیەکی فەلسەفی، لە بوونی خۆیەوە ئەخاتە ڕێ.
بۆ هایدگەر پرسیاری سەرەکی پرسیاری ئۆنتۆلۆژییە (ئۆنتۆلۆژیا خوێندنەوەی فەلسەفییانەی "بوون"ە، بە مانا فراوانەکەی، خوێندنەوەیە بۆ ئەو ئایدیا و چەمکانەی ڕاست و پەیوەست دەبنەوە بە بوونەوە) دەربارەی (دازاین) پێش هەر بوونەوەرێکی تر؛ تەنیا لە دازاینەوە دەتوانین لە بوونی هەر بوونەوەرێکی تر تێبگەین، تێگەیشتن لە دازاین تێگەیشتنە لە "خودی بوون". تێگەیشتنیش لە بوونێتیی "بوونی دازاین" بەندە بە تێگەیشتن لە "کاتیبوون"ـی دازاینەوە. (کمال،٢٠٢٤،٢٠١)
کات ئاسۆی تێگەیشتنە لە هەر بوونێتییەك و هەموو تەفسیرێکی بوونێتی، لەم تێگەیشتنە ئەسڵییەی کاتەوە وەك ئاسۆی تێگەیشتن لە بوون وەك کاتمەندییە کە بوونی دازاین لە بوونێتی تێدەگات. "
بوونی ڕەسەنی مرۆڤ بەندە بە تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆژییەوە لەم بوونە-ڕووەو مەرگ. بوون-ڕووەو-مەرگ تاکە ئاراستە و ڕێڕەوی بوونە، لەبەرئەمە بوون مەبەستدارانە ڕووی لە شتەکان نییە، بەڵکو ناچارانە ڕووی لە مەرگە. لێرەوە هایدگەر ئێگۆی ترانسێندنتاڵی جێدەهێڵێت و ئاوڕ لە دازاین دەداتەوە کە هەمیشە بوونەکەی لەوێدایە.
دازاین هەمان بوونی مرۆییە کە ڕووی لە مەرگە، لەم گەشتەدا لێرە بۆ ئەوێ، ئیمکانی بوونەکەی بەدی دێت، چونکە مەرگ تاقانەترین ئەگەرێکە کە بەقووڵی تایبەتە بە من و هیچ کەس ناتوانێت لەمەدا جێگام بگرێتەوە. هایدگەریش سەرجەم ئەو شتانە لە من دەکاتەوە کە لە بوون لەگەڵ ئەوانی تردا پێمەوە هەڵواسراون، تاوەکو ئەو تاکە بنەڕەتە بدۆزێتەوە کە چیتر ناشێت لێم دابماڵرێت. ئەم پرۆسەی داماڵینە لای هایدگەر بە میتۆدی عەقڵانیی ”دیکارت“ی و میتۆدی فینۆمینۆلۆژیی ”هۆسرەڵ“ی ئەنجام نادرێت، پتر کۆششێکی بوونناسانەیە بە ئاراستەی دامەزراندنی بوون لەسەر بنەڕەتی ”مەرگ“، نەک لەسەر بنەمای ”گومان“. (کمال،٢٠٢٢،٢١٣)

هایدگەر یەکەمین هەوڵە بۆ دامەزراندنی "بوونێتی لەسەر بنەمای خودی کۆتایی بوون" و نیگەرانی بەرامبەر ئەو کۆتاییە، بەم جۆرە هایدگەر کەمێک لەولای فەلسەفەکانی ترەوە، کە هەمیشە بوونێتی لەسەر بنەمای بوون (لۆژیک، عەقل، سوبێکت، خودا، ئایدیا، کەماڵ..هتد) دادەمەزرێنن، جێ دەگرێت. ئەم بوون لەسەر بنەمای "مەرگ" واتە لەسەر بەدیهاتن و هاوکات هەڵپەساردنی هەموو ئیمکانەکانی بوون دادەمەزرێنێت، بەو مانایەی گەرچی مەرگ ڕاستەقینەترین ئیمکانی دازاینە، بەڵام ئیمکانێکی کردەیی نییە؛ واتە ئیمکانێکە کە هەموو ئیمکانەکانی تر پووچەڵ دەکاتەوە؛ بەدیهاتنی ئەم ئیمکانە واتای ئەوەیە چیتر دازاین لەوێدا بوونی نەماوە، وەك "هایدگەر دەڵێت:دواکەوتنی بوونەکەی هەڵگیراوە و لەنێو چووە"(Heidegger,٣١١,٣٠٧,١٩٦٢).

بە کردەبوونی ئیمکانی مەرگ و کۆتایی دازاین یەک شتن، بە جۆرێک کە بەدیهاتنی ئەم ئیمکانە دەرگا بەسەر هەموو ئیمکانەکانی دیکەی دازایندا دادەخات. ئەگەر وابێت دازاین ناتوانێت ئەزموونی بەدیهاتنی بوونی خۆی بکات، هەر لەو دەمەی کە دەشێت ئەم ئەزموونە تێیدا ڕووبدات، دەستبەجێ دازاین لەناو دەچێت. هایدگەر چەند شێوازێکی نزیکبوونەوە لەم ئەزموونە دەخاتە ڕوو، بەو مانایەی کە مەرگی ئەوانیترە (کە لێرەدا مەبەستی ئێمەیشە). لەبەرئەوەی دازاین بوونێکە لەگەڵ ئەوانیتردا، ئەوا مەرگی ئەوانیتر، بە شێوەی ئوبێکت، دەتوانن زەمینەساز بن بۆ تێگەیشتن لە مەرگی سوبێکتیڤی خۆی. لاشەی ئەوانیتر، هاوڕێکانمان، دازاینەکانی تر، وەختێك چیتر بوونیان نەماوە، تەنیا مانەوەیەکی ماتریاڵی نییە کە خەمساردانە بخرێنە گۆڕەوە، بەڵکو بوونە بەدیهاتووەکەیان کە خۆیان ئەزموونیان نەکردووە بۆ ئێمە و بۆ دازاینە زیندووەکان مایەی سەرنجە، ئەوان بۆ ئێمە دازاینێکن کە هێشتایش ماونەتەوە: “ئەوەی هێشتایش تەنیا ماوەتەوە و هیچیتر، لە شتێکی ماتریاڵیی بێ گیان زیاترە. ئەوەی ئێمە دەیبینین کەسێکی زیندووی ژیان-بەجێهێشتووە لەبەرئەوەی ژیانی لێ سەندراوەتەوە.Heidegger,٢٩٣,٢٧٧,١٩٤٩) )

## ٣.٤- پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوون لای هایدگەر

- پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوون لای هایدگەر

لێرەدا بە ئاماژەدانێکی پوخت بۆ پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوون کە هایدگەر بۆ تێگەیشتن لە واتای بوونی مرۆڤ ڕیزیان دەکات. لەم ڕێگەیەشەوە درك بە گۆڕانکارییە فەلسەفییەکەی دەکرێت. تێگەیشتنی هایدگەر دەرچوونێکە ئاشکرایە لە نەریتی کۆن بە تایبەتی نەریتی دیکارتی ئەشێین بە شۆڕشکردنێکی فەلسەفی بەسەر ئەو نەریتەدا ناوزەندی بکەین. (جمالی،١٩٩٦،٨٤،٦٩). پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکان بریتین لە:-

## ١- بوون-لە- نێو جیهاندا

مرۆڤ ناوەڕۆکی هۆشەکی نییە و لە شوێنێکی ترەوە فڕێنەدراوەتە ئێرە، بوونێکە لێرەدا (دازاین) و لە نێو جیهاندا ڕسکاوە، بوونی ئەو جیهانییە و بەبێ جیهان نییە و نابێت. بوونی لە نێو جیهاندا پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوونی. ناتوانرێت بیر لە بوونی مرۆڤ بکرێتەوە ئەگەر مرۆڤ لە نێو جیهاندا نەبێت.بوون لە نێو جیهاندا بوونی مرۆڤ لەنێو شوێندا دەردەخات، مرۆڤ بوونێکە هەمیشە لە نێو ”شوێن“-دایە، ئەمەش پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی دیکەیە کە لە پێشمەرجی بوون لەنێو- جیهانەوە وەرگیراوە.

## ٢- بوون - لەگەڵ Mit- sein

بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا، دازاین، کە هەر تاکێک لە ئێمە بەبێ کۆمەڵ نییە و نابێت. بوونی ئەو لەسەر بوونی کەسانی دیکەوە وەستاوە، بوونی کەسانی دیکە پێش مەرجی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوونی مرۆڤ و بوونی مرۆڤیش بوونە لەگەڵ- کەسانی دیکە.

## ٣- تێگەیشتن و زانین وەك پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی

گرنگە لە سەرەتادا ئاماژە بە چەمکی (هێرمێنۆتیک) بدەین، کە زانستێکە مامەڵە لەگەڵ "پرۆسەی تێگەیشتن" دەکات و لە تێگەیشتن و دیاردەکانی دەروون دەکۆڵێتەوە، زانستی هێرمێنۆتیک باس لە بناغە تیۆریەکانی لێکدانەوە و تێگەیشتن و ئەرکەکانی تێگەیشتن دەکات بەڵام هایدگەر لەبری میتۆدی تێگەیشتن، ڕووی لە باسکردنی سروشتی تێگەیشتن کرد. (بوون چییە؟) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە (تێگەیشتن لە بوون چییە)؟ بەو پێیەی تێگەیشتن وەک بابەتی پێکهێنەری مرۆڤ دادەنرێت و بوونەکەی لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، زانینی تێگەیشتن لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ زانینی مرۆڤ. لەم حاڵەتەدا تێگەیشتن لە بابەتی مەعریفەدا دیاردەیەکی لاوەکی نابێت، بەڵکو دەبێتە بابەتی ناوەندی مەعریفەی فەلسەفی. (سرشار، ١٩٩١، ٩٩، ٧٤).

تێگەیشتن پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوونی مرۆڤ، لە هزری هایدگەردا، تێگەیشتن (Verstehen) تەنیا کردەیەکی دەروونی یان مەعریفی نییە، پێکهاتەیەکی ئۆنتۆلۆژیای دازاینە، واتە بنەڕەتییە بۆ خودی بوون.

بۆ هایدگەر تێگەیشتن بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە بەدەستهێنانی زانیاری یان ڕاستییەکانەوە نییە.

کەواتە تێگەیشتن مەرجێکە بۆ ئەگەری لێکدانەوە و مانا و تەنانەت ڕاستی. پێش زانین دێت، نەک لە کاتدا، بەڵکو لە پێکهاتەدا. بەبێ تێگەیشتن، نە لێکدانەوە دەبوو، نە گەڕان بەدوای بووندا.

مارتن هایدگەر زۆری لەبارەی هزر و بیرکردنەوە گووتووە، پێی وایە کە بیرکردنەوە توخمێکی بنەڕەتی بوونەوەی مرۆییە. ئەو بیرکردنەوەی کە هایدگەر زۆر لەسەری دەدوێت ناوی دەنێت "بیرکردنەوەی بنەڕەتی یان" " بیرکردنەوەی جەوهەری" کە لە بوونی گشتیدا ڕەگاژۆ بووە.

## ٤- نیگەرانی- Angst

لێدوان لەسەر نیگەرانییش زۆر پەیوەستە بەو شیکردنەوەیەی کە هایدگەر بۆ "کەوتن" "Ver fallen"ی دەکات، هایدگەر نیگەرانی بە" کەوتن"ەوە دەبەستێتەوە وەك ئەوەی کیکەگۆر بە "ئەسڵی گوناه"ەوە بەستبوویەوە. هەروەها هایدگەر ئاماژەیشی بەوە داوە کە شتەکان لە نێو جیهان لە حاڵەتی نیگەرانییدا دەیانەوێ بفەوتێن، دازاینیش دەزانێت کە ناتوانێت خۆی لە جیهاندا ببینێتەوە، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ناو خۆی و بۆ ئازادییە بێ هاوتاکەی. "نیگەرانی " وا لە دازاین دەکات کە ڕووبەڕووی بوونی- ئازادی خۆی ببێتەوە لە پێناوی "ڕەسەنێتیی بووونیدا" (مظفری‌پور، ٢٠١٧، ١٤٦، ١٣٥).

واتە مرۆڤ، کە دێتە بوون بەم پێشمەرجانەوە دێتە بوون، مرۆڤێک نادۆزینەوە لە جیهاندا نەبێت، یاخود بوونی پەیوەست نەبێت بە مردن و کاتمەند نەبێت. یاخود نیگەران نەبێت. مرۆڤێک بوونی نییە، لەگەڵ ئەوانیتردا نەبێت، یاخود تە نیا هەبێت و ئەوانیتر بوونیان نەبێت(دەکرێت تەنیایی هەڵبژێرێت، بەڵام بوونی وەک لایەنی وجودی پەیوەستە بە بوونی ئەوانیترەوە-ئەوانیتر دەبێت هەبن، بۆ ئەوەی دازاین هەبێت). هەروەها دەکرێت(ویست/هێز/توانا)ش بکرێتە پێشمەرجێک. ئەمەش لەسەر بنەمای سوودوەرگرتن لە ئەرستۆ بۆ غەریزەی "زانین" لای مرۆڤ (حیدری، ٢٠٠٦، ٢٠)، یاخود "هێز" لای نیچە، کە کردبوویە بنەمای بوون (کمال، ٢٠٢٢، ١٤٣)، هەروەک شۆپنهاوەر "ویست و ئیرادە"ی کردبووە بنەما. (Langan, ١٣٤, ١٩٩٩)ئەم پێشمەرجە پەیوەستە بە ویستی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن، هەڵبژاردن، پەیوەندی و زانین، واتە مرۆڤ بەو پێیەی ناتەواوە ئەوا ویست و هێزی خۆتەواوکردن و خۆناسی یا خودناسی هەیە.

بەپێی فەلسەفەی هایدگەر بوونی مرۆڤ ناتەواوو بێ جەوهەرە، یاخود بوونێکی ئەگەربەندە، مرۆڤ بێ جەوهەرو ناتە واوەو ئەگەری لەبەردەمدایەو ئەگەرەکانی بوونی هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بوونی خۆی تەواو بکات.

دکتۆر محەمەد کەمال لە کتێبی 'بوون و داهێنان'دا، "داهێنان"یش وەک پێشمەرجێک زیاد دەکات، کە بێگومان زیادکردنەکەی لۆجیکییە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتەواوە بە داهێنانی ئەگەرەکانی «بوون»ی خۆی تەواو دەکات. مرۆڤ شت نییە تا پڕبێت، بەڵکو ناتەواوو پڕە لە جوڵە و بەردەوام لە هەوڵی داهێنانی ئەگەرەکانیدایە؛ ئەگەرەکانیش دنیایەکی فراوان و کراوەن لەبەردەمماندا و هەڵیاندەبژێرین. (کەمال، ٢٠٢٤، ٩٤، ٧٨)

بەڵام ئەوە هەڵبژاردن نییە، کاتێک چاولێکەری باڵا دەبێت، بۆ نموونە بوون بە دادوەر یان پزیشک و دکتۆر، لەبەرئەوەی خواستی زۆری لەسەرە، نابێت بە هەڵبژاردن، بەڵکو داواکارییە؛ کۆمەڵگا و ئەوانیتر داوایان کردووە. یاخود نووسەرێک ڕۆمان دەنووسێت، چونکە خواستی لەسەرەو بازاڕی گەرمە. لێرەوە کاتێک لەبری هەڵبژاردن، داواکاری و بەجێهێنان دێتە ئاراوە، بوونی نارەسەن دەردەکەوێت، بەڵام بوونی ڕەسەن ئەو بوونەیە، خۆی ئەگەرەکانی بوونی هەڵدەبژێرێت، نەک خواستی ئەوانیتر پێی هەڵبژێرن.

لەگەڵ هەموو ئەو پێشمەرجانەشدا بوونی مرۆڤ لە جیهاندا وەک شتەکانی دیکە نییە، بەڵکو بوونێکی تێگەیشتندارە، واتە خاوەنی تێگەیشتنە، لەبەرئەوەی دەتوانێت پرسیار دەربارەی «بوون»ی خۆی بکات و لە بوونی خۆی بکۆڵێتەوە.

## ٣.٥- کاریگەرییەکانی هایدگەر لەسەر فەیلەسووفانی دوای خۆی:-

لەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لە پێکهێنانی هزری هایدگەردا هەبوو: فینۆمێنۆلۆجی هۆسێرل و بایەخدان بە کێشەی "بوون" کە لە برینتانۆ وەریگرتبوو، هەروەها کارکردن لەسەر زمان ، جێی سەرنجە کە ئەو بایەخی بە فەیلەسووفەکانی بەر لە سوکراتیش داوە. ئێمە لێرەدا باسەکە دەپرژێنینە سەر کاریگەرییەکان و ڕۆڵی هایدگەر.
یەکێك لەو تەوەر و بابەتە گرنگانەی، کە هایدگەر خستییە ژێر پرسیارەوە، پێوەندی نێوان زەین و عەین یان بە واتایەکی تر پێوەندیی نێوان (ناسکار) یا (سوژە) لە فەرەنسییدا "sujet"لەگەڵ جیهانی (دەرەوەدا) بوو. (والیانی،٢٠٢٠،٣٦،٢٥).
هایدگەر لای وا بوو تا ئێستە فەلسەفە لەباتی دووپاتکردن "جەخت" لەسەر هەبوون و چۆنیەتی پێوەندی نێوان خودی مرۆڤەکان جەختی لەسەر پێوەندی نێوان جیهانی دەورووبەر و مرۆڤ کردووەتەوە، لەم ئاراستەیەیشدا کۆمەڵێك پێشمەرجی زەینی، کە بەدرێژایی مێژوو سازبووە وەك پرەنسیپگەلێکی نەگۆڕ لەبەرچاوگیراوە، بەڵام هایدگەر بە نەگۆڕ و ڕەسەنی نەزانیوە.
یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە هایدگەر وروژاندی و ڕەوتی فەلسەفەی ڕۆژئاوای خستە ژێر پرسیار، ڕەتکردنەوەی پێویستی "تیۆری" بوو. تا ئەو کاتە هەموو هەڵسوکەوت و کار و کردەوەیەك، تەنانەت کردەوەی ڕۆژانەیش لەسەر بنەمای تۆڕێك لە تیۆری دەکرێت و جێبەجی ئەبێت. بەڵام هایدگەر بڕوای بە تیۆری نەبوو و بە خستنە ژێر پرسیاری تیۆری ڕێگەی بۆ هاتنە ئارای تەفسیر و هێرمۆنێتیك خۆش کرد. پێویستە ڕۆڵی هایدگەر لە گۆڕانی هێرمێنۆتیکدا بنووسینەوە، کە بابەتێکی گرنگ و مایەی سەرنج خستنەسەرە هایدگەر یەکەم کەس بووە گۆڕانکاری لە زاراوەی "هێرمێنۆتیکی فەلسەفی" لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کرد. ئەو گۆڕانکارییە گرنگەی لە ڕێڕەوی زانستی هێرمێنۆتیکدا هێنایە ئاراوە ئەوەبوو کە هێرمێنۆتیکی لە کایەی ئیپیستمۆلۆژییەوە بەرزکردەوە بۆ کایەی ئۆنتۆلۆژی.
کە لەلایەن کادامێرەوە لە کتێبی میتۆد و ڕاستیدا بەتەواوی ڕوونکراوەتەوە، سەرنجێکی قووڵی داوەتە هێرمێنۆتیکی هایدگەر (کدیور،٢٠١٤،٥٠،١١) هێرمۆنتیک بۆ ئەو تەنها تەفسیرکردنی تێکست و پەرتووك نییە، بەڵکو تەفسیرکردنی بوونی مرۆڤە یان بوونە بە ڕێگای بوونی مرۆڤدا ، تاکە لە بوونی مرۆڤ نەگەین ئەوا لە مانای بوونیش ناگەین.
تێگەیشتنیشی خانەیەکی هۆش نییە، بەڵکو پێش مەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوون(پێشتر ئاماژەمان پێداوە)، ئەگەر مرۆڤ هەبێت ئەوا پێویستە توانای تێگەییشتنیشی هەبێت، تێگەییشتنییش پێش تەفسیرکردن دەکەوێت بەڵکو هەر مەرجێکە بۆ ئەو.
هایدگەر لە زۆر شوێنی تردا، هەر لە تێگەییشتنی چەمکی ڕاستەقینە و زمانەوە تاکوو هۆنراوە و ڕۆڵی هونەر لە نێو کۆمەڵ و بووندا، ڕەتدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی تازەگەرییە و کارتێکردنیشی بە سەر فەلسەفەی (پۆست-ستراکترالیست)ەوە دیارە.لەبەر ئەوە هایدگەر دەروازەیەکی نوێی لە فەلسەفەدا کردەوە و لە نیوەی سەدەی بیست بەملاوە، سەرنجی زۆرێک لە فەیلەسفووف و بیرمەندانی تر، بەتایبەت لە چوارچێوەی فەلسەفەی کیشوەریدا بەلای خۆی ڕاکێشا. بۆ نموونە "میشێل فۆکۆی" فەرانسی دەڵێ: "هایدگەر بەردەوام سەرەکیترین فەیلەسووف بووە،" لای ئەو هەموو هەوڵێکی بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکانی هایدگەر بووە.(Foucault,١٩٩٩).
"جاك دێریدا" دەڵێ: "هیچ بوارێك نەماوەتەوە، کە هایدگەر باسی لێ نەکردبێت و بیری لێ نەکردبێتەوە." (Derrida, ١٩٨٢,٩٧,١٩٢) .
هەروەها"بۆردیۆ" دەڵێت: "هایدگەر یەکەم ئەوینی منە و هێنانە ئارای بابەتی پانتایی کۆمەڵایەتی بە ئەرکی ئەو دەزانێت. (سرشار،١٩٩٩،٣٢٠).
یان " هانا ئارێنت" کە خۆشەویست و هاوسەری نافەرمی چەندین ساڵەی هایدگەر بوو، دەڵێت: "هایدگەر پاشایەکی شاراوە و نادیارە و وەك ڕێوییەك وا بوو، کە چاڵێکی هەڵکەند بۆ مرۆڤایەتی و خۆی و مرۆڤایەتیشی تێخست و تا ئێستەیش هیچیان نەیان توانیوە بێنە دەرەوە. (Arendt,١٩٥٣)
بابەتێکی تر بریتییە لە هونەر لای هایدگەر، "هونەر" یەکێک لەو کایە گرنگ و پڕ مفا و پڕ بایەخانەیە، کە هایدیگەر لە ڕێگەی "ڕاستیی بوون"ەوە ئاوڕی لێ داوەتەوە و چەندین وتار و سیمیناری بۆ هونەر بەگشتی و شیعر و هۆنراوە بەتایبەتی تەرخان کردووە. بۆچی هونەر هێندە جێی گرنگپێدان بووە بۆ هایدگەر؟ هایدگەر کەوتووەتە ژێر کاریگەری "نیچە" لەم ڕووەوە،

”نیچە“ پێی وایبوو هونەر وەکو بەرجەستەبوونی ”ویستی هێز “ ڕەتدانەوەی هیچگەرایەتییە، (Sartre,١٠٤,١٩٤٣). (لە کاتێکدا ئەو سەر بە ڕەوتی پووچگەرایی بوو). بەڵام بۆ نیچە هونەر تەنها فۆرم و شێواز نییە، بەڵکو لە پاڵ فۆرمیشدا واتا بە ژیان دەدات. داهێنانی ”فۆرم“و ”واتا“ هونەرمەند دەکات بە هونەرمەندی فەیلەسوف، ئەرکی هونەرمەند وەك هونەرمەندێکی فەیلەسوفی گەشبین، دەبێتە ئەوەی کە بێهودەییی ژیان بگۆڕێت.تەنها ”ویستی هێزە“ واتا و بەها بە ژیان دەدات، مرۆڤی باڵا و هونەرمەند دەهێنێتە «بوون». بۆیە هایدگەریش هاوشێوەی ”نیچە“ و لەژێر کاریگەریی ”نیچە“دا، هونەر لە ژیانی مرۆڤدا بە پێویستییەکی ڕەها دادەنێت، تاکو ڕەشبینی بەرامبەر ژیان بگۆڕێت.کەوایە لەم شیکردنەوەیەوە دەگەین بەو بڕوایەی ئەوە تەنها بیرکردنەوەی فەلسەفی نییە، کە واتا بە ژیان دەبەخشێت، بەڵکو داهێنانی هونەرمەندانەش دەتوانێت هەمان ڕۆڵ بگێڕێت، چونکە هونەر بۆ ”هایدگەر“ گەیشتنە بە ”ڕاستیی بوون“، نەک لاساییکردنەوە و کۆپیکردن. هونەر و فەلسەفە دوو شێوازی داهێنەرانەن کە دەتوانن ”هیچگەرایەتی“ ڕەت بکەنەوە. هونەر هەر وەکو فەلسەفە لە کاتی نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەدا دەتوانێت بێهودەییی ژیان بگۆڕێت بۆ پێویستییەکی مێژوویی. بۆیە تێگەشتن لە ”هونەر“ زۆر گرنگ و بایەخدارە، تەنها مرۆڤ دەتوانێت خاوەندارێتی لە ”هونەر“ بکات، لەنێو هەموو تاکەکانیشدا تەنها مرۆڤە ڕەسەنەکانن دەتوانن داهێنەرانە بیر بکەنەوە، کە گوزارشت لە دوو جۆر بوون دەکات، داهێنەرەکان و لاساییکەرەوەکان یان مرۆڤی بەرز و مرۆڤی بچووک کە لە فەلسەفەی هایدگەردا بە مرۆڤی ”ڕەسەن“ و مرۆڤی ”ناڕەسەن“ پۆلین دەکرێن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە هەموو مرۆڤەکان ڕەسەن نین و داهێنەرانە ناژیێن، مرۆڤە ناڕەسەنەکان، سەربەستی و ئازادیی خۆیان دۆڕاندووە ناتوانن داهێنەرانە بژیێن، بونیان داگیر کراوە و لەنێو خەڵکانی تردا تواونەتەوە، لە ڕوانگەی خۆیانەوە تەماشای دەوروبەر دەکەن هەموو کەسێک دەبێتە ئەوان و پێیان وایە هیچ کەسێک خودی خۆی نییە. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ڕەسەنایەتی بە ” داهێنان“ دەبەستێتەوە، ئەو ئەنجامە بە دەستەوە دەدات کە تەنها بوونە ڕەسەنەکان هونەرمەندن، یان ئەوەی ناڕەسەنە هونەرمەند نییە. کەواتا هونەر وەک داهێنان لەسەر بوونی مرۆڤی ڕەسەن و سەربەست رادەوەستێت، ئەو مرۆڤانەی سەربەستانە واتا و بەهای جوانی بە ”بوون“ دەدەن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک مرۆڤی ناڕەسەنیش دەدۆزینەوە کە خۆیان بە هونەرمەند دەزانن کە زیاتر کەسانی حزبی و خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراون. داهێنانی فۆرم و واتا هونەرمەند دەکات بە هونەرمەندی فەیلەسوف، ئەرکی هونەرمەند وەکوو هونەرمەندێکی فەیلەسوفی گەشبین، دەبێتە ئەوەی کە بێهودەییی ژیان بگۆڕێت.جیاوازی لەنێوان هونەری ڕەسەن و ناڕەسەن هەیە، ئەم جیاکردنەوەیەش لە سەر پێوەری ڕاستیی «بوون» دادەمەزرێت.هونەری ڕەسەن ”ڕاستیی «بوون»“ دەردەخات، بەڵام هونەری ناڕەسەن ”ڕاستیی «بوون»“ دەشارێتەوە. هونەر دەتوانێ ”ڕاستیی بوون“ ئاشکرا بکات. لەم ڕێگەشەوە دەتوانین پەی بە جوانی هونەر ببەین. هایدگەر کاری زۆری لەسەر هونەر کردووە، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بە چڕی ڕۆچووەتە نێو کایەی هونەرییەوە، وەکو هاوتای فەلسەفە وێنای کردووە، چونکە پێی وابووە، هونەریش هەروەکو فەلسەفە لە واتای ”ڕاستیی بوون“ دەکۆڵێتەوە.

هایدگەر پێی وایە:(کاتێک پرسیاری ڕاستی و حەقیقەت هەموو مێژووی فەلسەفە دادەپۆشێت، مانای وا نییە کە ئێمە نەتوانین ئەم پرسیارە، بە سەر بواری هونەردا پراکتیک بکەین، پێی وایە هونەریش دەستکەوت و جێکەوت و بەرهەمێکی مرۆڤانەیە، بریتیە لە هەوڵ کۆشش و توانای مرۆڤ بۆ گەڕان بە دوای بوونی خۆی ئەوەش لە میانەی خستنە سەری جۆرێک لە ڕاستی بە سەر بەرهەمەکانی خۆیدا ئیتر چ هونەری بن یان زانستی). (پورداوود،١٩٧٦). کاریگەرییەکانی مارتن هایدگەر لە سنووری فەلسەفە تێدەپەڕێت، و بیرکردنەوە لە ئەدەب، هونەر، دەروونناسی، لاهووتییەت و تیۆری ڕەخنەیی دەگرێتەوە . بیرکردنەوەیەکی ڕیشەیی لە بوون ئیلهامبەخش بوو بۆ بیرمەندە سەرەکییەکانی بوونگەرایی و پۆست-ستراکترالیزم. سارتەر بۆ پەرەپێدانی بوونگەرایی خۆی سوودی لە چەمکی «بوون»ی هایدگەر وەرگرت. مۆریس مێرلۆ-پۆنتی تێڕوانینە ئۆنتۆلۆژییەکانی هایدگەری لەبارەی تێگەیشتن و بەرجەستەکردنەوە وەرگرت. لە پۆست-ستراکترالیزمدا، میشێل فۆکۆ و جاک دێریدا کاریگەری ڕەخنەی هایدگەر لە میتافیزیک و شێوازی وێرانکردنی بەسەرەوەیە.

## دەرئەنجام

دەتوانین درك بەوە بکەین کە فەیلەسووفانی بەر لە سوکراتیش بەبێ ئەوەی ئاگایان لە ئالۆزییەکانی فیکری فەلسەفیی داهاتوو بێت، سەرگەرمی جدديانەی وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە بوون،بەڵام لەکاتێکدا هزری ئەفلاتون و ئەرستۆی قوتابیی، تا نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە مەیدانی فەلسەفەدا درێژەی خایاند. بەڵام زیاتر لە سەدەی بیستەمدا و لە فەلسەفەی هایدگەردا کە وایکرد فەیلەسووفان بگەڕێنەوە بۆ ئەو بابەتە سەرەکی و بنەڕەتییەی کە خاڵی دەسپێکردنی هزری فەلسەفی بوو، واتە بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکانی "من کێم؟" و "بوون چییە؟" و هەوڵی بەئاگاهێنانەوەی پرسی «بوون»ی دا و بووە کرۆکی فەلسەفەکەی خۆی و بابەتی سەرەکی زۆرێک لەوانیتر، توێژینەوەکانی مارتن هایدگەر لەبارەی جەوهەری «بوون» ئۆنتۆلۆژین نەك ئەپستمۆلۆژی، واتا بوونناسی یا هەبووناسیین نەك مەعریفەتناسی، بە دووبارە وروژاندنەوەی پرسی بوون، تەحەدای ئەو گریمانە میتافیزیکیانە دەکات کە لە مێژوودا بنەمای بیرکردنەوەی سیاسی بوون واتە لەسەر عەقڵانیزم، بابەتییەوە- Subjective, بەند بوون.
تێڕوانینە ئۆنتۆلۆژییەکانی بە قووڵی کاریگەرییان لەسەر بیرمەندانی وەک ئارێنت، دێریدا، ئاگامبێن و زۆری تر هەبووە و درێژەیان بە ڕێچکەی فەلسەفی هایدگەر داوە. بەم شێوەیە بیری هایدگەر کە ڕەگ و ڕیشەی لە پرسی بووندا وەرگرتووە، بەردەوامی دەدات بە داڕشتنی ڕەخنەی فەلسەفی ژیانی سیاسی هاوچەرخ، لەکۆتاییدا، پرسی «بوون»، و پرسیاری " بوون چییە؟" بابەتی بنەڕەتییە لە فەلسەفەدا، و تائێستا نەتوانراوە وەڵامێکی ڕەهای بدرێتەوە، گەڕانەوە بۆ ئەم پرسییارە بنەرەتییە زەرووره ، بۆیە دەبێت بیرکردنەوەی مرۆیی بەردەوام خەریکی وەڵامدانەوەی بێت.
بیر و باوەڕی فەلسەفیی ئەم بیرمەندە هێندە چڕ و دەوڵەمەندە ، گەلێک نووسەران بە هیگڵی ئەمڕۆی دادەنێن، بەڵگەی ئەمەش لەوەدایە کە هایدگەر نەك بەتەنیا کاری کردووەتە سەر فەیلەسووفە بوونخوازەکانی پاش خۆی، بەڵکو گەلێک زانای ئەمڕۆ مۆرکی هایدگەرییان بەسەرەوەیە.

## پەراوێزەکان:-

* Ontology: بوونناسی یا هەبووناسی، لقێکی فەلسەفەیە، لە بابەتی بوون دەکۆڵێتەوە.
* Epistemology مەعریفەتناسی، یان زانستی زانین، لقێکە لە فەلسەفەدا لە زانین دەکۆڵێتەوە
* Dasein دەستەواژەیەک، هایدگەر دایناوە لەفەلسەفەکەیدا، لە زمانی ئەڵمانیدا واتە "لەوێبوون" یاخود بوون-لەوێ. "
* Subjectivity خودێتی واتە هۆش و فکر و هەموو شتێکە کە پەیوەندیی بە بوونمانەوە هەیە
* Authenticity واتا بوونی ڕەسەن.(Eigentlichkeit)لە ئەڵمانیدا

* Inauthenticity واتا بوونی ناڕەسەن.(Uneigentlichkeit)لە ئەڵمانیدا

* Angst دڵەڕاوکێ
* Dualism دوالیزم یان دووتاگەرای، لێرەدا بە مانای بوونی مرۆڤ دێت، لە خێر و شەڕدا
* Metaphysics ئەودیو سروشت
* Christian Existentialism بوونگەرایی مەسیحی، لقێکە لە فەلسەفەی بوونگەرایی،لەلایەن بیرمەندانی وەک سۆرن کیرکیگاردەوە سەرکردایەتی دەکرا، کە پێیانوابوو ژیانی مەسیحی ڕاستەقینە پەیڕەوکردنی یاساکان نییە، بەڵکو پابەندبوونە لە ناوەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئازارەکانی ژیان بە هیوایەکەوە بە خودا.
* Atheist Existentialism

بوونگەرایی بێباوەڕ لقێکە لە فەلسەفەی بوونگەرایی کە نکۆڵی لە بوونی خودا دەکات و دەڵێ ژیان هیچ مانایەکی سروشتی نییە. بەڵکو دەبێت تاکەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و کردەی ڕەسەنەوە ئامانجی خۆیان دروست بکەن. بیرمەندە سەرەکییەکان بریتین لە ژان پۆڵ سارتەر کە دەیگوت "بوون پێش جەوهەر دەکەوێت"، واتە ئێمە سەرەتا بوونمان هەیە و دواتر لەڕێگەی کردارەکانەوە خۆمان پێناسە دەکەین.

* Phenomenology دیاردەناسی
* Nihilism ،پووچگەرایی، ئەو باوەڕەیە کە ژیان هیچ مانایەکی سروشتی و بەها و ئامانجێکی سروشتی نییە.

# لیستتی سەرچاوەکان:-

## سەرچاوە کوردییەکان:


کەمال،م.(٢٠٢٢) هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، چاپەمەنی مانگ، مەهاباد،٢٣،٦٥،٨٧.

هایدگەر،م. (٢٠٠٥) گفتوگۆیەک لەگەڵ هایدگەردا، وەرگێڕانی محمد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،. ٦٦،٨٩.

کەمال،م.(٢٠٠٣) سارتەر وخوێندنەوەیەکی نوێ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .لا. ٤٦-٨٧

کەمال،م.(٢٠٢٢) نهیلیزم و ڕەهەندەکانی. بیرکردنەوە، چاپەمەنی مانگ، مەهاباد،لا. ٣٥،٥١.

ماکواری،ج. (٢٠٠٧) فەلسەفەی بوونگەرایی«وجوودییەت» وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.لا. ١٠٥،١٠٠،٩٤،٨٠،١٨.


## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


The Myth of Sisyphus. Trans. Justin O'Brien. Paris: Éditions Gallimard. English (١٩٤٢) .Camus, A
.London: Hamish Hamilton (١٩٥٥) translation

٢nd edn. Oxford & Malden, MA: ,Existentialism: A Reconstruction (١٩٩٩) .Cooper, D.E
.Wiley-Blackwell

.Madness and Civilization (Histoire de la folie à l'âge classique). Paris: Plon (١٩٦١) .Foucault, M

.The Order of Things (Les mots et les choses). Paris: Gallimard (١٩٦٦) .Foucault, M

.Truth and Method (Wahrheit und Methode). Tübingen: Mohr Siebeck (١٩٦٠) .Gadamer, H.-G

.Sein und Zeit. Freiburg im Breisgau: Max Niemeyer Verlag (١٩٢٧) .Heidegger, M

.Philosophy of Existence. Philadelphia: University of Pennsylvania Press (١٩٣٨) .Jaspers, K

Existentialism from Dostoevsky to Sartre. Cleveland: Meridian Books (١٩٥٦) Kaufmann, W. (ed.)
.(World Publishing)

The Meaning of Heidegger: A Critical Study of an Existentialist (١٩٥٩) .Langan, T.D
.Phenomenology. New York: Columbia University Press

After Virtue. London: Duckworth; Notre Dame, IN: University of Notre Dame (١٩٨١) .MacIntyre, A
.Press

Existentialism: An Introduction, Guide and Assessment. London: Penguin (١٩٧٣) .Macquarrie, J
.Books

Phenomenology of Perception (Phénoménologie de la perception). (١٩٤٥) .Merleau-Ponty, M
.Paris: Gallimard

.The Will to Power. Posthumous compilation. Leipzig: Kröner Verlag (١٩٠١) .Nietzsche, F

Nietzsche and the Philosophy of Existence. Tehran: (١٩٩٩ ,trans. M.R. Sarshar) .Nietzsche, F
.Negah

.Being and Nothingness (L'Être et le Néant). Paris: Gallimard (١٩٤٣) .Sartre, J.-P

Existentialism is a Humanism (L'existentialisme est un humanisme). Paris: (١٩٤٦) .Sartre, J.-P
.Nagel

.Critique of Dialectical Reason. London: Verso (١٩٥٦) .Sartre, J.-P

The World as Will and Representation (Die Welt als Wille und (١٨٤٤/١٨١٨) .Schopenhauer, A
.Vorstellung). Leipzig: Brockhaus

## سەرچاوە فارسییەکان:-


اسلامی ندوشن، م.ع. (۱۳۷۰) فلسفۀ اگزیستانسیالیسم. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.

خاتمی، م. (۱۳۸٦) درآمدی بر هستی و زمان. تهران: مؤسسۀ پژوهشی حکمت و فلسفه ایران.

کامو، آ. (۱۳۸۰) بیگانه. ترجمه: قاسم روبین. تهران: انتشارات نیلوفر. صص ۱–۱۵٦.

ملکیان، م. (۱۳۸۷) در جستوجوی معنا: مقالاتی درباب اگزیستانسیالیسم و معنویت. تهران: نشر طرح نو. صص ۱–۲۸۰.

نیکفر، م.ر. (۱۳۹۲) مبانی فلسفه علم پزشکی. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.

نیچه، ف. (۱۳٦۵) چنین گفت زرتشت. ترجمه: دکتر محمد قاضی. تهران: انتشارات آگاه.
رفیعی، محمد. (۱۳۹۴). هایدگر: فیلسوف هستی. تهران: نشر نی. صفحات ۱۵–۴۵
رشیدیان، ع. (۱۳۸۲) درآمدی بر هرمنوتیک فلسفی: از متن تا تأویل. تهران: نشر نی. صص ۱۵۰–۲۰۵.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۵۴) اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر. ترجمه: مصطفی رحیمی. تهران: انتشارات نیل.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۵۴) اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر. ترجمه: یحیی مهدوی. تهران: انتشارات امیرکبیر. صص ۵–۱۰۰.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۵۷) تهوع. ترجمه: جلال آلاحمد. تهران: انتشارات آگاه. صص ۱–۲۷۵.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۸۰) هستی و نیستی. ترجمه: عنایتالله شکیباپور. تهران: انتشارات دنیای نو.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۸٦) هستی و نیستی. ترجمه: عزتالله فولادوند. تهران: نشر مرکز. صص ۵–٦۵۰.

هایدگر، م. (۱۳۸۴) هستی و زمان. ترجمەی سیاوش جمادی. تهران: نشر ققنوس.

هایدگر، م. (۱۳۸۵) درآمدی بر متافیزیک. ترجمه: ناصر مهدوی. تهران: انتشارات پرسش. صص ۳۰–۲۱۰.
جمشیدی، سید جواد. (۱۳۹۲). درآمدی بر اندیشه هایدگر: هستی، وجود و زمان. تهران: انتشارات علم. صفحات ٦۵–۱۱۰
داوری اردکانی، رضا. (۱۳۸۱ / ۲۰۰۲). هایدگر و پرسش بنیادین. تهران: انتشارات سخن. صفحات ۷۵–۱۵٦.
مظفریپور، روحالله. (۱۳۹٦ /۲۰۱۷). «بازخوانی مفهوم اصالت در فلسفه هستی (اگزیستانس) با نگاهی بر اندیشەهای کرکگور و هایدگر». پژوهشهای هستیشناختی، دوره ٦، شماره ۱۲، صفحات ۱۳۵–۱۵۳.
کدیور، علی. (۱۳۹۳ / ۲۰۱٤). واسازی و فلسفەی زبان در اندیشه دریدا. تهران: نشر نی. صفحات ۱۰–۵۰



خەدیجە ئەسکەندەر

# گۆڤاری ئەلیکترۆنی
# سەکۆی هزر

## ژمارەی هەشتەم

٢٠٢٥ خەرمانان